کوردستان

نۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٧٤١ شەممە ١٥ی بەفرانباری ١٣٩٧ _ ٥ی ژانوییەی ٢٠١٩

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

وەرزێکی دی لە سەرکوت و زەوتکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان

لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا ١٩٠ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد کوژراون و بریندار بوون

وردەکاریی زیاتر لە ڕاپۆرتێکدا بخوێننەوە ل٣

کوردستانی ئێران

لەبن تیغی هەڵاواردن و پاشخستنی ئامانجداردا

سەروتار

نرخی مرۆڤ لای ئەوان

عەلی بداغی

ڕۆژەکانی یەکەمی بەفرانبار بوو کە ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاپۆرتی وەرزانەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێرانی بڵاو کردەوە. لەو ڕاپۆرتەدا هاتبوو کە هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ئەم وەرزەدا لانیکەم ٧٠ کۆڵبەر و کاسبکاری ناوچە سنوورییەکانیان کوشتووە و بریندار کردووە، بەوەش ژمارەی ئەو مرۆڤە مەدەنی و زەحمەتکێشانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە لە کوردستان بە دەستی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون و بریندار بوون گەیشتە ١٨٥ کەس. ڕێک لەو کاتەدا موحسین ڕەزایی، فەرماندەی گشتیی پێشووی سپای پاسداران لە شەڕی هەشت ساڵە لەگەڵ عێراقدا ڕایگەیاند کە عەمەلیاتی «کەربەلای ٤»، ئۆپەراسیون و تاکتیکێک بۆ هەڵخەڵەتاندنی دوژمن بۆ سەرخستنی عەمەلیاتی «کەربەلای ٥» بووە. ئەم دوو عەمەلیاتەی کە بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان ١٧ هەزار کەس لە هێزەکانی ئێرانی تیدا کوژران و ٢٦ هەزار کەسیش بریندار بوون. ڕەنگبێ یەکەم دەراویشتەی بە یەکگرتنی ئەم دوو ڕووداوە ئەوە بێ کە لای ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەوەی نرخ و بایەخی نەبێ گیانی مرۆڤە، جا ئەم مرۆڤە خەڵکی سڤیل و ڕووتوقووتی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بێ کە بە دەستی هێزە چەکدارەکانی ئەم ڕێژیمە گیانیان لێ دەستێندرێ، یان هێزە چەکدار و پیادەنیزامەکانی سوپاکەی خۆی!

دەراوێشتەکانی دیکەی ئەم باسە دەکرێ ئەوانە بن؛ کە کاربەدەستانی هەرەسەرووی ئەم ڕێژیمە کەسانی تا بڵێی نالایق و تەنانەت خایین بە خەڵکی وڵاتن کە هەموو شتێکیان تەنیا بە ڕبەی ئیدۆلۆژییەکانی خۆیان پێواوە و دوای ئەم هەمووە ڕیسواییەی لە شەڕی هەشت ساڵەدا بەباریان هێنا و پاش ئەم هەمووە کارەساتەی بەسەر خەڵکیان هێنا؛ دواتریش لەباتی ئەوەی وەڵامدەری تاوانەکانیان بن، لە هەرە شوێنەکانی قووچەکی دەسەڵاتدا خۆیان مەڵاس دا. بە دوای ئەمەش سێ دەیەیتر دەسەڵاتی بەڕێوەبەری و ئیدارەی ئەم وڵاتە کە ئێستا ئیدی پتر لە کاولاشێک دەچێ.

لە کوشتن و ئێعدامی دەیان هەزار دژبەری سیاسی و جیابیری ئەم نیزامە سیاسییە کە زووتر و باشتر لە هەمووان بۆیان دەرکەوتبوو وڵات کەوتووەتە بەردەستی چ ڕێژیمێکی چاخی بەردین و مافیایەکی خوێنمژ کە بگوزەرێین، دێینە سەر میراتی چوار دەیە دەسەڵاتی ل٢

چوار پارێزگای، ورمێ، ئیلام، سنە و کرماشان لە ئێران کە دەبنە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە هەژارترینی ناوچەکانی ئیرانن و هۆکارەکەی بۆ سیاسەتی هەڵاواردنی سیستماتیک لەلایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە دەگەڕێتەوە.

ئیلام ئەو ناوچەیەی کە لە شەڕی هەشت ساڵەدا سەرخان و ژێرخانی وێران بوو، لە سێ دەیەی ڕابردووی دوای شەڕیشدا پشتگوێ خرا و لە دواکەوتوویيدا ڕاگیرا. هەر بۆیەشە ئەمڕۆ بە هەژارترین ناوچەی ئێران دەناسرێ و لە ڕووی ئاماری نەخوێندەواری، بێکاری، پەرەنەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی، هەڵاوسان و خەسارەکۆمەڵایەتییەکانی وەک خۆکوژی یەکەمینە.

پارێزگاکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کەم و زۆر ئەم چارەنووسیان هەیە. لە کرماشان لە هەر بنەماڵەیەکی چوار کەسی تەنیا یەک کەسیان کار یان نیوەکاری هەیە، لە پارێزگای ورمێ لە هەر ٥ کەس یەکیان بە برسێتی سەر دەنێتەوە و لە پارێزگاری سنەش هێڵی هەژاری زۆر خوارتر لە نێونجی نرخی ڕەسمیی ڕاگەیەندراوە لەلایەن ناوەندی ئامارەوە. هۆکاری ئەمەش ڕوونە: سیاسەتی نەرم و پلانمەند و دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی کە کوردستانی سەرەڕای ژێرخانی دەوڵەمەندی سامانە سروشتی و مرۆییەکان و هەڵکەوتەی شازی جوغرافیایی لە پاشکەوتوویی بەئانقەستدا ڕاگرتووە. کوردستان باجی مافویستی و خەباتی ئازادیخوازیی خۆی دەدا.

دانانی مەجلیس بە نرخی (٦-)ی گەشەی ئابووری لە ساڵی ١٣٩٧دا



هێشتا گەڕی نوێی گەمارۆکانی ئەمریکا بە تەواوی لە دژی ئێران جێبەجێ نەبووە کە هەواڵەکان باس لەوە دەکەن نرخی هەڵدان و گەشەی ئابووریی وڵات لەمساڵدا بۆ خوار (٦-) دادەبەزێ.

ناوەندی توێژینەوەکانی مەجلیس دەڵێ لەسەر بنەمای دوو ئەگەری فرۆشتنی نەوت، نرخی گەشەی ئابووریی ئێران بۆ ساڵی ١٣٩٧ لە نێوان (٣-) تا (٦-)دا دەبێ و بۆ ئەوەش گەمارۆکانی ئەم دواییانەی ئەمریکا و سزاکانی پێش بەرجامی وەک یەک لەسەر ئەم دەرەنجامە بە کاریگەر زانیوە.

ئەم توێژینەوەیە دەڵێ ئەگەر لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا بڕی فرۆشتی نەوت و شلەمەنییە نەوتی و گازییەکانی ئێران ٨٠٠ هەزار بۆشکە لە ڕۆژ لە کەمی دابێ، ئەوا نرخی گەشەی گەیاندووەتە (٣-) و ئەگەریش پتر لە یەک میلیون و نیو بۆشکە دابەزێنێ، نرخی گەشەی ئابووریی بۆ (٦-) داکشاندووە. پێشبینیی ناوەندی توێژینەوەی مەجلیس بۆ ساڵی داهاتوو ئەوەیە کە بارودۆخەکە لەوە خراپتر دەبێ.

پەمپێژۆ: دانانیشین ئێران مووشەکی بالستیک تاقی بکاتەوە و سەیری بکەین

وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جارێ دیکەش کۆماری ئیسلامیی ئێرانی سەبارەت بە تاقیکردنەوەی مووشەکیی بالستیک وریا کردەوە.

مایک پەمپێئۆ ئەمجارەیان جیا لە پرسی مووشەکە بالستیکەکان بەرنامەی مووشەکیی ماهوارەگوێزی ئێرانیشی بردە ژێر پرسیار و گوتی هەڵدان و تاقیکردنەوەی ئەم مووشەکانە پێچەوانەی بڕیارنامەی ٢٢٣١ی شووڕای ئەمنییەتە و فەڕانسە، ئاڵمان و بریتانیا و زۆر لە وڵاتانی دیکەی جیهانیش نیگەرانیی قووڵی خۆیان لەوە نەشاردووەتەوە. ناوبراو لە ڕاگەیەندراوێکدا دەڵێ: «ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دانانیشی سەیری ئەم سیاسەتانە ڕێژیمی ئێران بکا کە هێمنی و سەقامگیریی نێودەوڵەتییان کردووەتە ئامانج و؛ لەو پێوەندییەدا دەست لەسەر دەست دانانێ. ئێمە بە ئێران دەڵێین واز لە ڕەفتاری دنەدەرانەی بێنێ و هەرهەموو بەرنامە مووشەکییەکانی بوەستێنێ بۆ ئەوەی ئەوەندەی دیکەش لە ڕووی سیاسی و ئابووریيەوە تەریک نەخرێتەوە.»

ستاتووی کورد لە سووریەی داهاتوودا (٢)

ئاستەنگەکانی بەردەم بزووتنەوەی کورد و ئەرکە هەنووکەییەکان (٥_٤)

ئەمریکا لە نێوان حزووری نیزامی و پاشەکشەدا (٦)

کۆمەڵگەی مەدەنی ئاخێز و مێژووەکەی (٧)

گەڕانەوەیەک بۆ چەمکی سۆسیالیزم پێناسە، مێژوو و ئەزموونەکانی (٨)

پێشێلکردنی مافی ژنان لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا (١٠)

دریژەی

نرخی مرۆڤ لای ئەوان

ئەم ڕێژیم و نیزامە سیاسییە دیکتاتۆرە. نیزامێکی سیاسی کە قەیرانخوڵقێنی لە ناوچە و جیهان بە مەبەستی مانەوەی خۆی لەگەڵ ئاسوودەیی و خۆشبژیویی خەڵکی وڵاتی گۆڕیوەتەوە، دەسەڵاتێک کە هەموو بەرژەوەندییەکانی خەڵک و وڵاتی لەگەڵ ئامانجە ئیدۆلۆژیکییەکانی تاقمێک سەودا کردووە و بەوەش زۆرینەی هەرەزۆری خەڵکی وڵاتی تووشی بەشمەینەتی و بێهوایی کردووە.

گرینگترین شت لەنێوان هەر دەوڵەت و دەسەڵاتێکی سیاسیدا متمانەیە، کە لە ئێران نە خەڵک بە دەسەڵاتی هەیە و نە دەسەڵاتیش پشتی بە خەڵک گەرمە. ئەوەشە کە نە خەڵک هیوای بەو ڕێژیمەیە و نە ڕێژیمیش بایەخێک بۆ خەڵک و خاک و سامانە مادی و مەعنوییەکانی ئەم وڵاتە دادەنێ. چوار دەیە دەسەڵاتدارەتیی ئەم ڕێژیمە کۆمەڵگەی ئێرانی بەرەو گەلێ خەسار و زیان بردووە. توێژینەوەی ناوەندە زانستییەکانی وڵات دەڵێن ئەمڕۆکە پتر لە ٢٠ میلیون کەس قەراخنشینی شارە گەورە و بچووکەکانن و بەهۆی ئەم پەراوێزنشینییەوە لە کەمترین ماف و ئیمکاناتی ڕیفاهی و خۆشبژیوی بێبەشن. نیزیک بە ٨ میلیون کەس خوویان بە مادەی هۆشبەر گرتووە و پتر لە نیوەی خەڵکی وڵات تووشی بەدخۆراکی بوون و تەمەنی لەشفرۆشی بۆ خوار ١٢ ساڵ دابەزیوە. لە هەر چوار قوتابی یەکیان لە قۆناغە سەرەتاییەکانی پەروەردەدا واز لە خوێندن دەهێنن و، ڕووخانی خوێندنگە و کەوتنەوەی ئاگر لە پۆلەکانی خوێندنی قوتابخانە نیوە ئاوەدان و نیوە کاولبووش لەجێی خۆی؛ کە هەر جارەو لە شوێنی ئەم وڵاتەدا ڕوو دەدەن و قوربانی وەردەگرن.

ئێران دووهەم وڵاتی خاوەنی گاز لە دنیا بە پاشکەوتی زۆرە، هەروەها لە ڕیزبەندیی وڵاتانی خاوەنی نەوت و هەناردەکەری زێڕی ڕەش لە پلەی سێهەمی دنیادا جێ دەگرێ. ئەم وڵاتە خاوەنی دەیان کانگای زێڕ، زیو، مس، سەرچاوە ژێر زەوییە دەوڵەمەند و کانزا بەنرخەکانە لە ئاستی دنیادا، کەچی ئێستا سەدا ٤٥ی خەڵکەکەی لە سایەسەری ئەم حکومەتی بەناو دادی خودایییەدا لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین و خۆکوژی، فرۆشتنی ئەندامانی لەش وەک باوترینیان کە گورچیلەیە و لەشفرۆشی، دیارترین لێکەوتەی ئەم دۆخەن کە بەسەر خەڵکی ئێران هاتووە.

لە ماوەی ٤٠ ساڵ دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامیدا بایەخی دراوی ئەو وڵاتە ١٤٠٠ هێندە دابەزیوە. ساڵی ١٣٥٧ کە شۆڕشی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی سەرکەوت، نرخی هەر دۆلارێکی ئەمریکا ١٠ تمەن بوو، بەڵام لە خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧دا نرخی هەر دۆلارێکی ئەمریکا گەیشتە سەروو ١٤٠٠٠ تمەن. ئێران ١٠ میلیۆن بێکاری هەیە و لە نێوان ٩٠ وڵاتی دنیادا لە ڕووی پێوەری داماوی و فەلاکەتەوە لە پلەی دەیەمدا جێی گرتوە. لە ساڵدا ١١ میلیارد دۆلار کاڵا و شمەکی قاچاغ دێتە وڵاتەوە و هەموو دەروازە سنوورییەکان و گومرکی وڵات لە پاوانی «برایانی قاچاغچی»ی سپای پاسداران دایە، بەڵام لە ناوچە سنوورییەکان لە سەر کۆڵەبارێک خەڵکی بێکار و برسی دەدرێنە بەر دەستڕێژ و دەکوژرێن.... بەڵام لەولا بە سەدان هەزار میلیارد تمەن بەهۆی کاربەدەستانی حکومەتەوە حەپەلووش کراوە کە پشکی هەر ئێرانییەک لەو گەندەڵییە سیستماتیکانەی کاربەدەستانی ڕێژیم کردوویانن و خەڵک و میدیا پێیان زانیوان ٣٥٠ میلیون تمەنە.

لە ساڵدا زیاتر لە ٤ هەزار کەس لە ئێران خۆیان دەکوژن. لە ساڵدا ٨٥ هەزار کەس لە ئێران نەخۆشیی شێرپەنجە دەگرن. لە هیچ جێیەکی دنیا هیندەی ئێران نەخۆشیی شێرپەنجە بڵاو نابێتەوە، هۆکارەکەشی بەڕێوەبەریی سەقەتی حکوومەت لە بەشی بەرهەمهێنان و کشتوکاڵ، پیسیی هەوا و ناردنی پاڕازیت بۆ سەر کاناڵە ماهوارەییەکانە. لە ساڵدا ٩٣ هەزار کەس لە ئێران بە نەخۆشیی سەکتەی دڵ و ٤٣ هەزار کەس بە نەخۆشیی سەکتەی مێشک دەمرن، ٥ میلیۆن کەس لە ئێران نەخۆشیی شەکرە (دیابێت)یان هەیە، سەدا ٢١ی خەڵکی ئێران نەخۆشیی درێژخایەنی ڕووحی و دەروونییان هەیە و سەدا ١٢ی خەڵکی ئێران نەخۆشیی خەمۆکییان گرتوە، لە ساڵدا ٢٠ هەزار کەس بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆ گیانیان لە دەست دەدەن و ٥٠٠ هەزار کەس بریندار و نقوستان دەبن؛ ئێران لە نێو ١٩٠ وڵاتی دنیادا لە ڕووی ئەمنیەتی هاتوچۆ و ڕێگاوبانەوە لە پلەی ١٨٩دا جێی گرتوە! هەموو ئەو نەهامەتییانەش لە سۆنگەی دەسەڵاتدارەتیی باندێکی مافیاییە بە سەر وڵاتدا کە مرۆڤایەیی و مافی خەڵک و گیان و ژیانیان لای ئەوان هیچ بایەخێکیان نییە و بۆ خەڵکیش تەنیا یەک شت دەمێنێتەوە، ئەویش تێپەڕینە لە تەواوەتیی کۆماری ئیسلامی.

ستاتووی کورد لە سووریەی داهاتوودا



کەماڵ کەریمی

کورد ئەگەر بەداخەوە بە هۆی دابەشکراویی نیشتمانەکەی، لە حاڵێکدا کە کاتی ئەو دابەشکارییە حەشیمەتی کورد لە سەر خاکی عوسمانی لە زۆربەی ئەو بەشە لە نەتەوەی عەرەب کە وڵاتیان بۆ دروست کرا زیاتر بوو، لە هەموو ئەو وڵاتە دروستکراوانەی ناوچەدا لە باری حەشیمەتەوە لە کەمایەتی دایە؛ بەڵام لەسەر خاکی خۆی ژیاوە و لە هەرکام لەو وڵاتانەدا هەتا ئێستاش وەک پێکهاتەیەکی سەرەکیی نەتەوەیی ماوەتەوە و دیارە. ڕەنگدانەوەی ئەم سیاسەتی دابەشکردنە زاڵمانەیەی بریتانیا و فەڕانسە و لەبەرچاونەگرتنی مافی کوردەکان، لە سەد ساڵی ڕابردوودا بەهۆی خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بۆ پاراستنی خۆی لەبەرامبەر سیاسەتی لەنێوبردن و تواندنەوەی لە هەموو ئەو وڵاتانە و بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش؛ بەرەنگاربوونەوە و نائارامی بووە. لە سووریەش سەرەڕای دەیان ساڵ سیاسەتی بە عەرەبکردنی ناوچە کوردنشینەکان و زوڵم و زۆری و حاشاکردن لە ناسنامە و شوناسی کوردییان لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتەوە، ئەو بەشە لە نەتەوەی کورد پێداگرییان لەسەر مانەوە لەسەر خاکی خۆیان کردووە و بە تەحەمولی گرتن و کوشتن و دەربەدەری و بەردەوامییان لە مافخوازی، گەلێ فیداکارییان کردووە هەتا خاک و ناسنامەی خۆیان بپارێزن.

بە دوای ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی خەڵک یەک لە دوای یەک لە وڵاتانی عەرەبی، خەڵکی سووریەش لە شاری درعاوە لە دژی دەسەڵاتی حکوومەتیی سووریە ڕاپەڕین و سەرەتا ئەو شارەیان بەدەستەوە گرت. دواتر دەربڕینی ئەم ناڕەزایەتییانە پەرەیان سەند و بە سەرهەڵدانی دژایەتی بەشێک لە سەربازان و ئەفسەرانی ئەرتەش لە گەڵ بەشار ئەسەد، زۆربەی ناوچەکانی وڵات و تەنانەت دیمشقی پێتەختیشی گرتەوە.

ئەمە دەرفەتێکی باشی درووست کرد تا کوردەکانیش کە ساڵانێک بوو ڕاپەڕینەکانیان لە تەنیاییدا سەرکوت دەکرا بیر لە ئازادکردنی ناوچە داباڕاوەکانی کوردستان بکەنەوە و بەرەبەرە هێندێک لە ناوچە کورداییەکان کەوتە ژێر دەستی کوردەکان. شلەژاویی دەسەڵات لە نائارامییە نێوخۆییەکانی ئەم وڵاتە و لاوازیی ڕووبەڕووبوونەوەیان وای کرد کە حکوومەتی سووریە هێزەکانی لە بەشێک لە ناوچە کوردنشینەکان بکشێنێتەوە و ڕادەستی «یەکینەکانی پاراستنی گەل»یان بکا.

سووریە کەوتبووە نائارامییەکی بێسنوور کە گرووپی ئیسلامیی داعش سەری هەڵدا و لە دوای عێراق لەو وڵاتە بە شێوەیەکی کتوپڕ دەستی بەسەر ناوچەیەکی بەریندا گرت و بە مەبەستی گەیشتن و کونترۆڵی سنوورەکانی تورکیە پەلاماری ئەو ناوچانەی دا کە بە دەست یەپەگەوە بوو. ئەمە بووە سەرەتای دەسپێکردنی شەڕێکی گران لەو ناوچانە و کوردەکان لە دوای هەرێمی کوردستان لە باشوور بۆ پاراستنی خۆیان لە ڕۆژئاواش تووشی شەڕێکی درێژماوە لەگەڵ داعش هاتن. شەڕێک کە بە دوای ڕاگەیاندنی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی داعش پێی وڵاتە زلهێزەکانی بۆ سووریە کردەوە و ئەمە یارمەتیی هێزە کورداییەکانی دا هەتا بەسەر داعشدا سەرکەون و، شەڕی کۆبانێ کە هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانیش دەوری باشیان تێدا هەبوو، وەک حەماسەیەکی مێژوویی لە دنیادا دەنگی دایەوە. زیاتر لەوەش بە دروستکردنی سوپای سووریەی دێموکرات و بە هاوکاری ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ناوچەیەکی بەرینیان لە سووریە خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان. دیارە ئەمە دژکردەوەی دەوڵەتی تورکیەی بە دوای خۆیدا هێنا و بە دوای هەڕەشەی بەردەوامی تورکیە و بە بیانوی بوونی پ ک ک لەو ناوچانە، ئاخرییەکەی بە بەرچاوی دنیا و بێئەوەی لایەنەکانی هاوپەیمانی نارەزایەتییەک دەربڕن، ئەرتەشی پۆشتە و پەرداخی تورکیە هێرشی کردە سەر عەفرین و کۆتایی بە دەسەڵاتی یەپەگە لەو ناوچەیەدا هێنا و مەترسیی لەسەر ناوچەکانی دیکەش دروست کردووە.

ئەزموونی ئەم دەورە لە خەباتی کوردەکانی ڕۆژئاوا کە ئەوانیش توانییان وەک تەجرەبەی هاوشێوە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، ئەم بۆشاییە سیاسییە وەک دەرفەتێک بەکاربێنن بۆ پەرەپێدان بە خەباتی خۆیان، ئەزموونێکی سەرکەوتوو بوو. لاوازیی ڕێژیمی بەشار ئەسەد، شەڕی ماڵوێرانکەری داعش و بە هۆیەوە هاتنی هێزی هاوپەیمانان، ئازایەتی و لەخۆبووردەیی کچان و کوڕانیان و پشتگیری هەموو کوردستانییان، یارمەتیدەر بوون هەتا ناوچەکانی کوردستان ئازاد بکرێن. بەڵام ئێستا دوای کۆتاییهاتن بە شەڕی داعش، وەخۆکەوتنەوەی هێزی حکوومەتی، لاوازی ئۆپۆزیسیۆنی سووریە وگرتنەوەی ناوچە لەدەسچووەکان لەلایەن حکوومەتی سووریەوە، درێژەی هەڕەشەکانی تورکیە، پیلانگێڕییەکانی کۆماری ئیسلامی و بە تایبەت بڕیاری ئەمریکا بۆ کشانەوەی هێزەکانی لەو وڵاتە هەرچەند باس لە درێژەی پشتیوانییەکانیان لە کوردەکان دەکەن، شێوازی گەمەکەی بەرەو گۆڕان بردووە و ئەوان پێویستە بە جۆرێکی دیکە و ڕوانینێکی نوێوە بیر لە خۆیان و داهاتوویان بکەنەوە. یەکێک لە پێویستییەکانی خەباتی نەتەوەیەک بەشداریپێکردنی هەموو توانا فکری و کارییەکانی ئەو پێکهاتەیە کە بە داخەوە لەو ماوەدا بە بیانووی یەک دەسەڵات و یەک هێزی چەکدار، ئەو جۆرەی دەبوو بیر لەو بابەتە نەکرایەوە و بە کردەوە خەڵک بە هۆی حیزبەکانیانەوە کەوتنە دوو بەرەی جیاوازەوە. بۆیە لە ئێستادا زۆر پێویستە لە جیاتی ڕوانینی تاک لایەنە بیر لە هاوهەڵوێستی زیاتر بکرێتەوە هەتا لە ئەگەری هەر گۆڕانکارییەکدا، هەموو لایەنەکان و لە ڕێگەی ئەوانەوە تێکڕای خەڵکی تێکۆشەری ئەو بەشە خۆیان بەرامبەر بە داهاتوو بە بەرپرسیار بزانن. خۆ دوورخستنەوە لە کێشە ئیقلیمییەکان و نەهێشتنی حەساسییەتەکان کە ڕێگەی دەستێوەردانی وڵاتانی ناوچە لە دژی بزووتنەوەکە خۆش دەکا و هەوڵدان بۆ خۆڕێکخستن لەگەڵ واقعییەتەکانی سیاسەتکردن لەو ناوچە ئاڵۆزەدا ڕەنگبێ یارمەتیدەر بێ بۆ دەربازبوون لە ئەگەرە ناخۆشە چاوەڕوانکراوەکان.

بێگومان بوونی هێزە دەرەکییەکان کە بە دڵنیاییەوە تەنیا لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا لەوێن لە قۆناغێکی دیاریکراودا دەتوانێ یارمەتیدەربێ بۆ بردنەسەرێی وزە و گەشەی بزووتنەوەیەک، بەڵام لەو ناوچەدا کورد دەبێ زیاتر بیر لە تواناکانی خۆی و دیتنەوەی ڕێگە چارەیەک بۆ چارەسەری کێشەکانی بکاتەوە. ئەوەی کە ئێستاش لە سووریە بە هۆکاری نێوخۆیی و پاڵپشتی سیاسی زلهێزەکان ڕێگەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکانی لەگەڵ دەسەڵات ماوە هەل و دەرفەتێکی باشە هەتا قورسایی خۆیانی بخەنە سەر و حکوومەت ناچار بکەن بۆ دانپێدانان بە بوونی کورد لەو وڵاتە وەک پێکهاتەیەک و دەستەبەرکردنی لانیکەمی مافەکانیان و بە یاسایی کردنی ئەو مافانە.

بزووتنەوەی کورد لە سووریەلە ئێستادا بە قۆناغێکی سەختدا تێدەپەڕێ و ئەوە دەخوازێ کە هەموو لایەک بە بەرپرسیاریەتیی زیاترەوە و بە خۆپاراستن لە تاکڕەوی، بۆ دەربازبوون لەو قۆناغە و پاراستنی مەوجوودیەتی کورد بڕواننە بابەتەکە.

ترسی ڕووخانی ڕێژیم لە لێدوانی کاربەدەستانی تاراندا

سامەند عەتری

ماوەیەکە کاربەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامیی تاران لە لێدوان و باسکردنەکانیاندا قسە لە مانەوە و نەمانەوە، ڕووخان، یان ڕۆیشتن و نەڕۆیشتنی کۆماری ئیسلامی دەکەن. هەرچەند بەشێکیان ڕووخانی ڕێژیم بە خەونی دوژمنان لەقەڵەم دەدەن و دەڵێن دەمێننەوە، بەڵام پرسیار ئەمەیە ئەگەر لە ڕووخانی ڕێژیمەکەیان نەترساون، چی وایان لێ دەکا، کە ئەو قسانە بکەن؟ ڕۆژی ٧ی بەفرانباری ١٣٩٧ی هەتاوی، هاوکات لەگەڵ ساڵوەگەڕی ڕاپەڕینی بەربڵاوی خەڵکی زیاتر لە ١٠٠ شاری ئێران لە دژی ڕێژیمی ئیسلامیی تاران لە بەفرانباری ساڵی ١٣٩٦دا، کە بە توندی لە لایەن ڕێژیمەوە سەرکوت کرا و وێڕای دەستگیرکردنی هەزاران کەس، نیزیکەی ٣٠ کەسیشیان کوشت، حسێن شەریعەتمەداری، سەرنووسەری ڕۆژنامەی کەیهان، لە وتارێکدا بە ناوی "ئەگەر بڕیار بوو بڕۆین بۆ نەڕۆیشتین"، کۆمەڵێک حەدیس و قسەی مێژوویی سەردەمی سەرهەڵدانی ئیسلام دێنێتەوە و پەیدابوونی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ فتووحاتی ئیسلام و پەرەسەندنی جوگرافیای ئیسلام بەراورد دەکا و دەگاتە ئەم ئاکامگیرییە، کە ڕێژیمی ئیسلامیی تاران ناڕووخێ! شەریعەتمەداری ئاماژە بە داگیرکردنی ئێران و ڕۆم لە لایەن سپای عەرەبە موسڵمانەکانەوە دەکا و دەڵێ، پێغەمبەری ئیسلام بە سپایەکی بچووک و لە بارودۆخێکی دژواردا، بەبێ چەکوچۆڵێکی ئەوتۆ بیری لە فەتحی ئێران و ڕۆم کردەوە، کە سپای خوانەناسان ئەو هەواڵەیان بیست، پێکەنیان دەهات، بەڵام سەرەنجام کۆشکی زلهێزەکانی ئەو سەردەمە لەلایەن سپای ئیسلامەوە خاپوور کرا. مەبەستی شەریعەتمەداری لە گێڕانەوەی ئەو بابەتە ئەوەیە کە دەیەوێ بڵێ، سەرکەوتنی ڕێژیمی ئیسلامی لە ئێران هاوتای سەرکەوتنەکانی سپای پێغەمبەری ئیسلامە و پاش پێداهەڵگوتنێکی زۆر بەسەر خومەینیدا، دەڵێ، گەلێک پیلان دژی خومەینی و ڕێژیمەکەی لەگۆڕێدا بوون، ئەوکات زۆر کەس کەمترین گومانیان لەوەدا نەبوو، کە ڕێژیمی خومەینی سەرناگرێ، کەچی ئەوە ڕێژیم پاش چل ساڵ هەر ماوە و دژمن هیچی وەدەست نەکەوتووە. پاشان ئیشارە بەوە دەکا کە لک و پۆپەکانی ڕێژیمیش لە یەمەن و سووریە و عێراق سەرکەوتوو بوون. لەبەر ئەوە پرسیار دەکا، کە بۆچی پاش چل ساڵ ڕێژیم هەر ماوە؟ شەریعەتمەداری لە وەڵامی پرسیارەکەی خۆیدا ڕوونی ناکاتەوە، کە بۆچی لە تەمەنی چل ساڵیی ڕێژیمدا بیری بە لای ئەو پرسیارەدا چووە. ئەگەر ڕێژیمەکەیان ناڕووخێ، بۆچی لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا زۆر جار کاربەدەستانی ڕێژیم باس لە مانەوە و نەمانەوەی ڕێژیم دەکەن؟! سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە هاوکات لەگەڵ ئەو قسانەی شەریعەتمەداری، حەسەن خومەینی، نەوەی بناغەدانەری ڕێژیمی ئیسلامی لە حسێنییەی جەمارانی تاران قسەی کردووە و ئەویش هەر ئیشارەی بە ڕووداوەکانی سەردەمی سەرەتای ئیسلام کردووە، بەڵام ئەو، لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە بۆی چووە و بە هێنانەوەی کۆمەڵێک وتەی ئیمامی یەکەمی شیعەکان، هێمای بۆ کۆمەڵێک هۆکار کردووە کە دەبنە هۆی ڕووخانی ڕێژیم.

حەسەنی خومەینی بە ئیشارە بەوەی کە ژێرخانی هەموو کۆمەڵگەیەک "ئەخلاق و ڕازیبوونی خەڵکە"، داوا دەکا لێکۆڵینەوە لە ڕێساکانی ڕەفتاری ڕێژیم بکرێ، بۆ ئەوەی بزانن ئاخۆ بە پێی ئەو ڕێسایانە ڕێژیم دەتوانێ درێژە بە ژیانی خۆی بدا، یان دەڕووخێ. هەڵبەت حەسەنی خومەینی لە توێکڵی قسەکانیدا گلەیی ئەوە دەکا کە لە جومگەکانی دەسەڵاتدا بەشی کەسانی وەکوو ئەویان کەم داوە، بۆ ئەوەش وتەی ئیمامی یەکەمی شیعەکان دێنێتەوە کە گوتوویەتی: "ئەگەر دیتتان کۆمەڵگەیەک سەرمایەکانی خۆی لە بواری هێزی مرۆیی و زانایان و گەورەکاندا بەکار نەهێنا و وەپشتگوێی خستن، ئەوە بزانن ئەوانە نیشانەی ڕووخانی ڕێژیمی ئەو کۆمەڵگەیەن." نەوەکەی خومەینی بەردەوام لە قسەکانیدا پاساو بۆ دڵسۆزیی خۆی لە هەمبەت ڕێژیمدا دێنێتەوە و نیگەرانیی خۆی لە مانەوە و نەمانەوەی ڕێژیم بە ئاسایی دەزانێ. ئەو بۆڵەبۆڵەی حەسەنی خومەینی لە کاتێکدایە کە تەنیا بوودجەی دەزگای "پاراستن و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی خومەینی" لە بوودجەی گشتیی ئێراندا بۆ ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی ١٨ میلیارد تمەنە. بۆیە لە کۆتاییی قسەکانیدا مانەوەی ڕێژیم بەوە دەبەستێتەوە کە بەشی خۆی و یارانی ڕیفۆرمخوازیشی لە بوودجە و جومگەکانی دەسەڵاتدا پارێزراو بێت. چونکە خۆی و ڕێفۆرمخوازان بە زامنی مانەوەی ڕێژیم دەزانێ و ئەگەر وەپشتگوێ بخرێن، ڕێژیم دەڕووخێ و بەشی هەمووان وێکڕا بەدۆڵێدا دەڕوا.

***

کەلێنی باڵەکانی نێو کۆماری ئیسلامی و دەرفەتێک کە دەبێ بیقۆزینەوە!

سام یارسان

لەبۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی بازنەی حاکمیەتی کۆماری ئیسلامی هەڵکەوتوونە، ئەو دەستەڵاتە، حوکمی بوونێکی تاکی هەیە کە لە پەنادیوارێکی بەرزی ئیدۆلۆژیک _ خوێندنەوەیەکی سەمەرە لە ئیسلام _ هەڵکەوتووە، زۆر بیرتەسکانە تەنانەت هاتنی ئەو بەشە لە «خودی» یانەی کە(دەگەڵ حەزی زۆریان بۆ خۆفڕێدان بەوبەری دیوارەکە) دەگەڵ لەمپەر بەرەوڕوو بوونە و تەنانەت هەنێ ڕا بەشێک لەو پەڕیوانەی ئەو بەر دیوارەکە، وەدیوی دەرێ دەنێن. بە باوەڕی نووسەر ئەو بەشە لە دەرکراوەکان و تێهەڵدراوان خوازیاری گەڕانەوەی ئەو شوێنە ئەمینەن، بە شێوەیەکی گشتی ئەو کێشە و گرفتانە نەبووتنە هۆی ئەوەی کە لە هەمووی ڕێژیم بێهیوا بن و لە ژێر ناوی چاکسازی (اصلاح طلبی) دەخوازن پارێزەری ئەو نیزامە بن، ڕەنگبێ لەو نێوانە تووشی گرفتیش بن، بەڵام لە ڕاستیدا هەموویان سەروقوونی یەکترن! بەتایبەت ئەو ماوەیە دەبینین کە بەشێک لە مەرجەعی شیعە و کەسایەتیی ناسراو و ناوبەدەر دەگەڵ وجوودی وەلی فەقیهـ کێشەیان هەیە، ئەوە بەو مانایە نییە کە دەگەڵ ئەندێشەکانی ئاغا ناتەبا بن، بەڵکوو پرسەکە کەسییە و ئەمەش خۆی نیشاندەری ئەوەیە پاراستنی نیزام لەوپەڕی ئەرک و واجیباتە.

ئەمڕۆ ئەگە بە سرنجەوە بڕوانین، ئەو دیوارە پتەو و بەرز و مەزنە وەکوو جاران نەماوە، وەها قەڵشتی قووڵ و کەلێنی تێکەوتووە کە تەنانەت لە دوورەوەش ئەو هاتوچۆ و کێبرکێ و پێکهەڵپڕژانە بە جوانی دەبینرێ، بە شێوەیەک ئیتر کەمتر کەسێک لە نێو ئەو بازنەیە لە بیری یەکیەتی و یەکگرتوویین و هەموویان سەرقاڵی دەستەبەندی و بەرژەوەندییەکان و قایمترکردنی جێپێی خۆیانن. ئەو سەقامگیرییەی کە ڕەوشی هەنووکە پێشاندەری نەبوونی وەها دۆخێکە و زۆریش سەیر نییە ئەگە بەشێک لە حاکمیەت لێی تێ نەگەیشتبێت، ئەو سەقامگیرییە وەها تەنک و شکێنەرە کە کاڵفامی و گەوجی هەرکام لە ئەندامانی پشت دیوارەکە ماتەوزەی قوربانی بوونی حاکمیەتێکیتر، بە مەبەستی وەدواخستنی ئەو گۆڕانکارییانە دادەنێن. ڕێک وەک ئەو میناکەی سەردەمی پاڵەوی دووهەم کە بە زیندانیکردنی هۆوەیدا و هیندێک لە بەرپرسە مەزنەکانی پێشووی خۆی ویستی وەک قەڵغان و مەتاڵ بۆ پاراستنی دەستەڵاتەکەی خۆی کەلکیان لێ وەرگرێ.

هەرچەندە دەستپێکی ئەو چیرۆکە دەکرێ بۆ ساڵانی پێشوو بگەڕێتەوە وەک بەربەرەکانی دەستەیەک لە پارلمانی شەشەم و بەرپرسانی ڕەوتی سەوز دەگەڵ حاکمیەت یان لانیکەم دەگەڵ شێوازی بەڕێوەبەرییەکەیان پەیوەند بدرێ؛ بەڵام ئەو شێوە نوێیە دەورێکی نوێ لەو چیرۆکە کۆنە بە نوقمبوونی ڕەفسەنجانی لە مەلەوانگە جۆرێکیتر وێنا دەکرێ. کەسێک کە خۆی دامەزرێنەری ئەو پێکهاتە قیزەونە بوو، کەسێک کە لە بڕەودان بە بیری ڕادیکاڵیزم لە ڕێژیم ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە و ڕەنگبێ هیچکات بە بیریشیدا نەهاتبێ ڕۆژێک بێ ئەو تۆوەی چاندوویەتی ببێتە فریزوو و ملی خۆی پێوە بێ و ڕێکی بکوشێت و بیخنکێنێ و بۆ هەمیشە بەو دیوارەیەوە هەڵیواسێ! هەوڵێک کە بەهۆی پێگە و ئەو زانیارییانەی لە پشت دیوارەکە هەیبوو، جگە لە حەزف و لەنێو بردن بە ئاکام نەدەگەیی؛ هەڵبەت هۆی مردنەکەی خنکانێکی لە ناکاو! ڕێک لە باشترین کات(مەلە کردن)دا بوو.

پێش مردنی هاشمی ڕەفسەنجانی بەڕواڵەت بەشێک لە حاکمیەت دەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی کەسانی وەک حوسێن فەرەیدوون (برای ڕووحانی سەرۆک کۆمار) و مێهدی جەهانگیری، برای جێگری یەکەمی سەرۆک کۆمار، سیگنالگەلێکی مانادار بە لایەنی ناسراو بە «تەدبیر و ئومید» لەبۆ سەرپۆشکردنی ئەوانیان نارد. هەر ئەو سیگنالانەی کە حوکمی دوامین هۆشدارەکان بۆ ڕەفسەنجانی بوون. هەر ئەو ئاماژانەی کە مەترسی مردنی ئەو لە بەرامبەر دژکردەوەی گریمانەیی وی زۆر بەهێزتر دەکرد. ئەو سیگنالانە کەم و زۆر هەبوونی کارشکێنی لە بەرەوپێشبردنی کاری دەوڵەتیش دەبوو، بە شێوەیەک کە ئەوەی لەم ڕەوتە هەتا پێش هەڵبژاردنەکانی ٩٦ دەدیترا؛ دەگەڵ کۆتاییەکانی ساڵی ٩٦ لێنیزیک هیچ پێوەندییەکی نەبووە. بەجۆرێک نەک هەر هیچکام لە دروشمەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەم دەستەیە بە کردەوە نەکران، تەنانەت بەپێی قسەکانی ئەم دواییانەی ئاغای سەیف (بەرپرسی پێشووی بانکی ناوەندی) وێدەچی دەوڵەت بە هۆکاری نارووڕن! دەگەڵ ئاڵوگۆڕکردنی ١٨ میلیارد دۆلار لە چەتوونترین دەورەی ئابوورییە لە چەند ساڵی ڕابردوو، بە پێچەوانەی بەرژەوەندیی نیشتمان هەنگاوی ناوە و لە هەڵایسانی قەیرانی ئابووری بێتاوان نەبووە؛ ئەویش لە ڕەوشێکدا کە دەزانین لەو پەڕێشان بازاڕە و هەرەج بەرەجە کەسانێک قازانجی باشیان کرد کە بە دڵنیاییەوە لە شەبەنگی خەڵکی ئاسایی نەبوون.

لە لایەکیتر بە ناڕەزایەتییەکانی دۆستانی ئەحمەدینیژاد و مانگرتنەکانی جۆراوجۆر بەتایبەت لە شوێنە پیرۆزەکان کە ببووە هۆی گەوجاندن و گەرمکردنی سەری خەڵک، هاوکات تێوەگلانی ماڵی ئەو کەسانە دەگەڵ پاسدار قاسم سولێمانی و... بووە هۆی گرتن و زیندانیکردن، ئەویش بە تاوانی بچووک (لانیکەم بە بەراورد دەگەڵ دزییە میلیاردییەکان) و جۆرێک سیاسەتی لار و نەخۆش کە دیار نییە لایەنی کێشە بەڕاستی «قوە قضایی»یە یا ناوەندێکی ئایینی یا نیزامی! بەرەبەرە شاهیدی هیندێ خۆپێشاندانی ئەو لایەنە و کەسانی ناسراو بەو دەستەیەین کە دوامین دانەیان لەسێدارەدانی خێرای وەحید مەزڵوومیان بە تاوانی کڕین و فرۆشتنی سکە کە وەک دیارە لە یاسایا هیچ ڕێگرییەکی لەسەر نییە و پێوەندیی ئەو دەگەڵ «بەهمەنی» (سەرۆکی پێشووی بانکی ناوەندی) بوو، لەداردانێک کە بەپێچەوانەی زۆرێک لە ئێعدامەکان لە کۆماری ئیسلامیی ئێران چاودێریی هەواڵدەری هەبوو و ئادگاریی ئەهوەنی ئەو کەسانە لە ئاخرین چرکەکانی پێش سێدارە سەیر و بە دوور لە ئاوەز بوو. ئەوەش درووست لە کاتێکدایە کە لە بەرامبەریدا دزی و ونبوونی پووڵێکی یەکجار زۆر و سەمەرەی بابەکی زەنجانی کە وەک دەگوترێ حوکمی لە سێدارەدانیشی بۆ دەرچووە، هەروا بێدەنگ مایەوە، یا زۆر سەیرتر لە بارەی کەسی وەک قازی مورتەزەوی کە پێناسەی زیندانی بۆ دەکرێ، دەرچوون لە زیندان هیندە هاسانە کە تەنانەت زیارەتی شوێنە پیرۆزەکان و سەفەری دەرەوەشی هەبووە (ئەوە لە کاتێکدایە کە بۆ کەسانی ئاسایی و بێکەس، چاوپێکەوتن دەگەڵ کەسانی نیزیکی خۆیشیان، دەرمانی پزیشکی و

لە هیندێ بوار وەک بەشداری لە پرسە و سەرەخۆشی کەسانی بنەماڵەیان زۆر ئەستەمە.) جا ئەو هەمووە چاو و برۆ هەڵتەکاندنانە تایبەت بە بەشێک لە دەستەڵاتدارانی حاکم نییە، پرسی گرتنی حوسێن تائیب بە تاوانی دزی و بێسەروبەری ماڵی لە حاڵێکدا کە زۆرێک ناوبراو بە یەکێک لە نیزیکەکانی ماڵی خامنەیی دەزانن یا بێحەیایی و زمان شڕی پاسدارێکی سووکی وەک قاسمی بە بنەماڵەی لاریجانییەکان و دانپێدانانی زەریف بە سپیکردنەوەی سیستماتیکی پارە لە وڵات و هەڵوێستگرتنی شەریعەتمەداری وەک قازی شەرع و بەرگریکاریی دزەکان و وازهێنانی زۆرەملیی نەجەفی لە شارەوانی تاران بەو گێڕانەوە و ئاشکرا کردنە سەیرانەی وەک هێرشکردنە سەر ماڵ و منداڵی و داوای نەخۆشی کە بەتەواوی دەگەڵ ئامادە بوونی بۆ وەرگرتنی شارەوانی تاران دژواز بوون و... ئەمانە هەمووی نیشاندەری نەبوونی یەکگرتوویی نێوماڵی ڕێژیمە و شەڕی دەستەڵات و هێز و پووڵی لایەنە دەستەڵاتدارەکانن کە وێدەچێ ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ خێراتر دەبێ. لە خۆراسان لایەنی مەشهەدییەکان کە شوێن پێی زۆرێک لەوان لە گەندەڵی و دزیی ڕێکخراوەکانی «اعتباری» بەرچاوە، بە کردەوە سەربەخۆنە و یاسای تایبەتیی خۆیان وەک تاڵیبانیزم پەیڕەو دەکەن لە لایەکی تر لە بەشی نیزامی کاتێ پاسدار جەعفەری باس لە ئیدارەی وڵات بەبێ دەوڵەت دەکا، قالیبافیش کە دەبێ زۆرتر لە بانده نیزامییەکان نیزیکتر بێ بۆ پشتیوانیی لە سەرۆک کۆماری دەبێتە گوتەبێژی! زۆرێک لەو میناکانە دەرخەری ئەوەن کە ڕێژیم لە دۆخی گۆڕانێکی خێرا دایە.

بە جۆرێک لەم کێشانە هەر وەک جارێک ئەحمەدی نیژاد بە ڕوونی ئاماژەی کرد کە، ڕێنوێنیی ڕێبەری و قسەی ئاغا بە هیچ شێوەیەک وەک پێشوو هێز و قورسایی نەماوە و لە ساڵی پشتیوانی لە بەرهەمهێنانی نەتەوەیی، هاوڕێکانی بەڵایەکیان بەسەر مەملەکەت هێنا کە دەکرێ بڵێین ئەو زەختە بۆ هەموو چینەکانی کۆمەڵگە هاتووە و نەک تەنیا هیچ پشتیوانییەک لە بەرهەمی نێوخۆیی نەکراوە بەڵکوو خەڵک بۆ بژێوی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان تووشی گرفت و کێشەی بوونە و ١٨٠ دەرەجە بە پێچەوانەی قسەکانی ڕێبەری بووە.

هەڵبەت خاڵی جێی سرنج و پیرۆز لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا هەرچەندە خەڵک لە قەیرانێکی سەخت و تاقەت پڕووکێندا بوون، لەبەرامبەردا دەستکەوتی و هەواڵی خۆشیشی بۆ ئێمە هەبووە.

سەرەتا و بەر لە هەموو شتێک خۆشی و جوانی پێکەوە بوونە کە لە ناڕەزایەتییەکان و مانگرتنەکانی ڕێکخراوەیی جۆراوجۆر، گەلێک دڵخۆشکەرە، هەرچەند لە بەشێک لەمانە بەڕواڵەت دەستکەوتی بەرچاو لەو ناڕەزایەتییانە وەدەست نەهاتوون و دەستەڵات بەردەوام هەوڵی سەرکوتی دەدا بەڵام لە کردەوە بەو ئامانجە گێشتووین کە هێز و توانای ئێمە لە زۆر بوون و یەکیەتی و یەکگرتوویمان دایە و دەستەڵات هەرچەند چەختییانە هێرش بێنێ و سەرکوتمان بکا، توانای بەرەوڕوو بوونەوەی دەگەڵ ئەو هەمووە خەڵکە نییە و هەموومان ئەو شیرناییەمان چێشتووە کە دەکرێ ناڕازی بێ و ڕێژیمیش بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان؛ ناتوانێ لە بەرامبەر ئەو دۆخەدا ڕێگر بێ.

دووهەم؛ بەو دەرک و ڕاستییە بگەین کە ڕژیم لەنێو خۆیدا یەکگرتوو و بەهێز نییە، ڕەنگبێ پێش ئەمەش لایەنەکانی دەستەڵاتی نێو ڕێژیم ئاڵۆز و پەرتەوازە بوونە، بەڵام هیچ کات وەک ئێستا دیار و بەرچاو نەبووە، کە ئەمە هێمایەکی زۆر ڕوون و دڵخۆشکەرە بۆ خەڵک، بەڵکوو بە هاوئاهەنگی یەکتر بتوانین کاریگەریمان بەسەر ئەو ڕەوشەدا هەبێ.

سێهەم؛ تەنیابوونی خامنەییە، بە پیربوون و بەسەر چوونی تەمەنی، کێشەی جیدی و هەڵایەکی زۆر لەسەر دەورانی دوای خامنەیی پەیا بووە، بە کردەوە دیومانە زۆرێک لەو قسە و ڕاڤانەی خامنەیی لەو چەند ساڵەی دوایی کردوویە دەگەڵ ئەوەی ڕوو دەدەن زۆر جیاوازە هەڵبەت هەستی دژوازی لە قسەکانیدا نابێ نەبینین، بە گشتی هیچ کات وەک ئێستا خامنەیی نەخۆش، تەنیا و بێکەس نەبووە.

لە کۆتاییدا ئەو خاڵە بیر دەهێنمەوە کە هەرچەند بەرگری _تەنانەت لە جۆری نیزامیش_ مافی سروشتیی هەموو مرۆڤێک لە کاتی مەترسی و هەڕەشەیە، بەڵام چونکە بانده ئایینی و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت بەو هەمووە ئەزموونەی لە ئاژاوە و شەڕهەڵایسان لە دەرەوە هەیانە و هەروەها کەلکوەرگرتن لە هیندێ نەخۆشیی ڕەوانی و بەرهەڵاکردنی»آتش به اختیار»ەکان لە نێوخۆی وڵات وەک ئامرازی سەرکوت، لە خەڵک زۆر لە پێش ترن، دەبێ ڕووبەڕووبوونەوەی نیزامی دوامین ڕێگا و ڕێکاری خەڵک بێ، بۆیە شێوازی خەباتی مەدەنی دەبێ وەپێش خرێ و بە باشترین شێوە کەلکی لێ وەرگیرێ و ئەوەش بزانین بێدەنگی و پاسیڤ بوون لەو دۆخەدا خراپترین خاڵی ئەو ڕەوتە مەدەنییانەیە.

بە تایبەت ئێستا کە بەشێک لە نیزام دەیانهەوێ بۆ گەلانی نیشتەجێی ئێران گرفت و کێشە و قەیران ساز بکەن کە دەتوانین مووشەکباران کردنی قەڵای دێموکرات وەک باشترین وێنە باس بکەین یا گرتن و کوشتنی چالاکانی ژینگەیی، پێش گرتن بە کاسپی و کوشتنی کۆڵبەرانی سنووری، ئاژاوە لە خووزستان، فیتنە و دوو دەستەگی ساز کردن لە نێوان خەڵک بە پاساوی کێشەی ئاو و دەست تێوەردان لە بازاڕی ئەرز و سکە و... بەرچاوە، لە بیرمان بێ زۆر بە ئاسانی ئەو ئەگەرە هەیە شانەیەک لە نێوخۆ بە هەر نرخێک بۆ مانەوەی ئەو ڕێژیمە، ئێران بەرەو سووریە بوون بەرن یا لانیکەم وەک کوردی باکووری لێ بکەن.

***

وەرزێکیتر لە بەشمەینەتیی خەڵکی کوردستان

[ڕاپۆرتی بەشێک لە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی دەزگای قەزایی، هێزە چەکدارەکان و ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە]

کوردستانی ئێران لە سێ مانگی پاییزی ١٣٩٧ و لە وەرزی سێهەمی ئەمساڵیشدا هەمدیسان وەک ڕابردوو بەشی شێری لە سەرکوتکاریی کۆماری ئیسلامی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە هەموو بەستێنە سیاسی، مەدەنی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا پێ بڕا.

بەپێی ئەو داتا و زانیارییانەی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لای خۆی تۆماری کردوون، لە ماوەی سێ مانگی پاییز زیاتر لە ٣٨٦ حاڵەتی پێشێلکردنی زبری مافی مرۆڤ لە کوردستان ڕووی داوە.

لە ماوەی ئەم سێ مانگەدا ٧٠ کۆڵبەر و کاسبکاری ناوچە سنووریەکانی کوردستان بوونەتە قوربانیی سیاسەتی پەرەنەسەندنی کوردستان لە ڕووی ئابووری و، ڕەفتاری دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرحەق بە گەلی کورد. لەو ٧٠ کەسە ٢٣ کەس کوژراون و ٤٧ کەسیش بریندار بوون. لەو ٢٣ کۆڵبەر و کاسبکارە کە کوژراون، ١٦ کەسیان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران گیانیان لەدەست داوە، ٣ کۆڵبەر و کاسبکاریش بەهۆی ڕاوەدوونانی هێزە چەکدارەکان و لە ئاکامی بەربوونەوە لە بەرزایی یان وەرگەڕانی ترۆمبیلەکانیان مردوون و ٧ کۆڵبەریش بەهۆی کەوتنە ژێر ڕنوو و مانەوە لە سەرما و بەستەڵەکدا لە سەرما ڕەق هەڵاتوون. لەو ٤٧ کۆڵبەرەش کە بریندار بوون، ٤٣ کۆڵبەریان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بریندار بوون و ٤ کۆڵبەریش بەهۆی ڕاوەدوونانی هێزە چەکدارەکان و لە ئاکامی بەربوونەوە لە بەرزایی برینیان هەڵگرتووە.

کوژران و بریندار بوونی ٧٠ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد لە وەرزی پاییزی ئەمساڵ لە حاڵێکدایە کە لە سێ مانگی هاویندا ٦٤ کۆڵبەر و کاسبکار و لە وەرزی بەهاریشدا ٤١ کۆڵبەر و کاسبکاری ناوچە سنووریەکانی کوردستان کوژرابوون و بریندار ببوون و؛ بەوەش دەردەکەوێ کە ئاماری قوربانییانی کوشتاری کۆماری ئیسلامی لەو وەرزەدا لە چاو دوو وەرزی ڕابردووی ساڵ بەشێوەی بەرچاو زیادی کردووە. هەروەها هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە دوو پەلاماری چەکداری بۆ سەر هاووڵاتییان لە پیرانشار و لە ڕێگای بۆکان _مەهاباد کەسێکیان کوشت و سێ کەسی دیکەشیان بریندار کرد.

هەر لە ماوەی ئەم سێ مانگەدا ٢٠١ کەس لە خەڵکی ئاسایی و چالاکانی مەدەنی و سیاسی لەلایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانەوە بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی و سیاسی لە دژی کۆماری ئیسلامی و بەرژەوەندییەکانی ئەو ڕێژیمە گیراون. ژمارەیەک لەوان دوای لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکان تا کاتی دادگاییکرانیان بە دانانی بارمتە ئازاد کراون و ٦٦ کەس لەوان حوکمی ٢ مانگ تا ١٥ ساڵ (سەرجەم ١٧٨٦ مانگ) زیندانییان بەسەردا سەپاوە. گرتنی ٢٠١ کەس و حوکمدانی ٦٦ کەس لەوان لە ماوەی سێ مانگی پاییزی ئەمساڵ لە حاڵێک دایە کە لە وەرزی هاویندا ١٦٠ کەس و لە وەرزی سەرەتای ئەمساڵیشدا ١٠٣ کەس بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی و ئەمنیەتی گیرابوون، بەوەش دەردەکەوێ کە کەشی سەرکوت لە سەرەتای ساڵەوە تا ئێستا ڕۆژ بە ڕۆژ قورستر و ڕژدتر بووە. هەروەها سێ بەندکراوی کورد لە زیندانەکانی کەرەج، ئیلام و هەمەدان لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لێ ئەستێندراوە و زیندانییەکیش بە بڕیاری دەزگای داد سزای پەراندنی هەر دوو دەستی لە مەچەکەوە بەسەردا سەپاوە.

هەروەها لە ماوەی سێ مانگی پاییزدا لانیکەم ٩ بەندکراوی کورد کە بە تاوانی کوشتنی بەئانقەست و بازرگانیی مادەی هۆشبەر حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپابوو، لە زیندانەکانی ورمێ، سنە و زەنجان لە دار دراون. هەروەها دادگای بەرزی وڵات سزای ئێعدامی بەندکراوێکی سیاسیی کوردی خەڵکی شنۆ، پشتڕاست کردەوە و مێرمندالێکیش لە شاری سەقز سزای ئێعدامی بەسەردا سەپاوە.

لە ماوەی سێ مانگی پاییزدا تەقینەوەی مینە لەکارنەخراوەکانیش لە کوردستان زیاتر لە ١٨ قوربانیی وەرگرتووە کە ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شوناسی ١٢ کەس لەوانی ئاشکرا کردووە. لەو ١٢ قوربانییەی تەقینەوەی مین کە ناویان ئاشکرا کراوە ٢ کەسیان گیانیان لە دەست داوە و ١٠ کەسیش بریندار بوون.

هەر لەو ماوەیەدا زیاتر لە ١٩ کرێکاری کورد لە کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران بوونەتە قوربانیی ڕووداوی کار کە شوناسی ٨ کەس لەوان لەلای ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تۆمار کراوە. ئەو ٨ کەسە بەهۆی جۆراوجۆری وەک بەربوونەوە لە بەرزایی، برق گرتوویی و خنکان گیانیان لە دەست داوە. ئاماری خۆکوژییەکانیش لە کوردستان بەهۆی پەرەسەندنی خەمۆکی و قەیرانەکانی بێکاری و ئابووری و هەروەها؛ کەمتەرخەمیی دامودەزگا دەوڵەتی و حکوومییەکانەوە لە ماوەی ئەو سێ مانگەی پاییزدا دیار و بەرچاو بوو. لە ماوەی سێ مانگی پاییزدا هەر نەبێ ٥٦ کەس لە کوردستان خۆیان کوشتووە کە ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شوناسی ٣٩ کەس لەوانی بە ڕوونی تۆمار کردووە.

زانیاریی پتر و خشتەی پێشێلکردنەکان و ناو و شوناسی قوربانییان لەو لینکەی خوارەوە داگرە:
www.chawnews.com/?p=2032

کوردستان
ژمارە ٧٤١
١٥ی بەفرانباری ١٣٩٧ _ ٥ی ژانوییەی ٢٠١٩

ئاستەنگەکانی بەردەم بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەرکە هەنووکەییەکان

"ئاماژە: لە ١٥ی دیسامبری ڕابردوو بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگە و ڕۆژی ڕێزگرتن لە ئاڵای کوردستان، سمینارێک لە لایەن کۆمیتەی نۆروێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بۆ هاوڕێیان قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسی و خاتوو گوڵاڵەشەرەفکەندی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە شاری ئۆسڵۆ پێک هات. ئەمەی خوارەوە دەقی پیادەکراوی باسەکەی هاوڕێ قادر وریا لەو سمینارە دایە کە بۆ بڵاوبوونەوە لە ڕۆژنامەی «کوردستان» ئامادە کراوە:"

پێشەکی:

دۆستانی بەڕێز! هاوڕێیانی خۆشەویست!

بەخێر بێن بۆ سمیناری ڕێزگرتن لە ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی ئاڵای کوردستان و ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان.

وێڕای بەخێرهاتنتان، لەسەرەتاوە حەز دەکەم پیرۆزبایی ئەو بۆنەیە لە هەموو تێکۆشەرانی ڕێبازی ئاڵای کوردستان و هەروەها هەموو پێشمەرگەکانی چەندین دەیەی ڕابردوو بکەم کە لە سەنگەری بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا خزمەتیان کردووە. هەروەها سڵاویش دەنێرم بۆ شەهیدانی کوردستان، ئەوانەی کە لە ڕێگای شەکاوەڕاگرتنی ئاڵای کوردستان و لە سەنگەری پێشمەرگایەتیدا گیانیان بەخت کردووە، لە پێشەوەی هەموویان پێشەوا قازی محەممەد، سەرکۆماری کوردستان و، لە دوا وێستگەی ئەو کاروانەشدا شەهیدانی ١٧ی خەرمانان کە لە تاوانێکی سنووربەزێنانە و ئەخلاقبەزێنانە و دڕندانەی کۆماری ئیسلامی لە هاوینی ڕابردوودا، بەهۆی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات، گیانیان بەخت کرد.

***

مەبەست لە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات

سەرەتای ئەو بزووتنەوەیەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەبەستمە، دەگەڕێتەوە بۆ ٧٥ ساڵی ڕابردوو. بەڵام ئەگەر باسی ئەو دەورەیەی دوایی بکەین، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ دەسپێکردنی خەباتی گەلی کورد لەگەڵ جمهووری ئیسلامیدا. پێویستە ئەمەش بڵێم ساڵانێک ئەگەر باسی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانمان دەکرد زۆرتر بزووتنەوە لە هێزە سیاسییەکاندا خۆی دەنواند. چونکە هێزە سیاسییەکان لەنێو خەڵک بوون، لە ناوچەی نفووزی خۆیاندا دەسەڵات بوون، هێزی پێشمەرگەیان هەبوو، مەجبوور بوون کاروباری ڕۆژانەی کۆمەڵانی خەڵک ڕایی بکەن و بەڕێوەی بەرن. لە دەرەوەی هێزە سیاسییەکان حەرەکەتێک نەبوو بۆ داواکاریی مافەکان. خەڵک ئەگەر جموجۆڵی سیاسیشی دەکرد لە ڕێگای کۆبوونەوە لە دەوری ئەو هێزانە و پشتگرتنی ئەوان بوو. هەر ئەوانیش لە دانیشتن لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزیدا، لەگەڵ ڕاگەیەنەکان و هتددا، نوێنەرایەتیی خەڵکیان دەکرد. ڕاگەیەنەکان و چاودێرانی سیاسی ئەگەر بیانویستبایە قسەیەک لە جووڵانەوەی کورد ببیستن، لە ڕیزی پێشەوەی جووڵانەوەکەدا حیزبەکان هەبوون و ڕوویان لەوان دەکرد. بۆیە لە دوای هاتنە سەر کاری ڕێژیمی تازە و لەو کاتەدا کە کورد لەگەڵ ڕێژیمی تازە کێشەی لێ پەیدا بوو لەو وەختەیەوە هەتا ساڵانێکی زۆر، دەتوانین بڵێین هێزە سیاسییەکان پێکهێنەری بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون.

بەڵام زیاتر لە دەیەیەکە کە باسی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین ناتوانین ڕوویەکی دیکەی ئەو بزووتنەوەیە نەبینین. ئەویش ئەو خەباتەیە کە لە نێو خەڵکدا هەیە. ناڵێم پێوەندیی نییە بە حیزبەکانەوە، یا حیزبەکان کاریگەرییان لەسەری نییە. مەسەلەکە ئەوەیە لە هەلومەرجێکی دیکەدا خەڵک هاتۆتە مەیدان، بە شێوەی جۆراوجۆر قسەی خۆی دەکا و بۆ مافەکانی خۆی، بۆ ئازادییەکانی خۆی خەبات دەکا. ئەو دووانە تەواوکەری یەکترن و لێک جیا نین. بەڵام سروشتییە دوو فۆرمی جیاواز، دوو جوغرافیای جیاوازی تێکۆشان و، دوو هەلومەرجی جیاوازیان هەیە. بۆیە من کە دەڵێم بزووتنەوەی کورد، مەبەستم هەر دوو بەشیەتی، هەم تێکۆشانی هێزە سیاسییەکان و هەم ئەو خەباتە جۆراوجۆرە کە لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە.

٣ قۆناغ لە بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتدا

وەک سەرەتایەک بۆ ئەو باسە پێویستە قۆناغبەندییەک بکەین بۆ بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە ساڵی ١٣٥٨ـەوە کە لە نێوان ئەو بزووتنەوەیە و کۆماری ئیسلامیدا کێشە دروست بوو، هەتا ئێستا ئێمە چەند قۆناغێکمان بڕیوە. بۆخۆم ئاوای دابەش دەکەم _مەرج نییە پۆلێنکردنەکەم زۆر زانستی بێ_ و ئەمە بۆ هاسانیی باسکردن لە هەلومەرج و ئاڵوگۆڕەکان و تایبەتمەندییەکانی هەر قۆناغێکە.

لە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە تا ئێستا خەبات و تێکۆشانی کوردی ڕۆژهەڵات لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە:

قۆناغی یەکەم/ قۆناغی داسەپانی شەڕ بەسەر کورددا:

دوای ئەوەی کە شۆڕش لە ئێران سەرکەوت و نیزامی تازە هاتە سەر کار، سروشتی بوو کورد کە ساڵانێکی درێژ بوو خەباتی کردبوو بۆ مافەکانی و خاوەنی کۆماری کوردستان بوو، خاوەنی بزووتنەوەی ٤٦-٤٧ بوو، بۆیەش لە شۆڕشدا بەشداری نەکردبوو کە حکوومەتێکی ئیسلامی بێنێتە سەرکار، چاوەڕوان بوو مافەکانی دابین ببێ. ڕێژیمی تازە لەباتی دابینکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان شەڕی لەگەڵ کرد. ئەو شەڕە دەکرێ بڵێم هەتا نێوەڕاستەکانی دەیەی ٧٠ی هەتاوی خایاند، لە پێشدا بە شێوەی جەبهەیی و دوایە بەشێوەی پارتیزانی. ئەوە قۆناغێکە کە بزووتنەوەی کورد، بەرە بەرە لە شار و ناوچەکانی خۆی پاشەکشەی کرد، چونکە ئەو ئیمکانەی نەبوو بتوانێ بەشێوەی نیزامی بەرامبەر بە دەسەڵات ڕابوەستێ و پاش قوربانیدانێکی زۆر _دەکرێ بڵێم بۆ هەر بستێکی خاکی خۆی کە بەجێی هێشت، قوربانی دا_ بەڵام لە نیهایەتدا نەیتوانی ئەو ناوچەیەی لە ژێر نفووزی خۆیدا بوو بپارێزێ و، ناچار بوو بچێتە ئەو دیوی سنوورەکان و لەوێ نیشتەجێ بێ. هێزە سیاسییەکان مەجبوور بوون بنکە و بارەگاکانیان ببەنە دەرەوەی سنوورەکان. دیارە دوای ئەوەش کە قۆناغی جەبهەیی شەڕ گۆڕا و بوو بە قۆناغی پارتیزانی، خەبات و تێکۆشانی هێزی پێشمەرگە لە نێوخۆ هەتا نێوەڕاستەکانی دیەی ٧٠ی هەتاوی هەر ئیدامەی هەبوو.

قۆناغی دووهەم/ قۆناغی زەمینگیربوون لە باشووری کوردستان

ئەم قۆناغە لە نێوەڕاستەکانی دەیەی ٩٠ی زایینییەوە هەتا کۆتاییەکانی دەیەی یەکەمی ٢٠٠٠، دەگرێتەوە. لەو قۆناغەدا هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە واقیعدا دوور لە زێدی ئەسڵی و ژینگەی تێکۆشانی خۆیان لە باشووری کوردستان بە جۆرێک زەمینگیر ببوون. لە ڕووی نیزامییەوە، لە ڕووی حزووری هێزی پێشمەرگە و کادرەکانی حیزب نەیاندەتوانی لە نێوخۆی وڵات هەبن. نە تەنیا نەیاندەتوانی بە شێوەی هێزی پێشمەرگە لە نێو خەڵکدا حزووریان هەبێ، بەڵکوو لە دەرەوەی سنوورەکانیش و لەو شوێنەی جێگیر ببوون، لەگەڵ دوو کێشەی گەورەی بە دوای یەکدا بەرەوڕوو بوون. کێشەی یەکەم ئەوە بوو کە کۆماری ئیسلامی بە کاری تێرۆریستی لە دەرەوەی سنوورەکانیش دەیتوانی قوربانی لە هێزە سیاسییەکان بستێنێ. نیوەی دووهەمی دەیەی ٩٠ و نێوەڕاستەکانی دەیەی ٩٠ی زایینی، سەردەمی سەردەمداری و تەڕاتێنی کۆماری ئیسلامی لە باشووری کوردستان بۆ ڕاوی تێکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەڵات بوو. یەکێک لە کێشە گەورەکان کە ئێمە لەو قۆناغەدا لە باشووری کوردستان لەگەڵی بەرەوڕوو بووین ئەو کێشەیە بوو.

کێشەی دووهەم؛ ململانێ و کێشە نێوخۆییەکانی ئەو هێزە سیاسییانە بوو. ئەو هێزانە نوقمی کێشە و ناکۆکییە سیاسییە نێوخۆییەکانی خۆیان بوون. ئەمە وای کرد کە لە زۆر شت دوا بکەون، ئەو کێشە و ناکۆکییە نێوخۆییانە ماوەیەکی زۆر ئەو هێزانەی بە خۆوە خەریک کرد و سەرئەنجام لێک دابڕان و ئینشعابیان لێ کەوتەوە. ئەوەش وایکرد ئەوان لە زۆر کێشەی نێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات دابڕێن و، هەم بە هۆی دابڕانی جوغرافیایی و هەم بە دەلیلی سەرقاڵبوون بەو کێشانە، نەیانتوانی بەو جۆرەی پێویستە کاریگەری لە سەر زۆر لە ئاڵوگۆڕەکانی نێوخۆ دابنێن.

هەر لەو ساڵانەدا کە ئێمە بەو کێشانەوە مەشغووڵ بووین لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات هێندێک هێز و لایەن بە تایبەتی جەریاناتی ئیسلامیی توندڕەو، لە غیاب و دیارنەبوونی هێزە سیاسییەکان بە قازانجی خۆیان سوودیان وەرگرت. توانییان نفووزی خۆیان پەرە پێ بدەن و خەڵکێک جەزبی خۆیان بکەن. کۆماری ئیسلامیش ئەوەی پێ ناخۆش نەبوو. پێی خۆش بوو بەدیل بۆ هێزە نەتەوەییەکانی ڕۆژهەڵات دروست بێ تا خەڵکەکە بە لای ئەودا بچێ و نەیدەزانی ڕۆژێک ئەو جەریاناتەی مەجالی تێکۆشان و خۆبڵاوکردنەوەی پێ داون لەوانەیە بۆ خودی ئەو ڕێژیمەش ببنە سەرئێشە.

گۆڕانێکی سیاسی کە هاوکاتە لە گەڵ ئەم قۆناغە و لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە: لە نێوەڕاستەکانی دەیەی ٧٠ی هەتاوی بەم لایەوە (تا دێینە نێوەڕاستەکانی دەیەی ٨٠ی هەتاوی) بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازی وایکرد کە لە ئێران سەرکۆمارێک بێتە سەرکار بە گوتارێکی تازەوە، دەوڵەتێک بێتە سەرکار، جیاوازی هەبێ لەگەڵ دەوڵەوتەکانی پێشوو. مەجلیسێک پێک بێ لەگەڵ مەجلیسەکانی پێشوو جیاوازی هەبێ. ئەوەش فەزایەکی بۆ خەڵک بە گشتی و لەو نێوەدا بۆ خەڵکی کوردستانیش پێکهێنا کە جۆرێکی دیکە کار و تێکۆشان بکەن. پێشتر تەنیا لەگەڵ سەرکوت بەرەوڕوو بوون و هیچ مەجالێکی دیکە نەبوو، بەڵام لەو فەزایە ئیستفادەیان دەکرد. لە لایەکەوە نەسلێک لە کوڕ و کچەکانیان کە لە ساڵانی پێشوودا چووبوون بۆ خوێندنگەکان و زانکۆکان، پێگەیشتبوون و ئەو نەسلە لە ژێر کاریگەریی فەزایەک کە لە دانیشگاکاندا هەبوو، هەر وەها لەژێر کاریگەریی ئاڵوگۆڕەکانی ئێران و ناوچەدا توانیان جموجۆڵی تازە دروست بکەن. کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی دیکە توانی ڕەفتاری سیاسیی لە خۆی نیشان بدا. بۆ وێنە لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا کە خاتەمی بۆ یەکەمجار کاندیدا بوو، هەموو حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتیش هەڵبژاردنیان تەحریم کرد، بەڵام خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی بەرین لە هەڵبژاردندا بەشداریان کرد و زۆربەی دەنگەکانیشیان بە خاتەمی دا. دیارە بە داواکاری و ویست و چاوەڕوانیی خۆیانەوە ئەوەیان کرد. دوایە بۆ هەڵبژاردنی مەجلیسی شەشەمیش هەر بەم شێوەیە ڕەفتاریان کرد. بەو جیاوازییەوە کە لەمەیاندا حیزبی دێموکراتیش خەڵکی تەشویق کرد بەشداریی هەڵبژاردن بۆ مەجلیسی شەشەم بکەن بۆ ئەوەی نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان یا هەر نەبێ کەسانی باش و نیزیک لە خۆیان هەڵبژێرن، بۆئەوەی بتوانن لەو فەزایەی کە هەیە ئیستفادە بکەن. جا ئەو بزووتنەوەیەی نێوخۆی وڵات، کە ئێستا و لەم دە ساڵەی ئەخیردا شایەدی گەشەکردنین، لەو سەردەمدا خۆی بڵاو کردەوە و، گوورا. بە هۆی ململانێ و ڕقەبەرییەک کە لە نێوان قۆڵەکانی دەسەڵاتدا هەبوو، خەڵک دەرفەتیان دەست کەوت کەسانێک بۆ مەجلیس بنێرن کە لە خۆیان نیزیک بوون. بە هۆی ئەو فەزایەی بزووتنەوەی خوێندکاریی ئێران و چاپەمەنییە بوێرەکانی ئەوکاتی ئێران پێکیان هێنابوو، بە هۆی گەشەی بزووتنەوەی فەرهەنگی و چالاکیی ڕۆشنبیری لە کوردستان و کۆمەڵێک شتی دیکەی ئاوا، لەو دەورانەیدا بزووتنەوەی مەدەنی و ئازادیخوازی لەنێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، توانی خۆی بڵاو بکاتەوە.

قۆناغی سێهەم/ قۆناغی جووڵان و بەخۆدا هاتنەوەی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات

ئەو قۆناغە لە کۆتاییەکانی دەیەی یەکەمی ئەو سەدەیە، دەست پێ دەکا و هەتا ئێستاش بەردەوامە. ئەو قۆناغە قۆناغی جووڵان بوو لەنێو هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتدا. قۆناغی حزوور پەیداکردنەوەیان لە نێوخۆ و چاوخشاندنەوە بە پێوەندییان لەگەڵ یەکتر بوو. هاوکات لەگەڵ جووڵەی هێزە سیاسییەکان، لە ژوورەوەش بزووتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵک، ئەو بزووتنەوەیەی پێی دەڵێن بزووتنەوەی مەدەنی، ڕوو لە گەشەکردن دەکا. هێزە سیاسییەکان دوای دەورانێک ناکۆکی و ململانێی نێوخۆیی و ئینشعابات، توانیان خۆیان سازمان بدەنەوە و جموجۆڵێک وەڕێ بخەنەوە. دیارە هەر یەکێک بە سەبکی خۆی.

بزووتنەوەی نێوخۆ کە لەم دەورانەدا گەشە دەکا، سەرهەڵدان و گوورانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی دووهەم. بۆ ئەو کاتەی بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازی لە ئێران توانیی کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕ و پاشەکشە بە کۆماری ئیسلامی تەحمیل بکا. ئەم بزووتنەوەیە لەم ١٠-١٢ ساڵەی دواییدا پتر گەشەی کردووە. کە دێینە سەر ئەو قۆناغەی١٠-١٢ ساڵی ئەخیر ئێمە شایەتی کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕین. با لە پێشدا باسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکەم کە هێندێک چالاکیی دەست پێکرد کە دەکرێ بڵێم لە نەوعی خۆیاندا تازە بوون. یەکەمیان ئەوە بوو کە ئێمە پاش ساڵانێکی زۆر بووینە هۆی ئەوەی کە تێکۆشەرانی حیزب، کادر و پێشمەرگەمان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات حزوور پەیدا بکەنەوە. ڕچەشکێن و پێشەنگی ئەو حەرەکەتە، حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.

گۆڕانێکی دیکە ئەوە بوو، ئەو بزووتنەوەیەی لە نێوخۆ هەبوو و پێشتر زۆر جار بە درێژایی سەیری دەکرا، بەڵام لەو قۆناغەیدا ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پشتگیرییەوە چووینە پشتی. پێمان وابوو ئەو خەڵکەی لەو فەزایەی ئەوێدا کار دەکا، ئەوە دەلیلی پێگەیشتووییانە. دەلیلی ئەوەیە ناتوانن بە شێوەی ئێمە کار و خەبات بکەن بەڵام لەو فەزایەی ئەوێ بۆ دەربڕینی داخوازەکانی خۆیان سوود وەردەگرن و هەزینەشی بۆ دەدەن. ئێمە دەبێ تەشویقی ئەوە بکەین و لە ئێستاشدا ڕەنگە باشترین شت هەر ئەوە بێ کە ئەوان تەشویق بکەین بێن بۆ خۆیان مەسائیلی خۆیان مەترەح بکەن. لەگەڵ ئەوەی لە پێشووشدا سابقەی هەبووە حیزبی دێموکرات بچێتە سەر ئەو سیاسەتەی کە لە دەرفەتەکان ئیستفادە بکا، وەک لە باسی مەجلیسی شەشەمدا ئاماژەم پێکرد، بەڵام لەو قۆناغەیدا ئێمە پتر لە هەمیشە هاندەر بووین بۆ ئەوەی خەڵک بۆخۆیان لە مەیداندا بن، بەهەر شێوەیەک بۆیان دەگونجێ قسەی خۆیان بکەن.

لە ئاڵوگۆڕەکانی دیکەی ئەم قۆناغە کە لە هێزە سیاسییەکاندا بیندرا و ئێمەش بە نۆرەی خۆمان وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆرمان کار بۆ کردووە، ئەوە بوو کە «بازخوانی» (خوێندنەوەیەکی دووبارەی) پێوەندیی نێوان حیزبە سیاسییەکان بکەین. جارێکی دیکە بەیەکەوە دانیشین، گفتوگۆ بکەین و، لەباتی ئەوەی هەر لایەنەی بۆخۆی هەوڵ بدا، بەیەکەوە هەوڵ بدەین وتار و بەیانی هاوبەشمان هەبێ، هەڵوێستی هاوبەشمان ببێ و بتوانین ئەو دەورانە لە ناخۆشی و گرژی لە نێوانماندا هەبووە، بەجێ بێڵین.

ئەو کارانەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان کردنی، نەتیجەیان هەبوو. بۆ وێنە حزوور پەیداکردنەوەی تێکۆشەرانی حیزبی ئێمە لە نێوخۆ، وایکرد هێزە سیاسییەکانی دیکەش بەڕاستی وردە وردە وەخۆکەون. ئەوانیش هەوڵ بدەن کادر و پێشمەرگەیان لە نێو خەڵکدا حزووری هەبێ. لە بواری پێکەوە دانیشتن و دیالۆگ لەگەڵ یەکتر، هێزی وا هەبوون بە دەنگمانەوە هاتن و ئێمە توانیمان نەتیجەی لێ بگرین. یانی ئەگەر پێشتر تەنانەت سێ هێزیش ئامادە نەبوون بەیەکەوە دابنیشن بەڵام ئەمجار وای لێهات چوار هێز، پێنج هێزی سیاسی بەیەکەوە دابنیشن و لەگەڵ یەکتر دیالۆگ بکەن و پێکەوە و بە هاوبەشی لە میدیاکان و لە سمینار و کۆنفرانسی

گەیشتینە ئەو جێگایەی کە ئێمە ئێستا شاهیدی هاوکاری لەگەڵ یەکترین لە چوارچێوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێراندا. لایەنەکانی دیکەش هەر کام بە شێوەیەک لە شێوەکان چالاکتربوونەوە لەم قۆناغەدا، جا هی وایە لە دەرەوە چالاکتر بوو، هیوایە لە پێوەندیی لەگەڵ ژووریدا.

بەم جۆرە ئەم دەورەیە واتە قۆناغی سێهەم، قۆناغی بەخۆداچوونەوەی هێزە سیاسییەکان، قۆناغی چالاکبوونەوە و هاوکاتیش گەشەی بزووتنەوەی مەدەنی و ئازادیخوازی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایە. بەڵام لە ئێستادا کێشەکانی ئەو بزووتنەوە چین؟

قۆناغێکی چارەنووسساز لە تەمەنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا

ئێمە ناتوانین بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوهەلومەرجەی ئەمڕۆ لە ئێراندا هەیە و بەبێ دیتنی ئەو قۆناغەی لە تەمەنی ئەو ڕێژیمەدا دەستی پێکردووە، باس لە کێشەکانی خۆمان بکەین. لە ئێستادا قۆناغێکی زۆر چارەنووسساز لە حەیاتی کۆماری ئیسلامیدا دەستی پێکردووە. نەک بڵێین ئێستا دەستی پێکردووە، چەند ساڵێکە بەڵام ئێستا ئیدی هیچ کەس چ لە نێوحاکمیەتی جمهووریی ئیسلامی و چ لە نێو هێزە سیاسییەکاندا هەروەها لە نێوخەڵکدا گومانی لەوەدا نییە کە ئەو قۆناغە دەستی پێکردووە. بۆ چی پێمان وایە ئەو قۆناغە، قۆناغێکی چارەنووسسازە؟

یەک لە گرنگترینی ئەو کارتانەی ئەو ڕێژیمە پێی بوون و یاری پێدەکردن و بە هۆیانەوە دەیتوانی عومری خۆی درێژ بکاتەوە، هەڵبژاردن بوو. ئەو کارتە ئیدی چی دیکە کارایی نەماوە. کۆماری ئیسلامی ئەو دەستاودەست کردنەی دەسەڵات لە بەینی جەناحەکانی خۆی بەم جۆرە بە کار هێناوە کە هەر جارەی یەکیانی

> **ئێمە جاران بۆخۆمان زۆر ڕەعایەتی خەڵکی نێو خۆمان دەکرد، ئەو کاتەی باسی مەسایلی ئەوێمان دەکرد، کە کارمان پێ دەسپاردن، کە پەیامەمان بۆیان هەبوو، گوتارێکی نەرممان بە کار دەهێنا. ئێستا ئەوان زۆر جار ڕەخنەیان لە پەیامەکانی ئێمە هەیە، دەڵێن وەزعەکە گۆڕاوە، سەردەمەکە گۆڕاوە و پێویست ناکا بەم گوتارە بدوێن**

هێناوەتە سەر. قۆڵێک هاتووە خەڵکی وەها جارز کردووە کە دوایە حەسرەت بخوازن بۆ ئەوەکەی دیکە. ئەوجار، ئەویانی هێناوەتە سەر. بە بەڵێنیی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی سیاسی، هەوڵی ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدانی داوە، پاش چەند ساڵ، قۆڵەکەی دیکە بە بەڵێنیی باشکردنی دۆخی ئابووری و ژیان و بەرێچوونی خەڵک هاتووەتە سەر کار. بەڵام بۆ حاڵی خەڵک ئەوە نەتیجەیەکی نەبووە. لە دوایین هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا، خەڵک بەهەر سەختییەک بوو، لە چوارچێوەی ئیمکان و وەزعی مەوجوودا کاندیدایەکیان لەنێو ئەوەندە کاندیدایانەی کە کۆماری ئیسلامی لە مەیدانی ڕەقابەتدا هێشتبوونییەوە، هەڵبژارد. ڕۆحانی قەولی ئاساییکردنەوەی پێوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوای دەدا و خەڵکیش پێیان وابوو ئەگەر پێوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوا ئاسایی بێتەوە لەسەر ژیانی ئابووریی ئەوان تەئسیری دەبێ. حەتا لە بواری سیاسیشەوە هێندیک قەول و بەڵێنی دا، بۆیە خەڵکێک لە ئێران حەتا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش پێیان وا بوو ئەگەر دەنگی پێبدەن لەوانەیە لە ئێراندا ئاڵوگۆڕ پێک بێ، پێیان وابوو مادام ناتوانن ڕێژیمەکە برووخێنن لانیکەم با یارمەتیدەر بن بۆ ئەوەی «تحولات»ێک پێک بێ! بەڵام وەک بە کردەوە دەبیینین کارتی هەڵبژاردن -کە هەم ڕێژیم بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی خۆی و هەم خەڵک بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە چوارچێوەی ئەو ڕێژیمەدا، هیوایان پێ بەستبوو- لەو چەند ساڵەیدا بێئاکامی و ناکاراییەکەی بە باشی دەرکەوتووە. تەنانەت ڕۆحانی توانیشی ئەو کێشەیەی لەگەڵ ڕۆژاوا هەیان بوو لەسەر پرسی ئەتۆمی و هتد، ئەوەش حەل بکا و دیتمان بەرجامیش هاتە کایەوە. بەڵام سەرەڕای جێبەجێبوونی «برجام» و، ئازادکرانی پووڵە دەستبەسەرداگیراوەکانی ئێران و هەڵگیرانی گەمارۆکان و قەول و بەڵێنیی وڵاتانێک کە لەگەڵ ئێران پێوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانیان زیندوو دەکەنەوە، هێشتا لە ڕووی ئابوورییەوە گۆڕانێک بە قازانجی ژیانی خەڵک ڕووی نەدا و دیتمان لە بەفرانبار و ڕێبەندانی ساڵی ڕابردوودا، خەڵک چۆن بەرەوڕووی ئەو ڕێژیمە بوونەوە و لە زیاتر لە سەد شاری گەورەی ئێران هاتنە سەر شەقام و نەک هەر دژی ئەم یا ئەو جەناح، بەڵکوو داوای ڕووخانی ڕێژیمەکەیان لە تەواوەتی خۆیدا کرد. یانی ئەوجار ڕەئسی نیزامەکەیان- کە خامنەییە، بەیتی ڕەهبەرییە، سپای پاسدارانە- کرد بە ئادرەس و کوتیان ئەوانیان ناوێن.

بۆچی وایان کرد؟ چونکە ئەو قەول و بەڵێنە ئابوورییانەی قەرار بوو لەگەڵ هاتنی ڕۆحانی جێبەجێ بێ، جێبەجێ نەبوو. لە ڕووی سیاسیشەوە ئەو قەول و بەڵێنانەی دابوونی، بۆ وێنە بە نیسبەت خەڵکی کوردستانیش هێندێک قەولی دابوو بەڵام ئەوانیشی جێبەجێ نەکرد. جا ئەوە لەو ئاخرییانەدا دەرچوونی ئەمریکا لە بەرجام -لەو ڕێککەوتنەی کە قەرار وابوو زۆر «تحولات» درووست بکات-یشی هاتەسەر. بەڕاستی ئەو ڕێککەوتنەی کە کرابوو زۆر لە قازانجی ئێران بوو، چونکە پێوەندییەکانی لەگەڵ دنیای دەرەوە توانی ئاسایی بکاتەوە، ئەو گەمارۆیانەی لەسەری بوون لادەچوون، لە عەینی حاڵیشدا بەرنامەکانی خۆی، کە مووشەکسازییە درێژە دەدا، دەستتێوەردانەکانیشی لە وڵاتانی ناوچەدا هەر درێژە دا، بەبێ ئەوەی لە ژوورەوە لە ڕووی سیاسی و لە ڕووی ئابوورییەوە مل بۆ گۆڕانێک بە قازانجی خەڵک بدا. بۆیە ئێستا کە ئامریکا لەو ڕێککەوتننامەیە چووەتە دەر، گەمارۆکانی نوێ کردووەتەوە، جارێ هێشتا کاریگەرییە ئابوورییەکانی دەرچوونی ئەمریکا لە بەرجام بە تەواوی خۆیان نەنواندووە. ساڵی پێشوو کە ئەوانەش نەبوون خەڵک وەزعەکەیان لە تەحەممول چووبووە دەرێ، ئێستا کە ئەوانەشی هاتووەتە سەری، بەدڵنیاییەوە وەزعی خەڵک لە ڕابردوو زۆر زۆر خراپترە و هەر ئانوساتێک ئیمکانی تەقینەوەی نارەزایەتیی خەڵک بەشێوەی ڕابردوو و گەورەتر لە ڕابردووش هەیە. ئێستا خەڵک هیوایەکی نەماوە بە هەڵبژاردنێکی دیکە و سەرکۆمارێکی دیکە و مەجلیسێکی دیکە. دەزانن ئەوە چل ساڵە ئەو جۆرە هەڵبژاردنانە، هیچ کێشەیەکی ئەوانی چارەسەر نەکردووە و کێشەکانی ئەوان بەو دەستاودەستکرانەی دەسەڵات لەم قۆڵ بۆ ئەو قۆڵ جێبەجێ نابێ.

ڕاستییەکی دیکە کە هاندەری خەڵکی ئێرانە بۆ ئەوەی چارەنووسی خۆیان لە گەڵ ئەو ڕێژیمە یەک لا بکەنەوە ئەوەیە دەست بۆ هەر شتێک دەبەن هەر کێشە و قەیرانێک لەو وڵاتەیدا هەیە، سەرچاوەی هەموویان دەگاتەوە لای ڕەهبەری و بەیتی ڕەهبەری و سپای پاسداران و ئەو نیهادانەی کە هیچیان لەگەڵ ناکرێ، نە بە ئینتخابات و نە بە هیچ شێوەیەکی دیکە. ئەو دامەزراو و دەسەڵاتانەش هی ئەوە نین لە بەرامبەر خەڵکدا پاشەکشە بکەن یا دەسەڵاتەکە هەر لە نێو خودی ئەو حاکمییەتەدا بدەن بە نەسلێکی دیکە کە جۆرێکی دیکە بیر دەکاتەوە و ڕێگای ئازادیی سیاسی دەدا و مەسائیلی خەڵک حەل دەکا. ئەوان دەزانن تا بینەقاقا لە نێو تاوانەکانی چل ساڵی ڕابردوودا گیریان کردووە، ئەگەر یەک قەدەم پاشەکشە بکەن خەڵک بەسەریانەوە ناچێ. بۆیە بڕیاریان ئەوەیە کە بە هیچ جۆر ڕێگا نەدەن دەسەڵات لە ئێراندا ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ. بەڵام خەڵکیش کە هەم لە ڕووی ئابووری و ژیان و بەرێچوونەوە، هەم لە ڕووی سەرکوتی سیاسی و بێبەشی لە سەرەتاییترین ماف و ئازادییەکانیان، هەتا هاتووە وەزعیان خراپتر بووە بەڕاستی گەیشتوونە ئەو بڕیارەی کە ئەو نیزامە بگۆڕن و نیزامێکی دیکەی بێننە جێ.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بەرەو ئەوە دەچێ کە چی دیکە کۆماری ئیسلامی بۆ تەحەممول نەکرێ. ئەمریکا کە لە سیاسەتی جیهانیدا ڕۆڵێکی یەک لا کەرەوەی هەیە، لەو پەیماننامەیە کشاوەتەوە. درووستە باسی گۆڕینی ڕەفتاری سیاسەتی ڕێژیمی ئێران دەکا و مەعلوومیشە کە ئەو ڕێژیمە، نایەوێ ڕەفتاری سیاسیی خۆی بگۆڕێ، کۆماری ئیسلامی لەم ڕەفتار نەگۆڕینەی خۆیدا بە مانەوەی ئورووپا لە بەرجام دا، دڵگەرمە. بەڵام ئورووپا بۆخۆیشی ناتوانێ تەحەممولی ئەو سزا ئابوورییانە بکا کە ئەمریکا بەرەوڕووی دەکاتەوە ئەگەر لەگەڵ ئێران زۆر شت درێژە بدا.

سەرجەمی ئەو شتانە وایان کردووە ئێستا خەڵکی ئێران بیر لە بەدیلی کۆماری ئیسلامی بکەنەوە. بۆ ڕۆژاواییەکانیش بە تایبەتی ئەمریکا ئەوە مەسەلەیە کە کۆماری ئیسلامی هەر کێشەیەکی ناوچەیی نییە، جیهانیشە. هەڕەشەیە بۆ سەر ئەمنییەتی ئەمریکا و زۆر وڵاتی دیکەی هاوپەیمانانی ئەمریکا لە ناوچەدا. ئەمریکا ئەگەر بیهەوێ ئەو کێشە و هەڕەشانە چارەسەر بکا دەبێ تەکلیفی خۆی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی یەکلا بکاتەوە. ئۆپۆزیسیونی کوردیش و ئێرانیش گەیشتوونە ئەو قەناعەتە کە دەبێ لە فکری گوزار دابن، لە فکری سیستەمێکدا بن کە جێگەی کۆماری ئیسلامی بگرێتەوە. ئێستا ئەو قۆناغە لە ژیانی کۆماری ئیسلامیدا دەستی پێکردووە.

ئێمە جاران بۆخۆمان زۆر ڕەعایەتی خەڵکی نێو خۆمان دەکرد، ئەو کاتەی باسی مەسایلی ئەوێمان دەکرد، کە کارمان پێ دەسپاردن، کە پەیامامان بۆیان هەبوو، گوتارێکی نەرممان بە کار دەهێنا. ئێستا ئەوان زۆر جار ڕەخنەیان لە پەیامەکانی ئێمە هەیە، دەڵێن وەزعەکە گۆڕاوە، سەردەمەکە گۆڕاوە و پێویست ناکا بەم گوتارە بدوێن، ئێستا کەسێکی جاران دڵی بەوە خۆش بوو لە ڕێگای ئینتخاباتەوە شتێک بکرێ، بۆخۆی کاری دەکرد بۆ ئەوەی فڵان کاندیدا ببێتە سەرکۆمار، ئێستا بۆخۆی لەو ڕابردوویەی خۆی پەشیمانە. چونکە نەتیجەی لێ وەرنەگرتووە. کەوابوو ئەو قەناعەتە لە ژووریدا درووست بووە کە ئەو ڕێژیمە دەڕوا و هیچ ئومێدێک لە چوارچێوەی ئەو ڕێژیمەدا جێبەجێ نابێ.

کێشە و ئاستەنگەکانی بەردەم هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات

ئێمە وەک هێزە سیاسییەکانی کورد لە چ شەڕایەتێک داین؟ ئایا ئەگەر ئەو قۆناغەی ئێستا جیدیتر بچێتە پێش، ئێمە ئەو ئامادەییەمان هەیە؟ لەو بارەوە قسە لەسەر بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرە.

یەکێک لە کێشە هەرە گرنگەکان، کە بزووتنەوەی کورد بە گشتی و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لەگەڵی بەرەوڕوون ئەو تەفرەقەیەیە کە لە نێوماندا هەیە. ئەگەرچی ئەو تەفرەقەیە لە پێشوو کەمتر بووەتەوە، پێوەندیی نێوان هێزەکان لەگەڵ یەک ئاساییە، بەڵام هەتا ئێستاش هێزە سیاسییەکان لە کارێکدا کە پێیان وایە جیدییە هەر بە تەنیا عەمەل دەکەن. بە دڵنیاییەوە ئەو بە تەنیا عەمەلکردنە، ئاکامی موسبەتی نابێ. بۆ وێنە بمانەوێ لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا پێوەندی بگرین، هیچ هێزێک نییە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تاقی تەنیا بتوانێ نوێنەرایەتیی هەموو گەلی کورد بکا، نوێنەرایەتیی هەموو هێزە سیاسییەکان بکا کە ئەگەر لەسەر فڵان پرۆژە لە گەڵ ڕۆژاوا ڕێک کەوت ئەوانی دیکەی بۆ ڕازی بێ؟ تەنانەت لە پێوەندیی لەگەڵ نێوخۆدا ئەگەر

> **ئەگەر شوێنێک، ناوەندێک نەبێ کە هەموو ئەو شێوە خەباتانە بە شێوەیەکی هارمونیانە سوودیان لێ وەربگیرێ، دەتوانن یەکتر خونسا بکەنەوە. ئەوەش یەکێک لە عەیبەکانمانە کە ئێمە نەهاتووین لەسەر گوتار و لەسەر شێوە خەباتمان یەکگرتوو بین و بە هاوبەشی عەمەل بکەین**

هێزێک بڵێ من دەتوانم لەگەڵ حاکمییەت پێک بێم و فڵان پرۆژە جێبەجێ بکەم، بۆی جێبەجێ نابێ. ئەگەر هێزە سیاسییەکانی دیکە لەگەڵیدا نەبن، چۆن جێبەجێ دەبێ و چۆن سەردەگرێ؟ ئەوساڵ کە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیتیان ئەو جموجۆڵانە هەیە لە پێوەندیی لەگەڵ داهاتووی ئێراندا، هەر لایەنەی بۆخۆی پێوەندیی بە فڵان ئیدارەی ئەمریکا یا لایەنی دیکە یا لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەگرت. بەڵام ئەو جۆرە پێوەندیگرتنە غەیری ئەوەی کورد مەجبوور بە تەنازول بکا، بەرهەمێکی دیکەی نابێ. چونکە کە بە تەنیا چووی، ئەو هێزەت نابێ و بەردەنگەکەشت حیسابێکی وات بۆ ناکا و داواکانت لێ قبوول ناکا. ئەمە یەکێک لە نەقسەکانی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتە کە هەتا ئێستاش لە باتی بەیەکەوە کار بکەین هەر کەس لە فکری خۆی دایە.

کێشەیەکی دیکە، ئەو ململانێیە ناسالمانەیە لەگەڵ ئەوەی هەموومان باس لەوە دەکەین کە دەبێ لەگەڵ یەک باش بین، دەبێ پێکەوە یەکگرتوو بین، بەڵام زۆر جار دەبینین لەنێو ئەندامان و لایەنگرانی هەموو هێزە سیاسییەکاندا کاتێک شتێک ڕوو دەدا لە قازانجی لایەنێک، ئەوی دیکە تەحەمولی ناکا، پرسیاری دەخاتە سەر، بە بەدبینییەوە لێی دەدوێ و فەزایەکی ناسالم درووست دەکا. ئەم لە قووڵایی دڵەوە قەبووڵنەکردنی یەکتر، بە بەرچاوتەنگییەوە سەیری یەکترکردن، بە بەدنیەتییەوە لە کاری یەکتر ڕوانین، یەکێک لەو کێشانەیە کە هەن.

کێشەیەکی دیکە ئەوەیە ئێمە گوتاریشمان بە نیسبەت یەکەوە جیاوازە. بۆ وێنە حیزبی وایە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان کە زۆر باس لە خەباتی مەدەنی و تەشویقی خەباتی مەدەنی لە ژوورەوە دەکا. هێزی وایە زۆر لەسەر خەباتی توندوتیژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و دروشمی ڕووخان و هتد پێدادەگرێ. هێزی دیکە هەیە زۆرتر تەئکید لەسەر خەباتی سینفی و کار لە گەڵ سەندیکاکان و ئەو شێوە خەباتە لە ژوورەوە دەکاتەوە. من هیچ یەک لەوانەم پێ خراپ نین. ئەوانە زەرفییەتەکانی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و هی خەڵکی ئێمەن و هەموویان لە جێی خۆیاندا کارایی خۆیان هەیە. ئەگەر تەنیا گرنگی بە یەکێکیان بدەین و ئەوانی دیکە پشتگوێ بخەین، ئەوەیان غەفلەتی سیاسییە و ئەوەیان هەڵە و زەعفە. هەمووی ئەوانە سەرمایە و فورسەتەکانی بزووتنەوەن، دەبێ ئیستفادەیان لێ بکرێ. بەڵام دەبێ ڕێک بخرێن. ئەگەر شوێنێک، ناوەندێک نەبێ کە هەموو ئەو شێوە خەباتانە بە شێوەیەکی هارمونیانە سوودیان لێ وەربگیرێ، دەتوانن یەکتر خونسا بکەنەوە. ئەوەش یەکێک لە عەیبەکانمانە کە ئێمە نەهاتووین لەسەر گوتار و لەسەر شێوە خەباتمان یەکگرتوو بین و بە هاوبەشی عەمەل بکەین.

گرفت و ناتەواوییەکی دیکە بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات، ئەوەیە کە هەتا ئێستا هیچ پرۆژە و بەرنامەیەکی هاوبەشمان نییە بۆ دیالۆگ و دانوستان لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی ئێران یا بۆ خەبات لە دژی حاکمیەتی ئێستای ئێران، هەروەها بۆ تەعامول لەگەڵ هەر ئالتێرناتیڤێک کە لە داهاتوودا لە ئێران بێتە سەرکار، یا بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ڕاکێشانی پشتیوانییان بۆ لای خەباتی کورد. کە تۆ پرۆژەت نەبوو یا پرۆژەت هەبوو بەڵام هاوبەش نەبوو، ناتوانێ وەک کورد ئەگەر فورسەتیشت بۆ درووست بێ سوودی لێ وەربگرێ.

ئەرکە هەنووکەییەکانی ئێستامان:

دێمە سەر ئەرکە هەنووکەییەکان؛ ڕاستییەکەی ئێمە وەختایەک دەتوانین ئەو عەیبانەی خۆمان ببینین کە بە چاوێکی ڕەخنەگرانە ئاوڕ لە ڕابردووی خۆمان بدەینەوە و مل بدەین بۆ بەخۆداچوونەوە. مەبەستم هەموو هێزە سیاسییەکانە ئەگینا دەتوانم بڵێم حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو بارەیەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوانی دیکە. هەر ئەم ڕۆژانە کە باسی شەڕە نێوخۆییەکانی ڕابردوو هاتبووەوە گۆڕێ، من بۆخۆم هەڵوێستێکی حیزب کە ٨ ساڵ لەوە پێش پەسندی کردبوو بڵاوم کردەوە. هەر ئەو هەڵوێستە نیشان دەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان دید و بۆچوونی بە نیسبەت ڕووداوەکانی ڕابردوو لەوانی دیکە جیاوازە. لانیکەم ئەوشەهامەتەی هەیە کراوەتر و بە سینگفراوانیی زیاترەوە قسەیان لێبکا. ئەمن ناڵێم ئێمەش وەک حیزبی دێموکرات بێعەیبین، بەڵام پێشەنگ بووین لەوەدا کە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە ئاوڕ لە ڕابردوو بدەینەوە. وا بیر ناکەینەوە کە هەموو شتێکی خۆمان باش بووە و هەر چی خراپییەکانە، هی لایەنەکانی دیکە بووە. لە ئێمەشدا عەیب هەبووە، لەوانی دیکەشدا. عەیبی وا هەیە بە هەموومان دەتوانین وا بکەین جارێکی دیکە دووپات نەبنەوە.

ئەو قەناعەتە بەو جۆرە درووست دەبێ کە هەر کامێکمان لە نێو حیزبی خۆماندا لە بیرمان بێ کە ئێمە هەر لە بەرامبەر بەرژەوندیی حیزبەکەی خۆماندا بەرپرسیار نین، بەڵکوو لە بەرامبەر میللەتەکەشماندا بەرپرسیارین. دەبێ لەو جێیانەی کە کەموکوڕی لە سیاسەتی ئێمە و لە هەڵوێستی خۆماندا هەیە ڕەخنەی لێبگرین. خەڵکیش دەبێ لەسەر هێزە سیاسییەکان هێزی گوشار بن. یانی بێجگە لە ئەندامانی هەر حیزبێک کە دەبێ هێزی گوشار بن لە سەر حیزبەکەی خۆیان بۆ بەردەوامبوون لەسەر کاری باش و بۆ دووپاتنەکردنەوەی کارێکی هەڵە، بەڵام بە گشتی خەڵکی دەرەوەی حیزبەکانیش دەبێ ئەو فەزایە بە نەقد بکێشن. ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە کە بە درووستکردنی کەشوهەوای گونجاو، بە کۆڕ و کۆبوونەوە و باسی ڕەخنەگرانە و لەژێر ڕووناکایی ئاوڕدانەوەی خەسارناسانە لە ئینشعابات و لە شەڕە نێوخۆییەکان و کێشە و ناکۆکی و وێکهەڵنەکردنەکانی ڕابردوو، پێداچوونەوە بکەین بە پێوەندییەکانمان لەگەڵ یەکتر. ئەگەر لە باری فکرییەوە ئەو قەناعەتەمان تێدا درووست بێ، ڕێگا خۆش دەبێ بۆ ئەوەی ئەو حیزبانەی کە پێشوو یەک حیزب بوون بەڵام دوایە بوون بە چەند حیزب، یەک بگرنەوە و ببنەوە حیزبێکی یەکگرتوو. یەکگرتنەوەی حیزبە لەتبۆوەکان، زۆر کۆمەگ دەکا بەوە کە هاوپەیمانییەکی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان درووست ببێ. ئەگەر یەک حیزبی دێموکرات، یەک کۆمەڵە هەبێ چاکتر دەتوانن پێک بێن تا وەکوو چەند دانە بن.

ئەگەر هەر کامێکمان «خودمحوربین»ی وەلا بنێین، بە نۆرەی خۆمان هەوڵی نەهێشتنی عەیبەکانی خۆمان بدەین، دەتوانین هەم یەکگرتنەوەی حیزبە لەتبۆوەکان عەمەلی بکەین، هەم هەموو حیزبەکان بەیەکەوە هاوپەیمانەتییەک درووست بکەین. هاوپەیمانەتییەکی وا کە پلان و پلاتفۆرمی هەبێ بۆ هەر ئاڵوگۆڕێک کە لەقۆناغی ئێستادا لەوانەیە پێک بێ. بە بوونی هاوپەیمانەتییەکی ئەوتۆ، لەگەڵ هێزەکانی هەرێمی کوردستان -کە ئێمە لەوێ دەژین، لەوێ لەوانەیە زۆر مەترسی لە ئایەندەدا ڕوومان تێبکەن- قسەمان و چاوەڕوانیمان حیسابێکی دیکەی بۆ دەکرێ. هەروەها ڕوو بە هەر بەردەنگێکی بیانی، کە بیهەوێ پشتیوانی لە پێکهاتنی ئاڵوگۆڕی سیاسی لە ئێراندا بکا، هاوپەیمانەتی و یەکگرتوویی پێویستە.

ئێمە بەرامبەر بە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتیش هەربە هاودەنگی و یەکگرتوویی و هاوخەباتی دەتوانین تەئسیرمان هەبێ. چاوتان لێ بوو ئەمساڵ لە ٢١ی خەرماناندا کە حیزبە سیاسییەکان قسەیان و داوایان یەک بوو و یەکییەتی و یەکگرتووییان لە خۆیان پێشان دا خەڵک چۆن بە دەنگیانەوە هاتن؟! لە داهاتووشدا هەر وایە.

ئێمە بۆ هەر چی باشتر کەلکوەرگرتن لەو زەرفییەتانەی کە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا هەن پێویستیمان بەوە هەیە کە لە پێشدا خۆمان وەک حیزبەکان لە دەوری یەک کۆ بینەوە و لاپەڕەیەکی تازە لە هاوکاریکردن لەگەڵ یەکتر هەڵدەینەوە. ئەوەندە هاوکارییەش کە ئێستا هەیە من بە کەمی نابینم، بەڵام بەڕاستی ئەوە زۆر سەرەتاییە. ئێمە دەبێ هەنگاوی زۆر گەورەتر هەڵبگرین، لە هەمان کاتیشدا بەرنامەمان هەبێ ئەگەر لەگەڵ هەر بەردەنگێک و ئۆپۆزیسیۆنێکی ئێرانی دادەنیشین، بە داوای دیار و ڕاشکاوانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بچین. ئەگەر تاقولۆقە لە گەڵیان بکەوینە دانوستان، ڕەنگە لە باشترین حاڵەتدا مافی شەهروەندیت پێ ڕەوا ببینێ بەڵام ئەگەر سەرجەم هێزە سیاسییەکان یەکدەنگ بن، داوای فیدرالیزمیش بکەن قبووڵی دەکەن.

ئێمە دەبێ بۆ ئەم قۆناغە چارەنووسسازە خۆمان ئامادە بکەین. هەمیشەش ئەوەمان

> **هەر کامێکمان لە نێو حیزبی خۆماندا لە بیرمان بێ کە ئێمە هەر لە بەرامبەر بەرژەوندی حیزبەکەی خۆماندا بەرپرسیار نین، بەڵکوو لە بەرامبەر میللەتەکەشماندا بەرپرسیارین. دەبێ لەو جێیانەی کە کەم و کوڕی لە سیاسەتی ئێمە و لە هەڵوێستی خۆماندا هەیە ڕەخنەی لێ بگرین. خەڵکیش دەبێ لەسەر هێزە سیاسییەکان هێزی گوشار بن**

لە بیر بێ کە ئەگەر ئەو سینگفراوانی و ئاوڕدانەوەی ڕەخنەگرانە لە ڕابردوو و بەخۆداچوونەوەیە لە خۆمان ڕا دەست پێ بکەین، لەگەڵ هەر هێزێکی دیکە کە دابنیشین قسەمان زۆر دلێر دەبێ.

پوختەی مەبەست

ئێمەی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات بە لەبەرچاوگرتنی ئەو قۆناغەی کە لە ئێران دەستی پێکردووە، هەروەها بە وردبوونەوە لەو دۆخەی بۆ خۆمان تێی داین -دەیان ساڵ دەربەدەری و دوورەوڵاتی و ئەو هەمووە کارەساتەی بە سەرمان هاتووە و ئەو هەمووە مەترسییەی لە سەر ڕێمانە- پێویستە کۆتایی بە تەفرەقە و ململانێی زیانبار لەگەڵ یەکتر و دوورەپەرێزی و بە تەنیا هەنگاونان بێنین. کاتی ئەوە هاتووە وەخۆ بێینەوە و بە گرتنەبەری نیازپاکی و هەستکردن بە بەرپرسیارەتی لە ئاست داهاتووی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هاوپەیمانەتییەکی سیاسی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانەی چاوەڕوان دەکرێن، پێک بێنین.

***

دیرۆکی خۆڕاگری

(لە دێکۆمێنتەکانی ئەنجوومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

بەندی کافرەکان و قووتدانی مار

ئەحمەد سادقپوور

ئەمن ناوم ئەحمەد سادقپوور، ناسراو بە سۆفی ئەحمەد. ساڵی ١٣٣٣ لە ئاوایی «شێخان»ی ناوچەی شنۆ لەدایک بووم. ماوەی شەش ساڵ لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بووم و ئەوەی لێرە بە کورتی باسی دەکەم، بەشێکە لەو دیرۆکە.

ساڵی ١٣٦١ ئەمن ئەندامی کۆمیتەی شارستانی شنۆ و مەسئوولی ڕێکخراوی نەڵۆس بووم. ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕی ئەو ساڵە لە ئاوایی «دێشەمس»ی ناوچەی شنۆ هێزێکی چەکداری باشوور گرتیانم. زۆرم هەوڵدا ڕادەستی کۆماری ئیسلامیم نەکەن، کەچی بەداخەوە بە قسەیان نەکردم و وابوو لەگەڵ دوو کەسی دی بردیانین بۆ ورمێ. کە گەیشتینە دەرکی زیندانی سپای پاسداران، خوارزای بەشیری مەلاحاجی دێشەمسمان لەگەڵ بوو. دەستی کرد بەگریان و گوتی سۆفی ئەحمەد خۆ من هیچ کارەمە. بەڕەحمەت بێ کاک سێمانی دێشەمسێ، ئەویشم لەگەڵ بوو. بە کابرای باشووری گوت جارێکیتر ناوی سۆفی بێنی ئاوات لێدەکەم و ئاوات بەسەر دێنم، دۆعا بکە سۆفی نەجاتی بێ... ئیتر ئەمن نە کاک سێمانم دییەوە، نە ئەو کابرا باشوورییە. لە زیندانی سپا بردیانمە ژووری ڕەحیم حەسەنی، سللولی ژمارە ٤. ڕەحیم گوتی: تۆیان بە هەڵە هێناوە بۆ ئێرە و ئێستا ڕات دەگوێزن، بەڵام با شتێکت پێ بڵێم؛ بە زار و ئیمزای خۆت هیچ قبووڵ مەکە. دەزانم لێم دەترسی، ئەمن کوڕی مەلا حەسەنیم، سێ برام لێرەن دەگەڵ خێزانی واحیدی برام، ڕەشیدی براگەورەمان لە تەورێزە، ئێمە چریکین. ئەگەر تووشی واحیدی برام بووی بڵێ ڕەحیم برینەکەی سووکە...»گوللەی وەلاقی کەوتبوو. پاش نیو کاتژمێر منیان بردە سللولی ژمارە ١٤ کە ناخۆشترین شوێن بوو. ئیدی بە ڕۆژ ئەشکەنجە و لێدان و پرسینەوە بوو، شەوانەش نەیاندەهێشت بنووی. جارێک مووسەویی ئەردەبیلی و شەمخانی هاتن بۆ نێو سللولەکان. لە سللولی ڕووبەڕووی من عینایەتوڵڵای باغش بوو کە ئەندامی موجاهیدین بوو. پێیان گوت: ئەتۆ منافیقی. لێیان گەڕاوە و گوتی: «خومەینی منافیقە. ئیدی لێیان نەپرسی و هاتنە بەر درگای سللولەکەی من. گوتیان لێیان نەداوی، ئەزیەتیان نەکردووی؟ ئەمنیش پشتم و لاقەکانم پیشان دان و گوتم ئەشکەنجەیەکی زۆر کراوم». شەمخانی گوتی: «نا ئەمە ئەشکەنجە نییە. ئەتۆ ماریێکت قووت داوە و ئەمە بۆ ئەوەیە بڕشێیەوە و مارەکە دەردەیە دەرێ کە ئەمە هەم بە قازانجی خۆتە و هەم بە قازانجی ئیسلام»!

هاوینی ٦١ بوو کە بردیانم بۆ دادگای شۆڕش، بە چوون و هاتنەوە چارەگێکی نەبرد، ئیمانی حاکمی شەرع بوو لە ورمێ. گوتی: «ئەتۆ پاسدارت کوشتوون، ماڵی خەڵکت تاڵان کردووە و چەتە بووی، دوایە دەمانچەکەی دەرێنا و گوتی زووکە داوای لێبوردن بکە لە ئیسلام دەنا ئێستا بۆ خۆم ئێعدامت دەکەم، گوتم ئەوانە هەموو بوختانن، ئیدی بە تورکی جنێوێکی دامێ و گوتی بیبەن؛ ئیدی بردیانمە زیندانی دەریا».

زیندانی دەریا پڕ بوو لە بەندیی سیاسیی دێموکرات، کۆمەڵە، موجاهیدین، چریک و ... ئەو ڕۆژەی کە ٤٨ کەسیان لە زیندانی ورمێ ڕا بردنەوە مەهاباد ئەمن لەوێ بووم، بەتەمەنترینیان مەلاحەسەنی لاجەوەردی بوو کە تەمەنی ٤٨ساڵ بوو، کەم تەمەنترینیان سیامەک سەقزی بوو کە ١٦ساڵ و ٧مانگ بوو، فەریدوون شەنگەش ١٧ساڵ بوو کە دواتر هەموویان ئێعدام کران، پاش ئەوان ئێمەیان بردە بەندی ٧ و ٨ کە ئەوکات زیاتر لە ٥٠٠ کەسی تێدابوو. ڕۆژی سێهەم لەو بەندە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ هەموومان مانمان لە خواردن گرت و سەرەخۆشیمان دانا...

باسی ڕۆژە سەختەکانی زیندان، کەمی ڕێوجێ، خراپیی خواردن، نەدانی ملاقات، هەوڵی شکاندن و سووکایەتی بە بەندییە سیاسییەکان و هێنانی سیخوڕ بۆ نێومان جارێ با لەولا بوەستێ. ئێمە دێموکراتەکان لە بەندی ٧ و ٨ ڕادیۆمان هەبوو کە بە من بوو. پاش بڵاوبوونەوەی خەبەرەکانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە ماوەی کەمتر لە دوو کاتژمێردا دەنگوباسەکان بە هەموو بەندەکان دەگەیشتن، بەڵام کە ڕایانگواستین بۆ بەندی ١٥، لەوێ ڕادیۆکەمان لێ گیرا. ئەو هاوڕێیەی ئێمە کە ڕادیۆکە لە دەستی ئەودا گیرابوو، زیاتر لە ٩ مانگ لێیان دا هەر گوتی دەنێو بۆشکەی زبڵدا هێناومەتە ژووری و هەر ئەو ڕۆژەم پێ بووە... بەدوای گیرانی ڕادیۆ زۆریان بردینەوە زیندانی سپا لە نێو شار کە ئەمن یەک لەوان بووم. ئەفسەرێکی شارەبانی بەناوی «.....» گوتی: «سادقپوور ٦ منداڵم هەن، ئەگەر دەزانی خۆت پێ ڕاناگیرێ با من هەڵێم، ئەمن ڕادیۆکەم لەو کڕیبوو و هەر ئەویش باتری بۆ دەهێنام، گوتم کاکە بێخەم بە من هەر ناتناسم، ئەمن کوردم... دوای ئەشکەنجەی زۆر کە هێنایانمەوە زیندانی ورمێ، هەر ئەو ئەفسەرە هات و بە فارسی گوتی: ئەمن نۆکەرتانم و شانازیتان پێوە دەکەم...

بەهاری ساڵی ١٣٦٤ ئێمە کە ٧٨ کەس بووین دراین بە بەندی «کافران» کە بازداشتگای قەدیمی ئەوێ بوو. لەوێ حەوتووی جارێک و ئەویش ١٥ خولەک دەیانبردینە هەواخۆری، ئەویش بە قرچەی نیوەڕۆ... ساڵی دواتر ئێمەیان هێنایەوە بەندی ٧ی قەدیم کە بەوێشیان هەر دەگوت بەندی کافرەکان و تا ئازادبوونم لە زیندان لەوێ مامەوە.

دوو ساڵ پێش ئازادبوونم حاکمی شەرعی ورمێ گوڕا و جەواهیری جێی ئیمانی گرتەوە و ئەمن لەگەڵ زۆر زیندانیی دیکە دیسان دادگایی کرامەوە. قازیی شەرع بۆ ئازادبوونم دوو مەرجی دانا. یەکیان ئەوە کە لە چوار مزگەوتی دیاریکراو یەکیان هەڵبژێرم و ڕۆژانی هەینی قسە بۆ خەڵک بکەم، لە مەهاباد، نەغەدە، پیرانشار یان شنۆ، ئەوی دیکە ئەوەی لە تەلەڤیزیۆنی ورمێ بۆ نیو سەعات لە دژی حیزبی دێموکرات قسە بکەم. ئەمنیش گوتم جەنابی حاکم ئەمن شتی وا ناکەم، جەنابت چۆن شتی وا دەڵێی؟ گوتی ئەمن ناڵێم، ئەوە داوای بەرپرسانی زیندان و سپایە. گوتم ئەمن شتی وا ناکەم. وابوو دوو ساڵ و نیوی دیکەش لە زیندانداا مامەوە هەتا ئەوەی حاکمی شەرع لە بەفرانباری ٦٦ بڕیاری ئازادکردنی دام.

ئەو ڕۆژە هەینی بوو و بەرپرسی زیندان لەماڵ نەبوو، جێگرەکەی ڕێگری نەکرد و هاتمە دەرێ، هەر ئەو شەوە ناوی بیست زیندانیی سیاسی خوێندرابوونەوە کە بەڕێی زیندانی تەورێز بکرێن کە یەکەم کەس ناوی منیان خوێندبۆوە. ڕەحمان مەحموودی، خەڵکی «دەلۆ» خەبەری دامێ کە خۆم نەدەم بە دەستەوە، بەڵام بەداخەوە ئەوانی دی هەموویان وەبەر کوشتارە بەکۆمەڵەکەی ساڵی ٦٧ کەوتن کە هەمووم دەناسین و زۆریان ماوەی زیندانییان تەواو ببوو و ڕایان گرتبوون، ئی واش هەبوو ساڵێک، یان هەبوو ٥ مانگی مابوو ماوە حوکمەکەی تەواو بکا...

بەسەرهاتی شەش ساڵ زیندان زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێ کە لەسەری بدوێم، بەڵام گۆشەکەی ئێوە لە ڕۆژنامە هەر بەشی ئەوەندەی کرد...

ئەمریکا لە نێوان حزووری نیزامی و پاشەکشەدا

خالید حەسەنپوور

ڕۆژی ١٩ی دێسامبر ترامپ لە ڕێگای تووێتێکەوە پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکای لە سووریە ڕاگەیاند. ئەو هەواڵە کتوپڕە هەم دۆستانی ئەمریکا و هەم دوژمنان و تەنانەت بەشێک لە دەوڵەتی ئەمریکاشی تووشی سەرسووڕمان کرد. کەمتر لە ١٠ ڕۆژ بە سەر ئەو بڕیارەدا تێنەپەڕیبوو کە سیناتۆری کۆماریخوازەکان، لینزی گرام ڕایگەیاند کە جارێ ئەمریکا پاشەکشە ناکا هەتا ئاخرین ئاسەواری داعش لەنێو نەچێ و هاوپەیمانە کوردییەکەش پارێزراو نەبێ. هەتا ئەو جێگایەی پێوەندی هەیە بە ناتەبایی لە سیاسەتی دەرەوەی ترامپدا، ئەوە یەکەمجار نییە کە ئیدارەی ترامپ هەڵوێستی لەو چەشنە دەگرێ. بەڵام هەتا ئەو جێگایەی پێوەندی بە ستراتیژیی ئەمریکا لە سووریەوە هەیە، ڕووسیە و ئەمریکا دوای چاوپێکەوتنەکەی پۆتین و ترامپ لە هێلسینکی، لەسەر قەدەری سووریە دەکرێ بڵێین لە قەوارە گشتییەکەیدا پێک هاتوون. ئەگەرچی خاڵەکانی ئەو سازانە ئاشکرا نەکراون و ڕانەگەیەندراون، بەڵام دەکرێ بڵێین لەسەر مانەوەی بەشار ئەسەد هەتا هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری و پاراستنی تەواوییەتی خاکی سووریە ڕێک کەوتوون. کە باسی تەواوییەتی خاک دەکرێ، وێدەچێ مەبەستەکە هەر بەتەنیا کوردی ڕۆژئاوا نەبێ، بەڵکوو ئێرانیش بگرێتەوە و جارێ ئەوەندە ڕوونە کە پێکهاتنی نێوان ئەو دوو گەورە هێزە بەتەنیا لەسەر مەسەلە گرینگەکانە و هێشتا لای لە وردەکارییەکان نەکردووەتەوە.

پرسیار ئەوەیە کە بەڕاستی سووریە چەندە گرینگیی هەیە بۆ ئەمریکا کە دەیهەوێ لە داهاتوودا هێزە سەربازییەکانی لێ بکێشێتەوە؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەپێشدا دەبێ بڵێین کە ئەمریکا نە هیچکات سووریەی بە ناوچەی نفووزی خۆی زانیوە و نە بە شێوەیەکی ستراتیژیکی لێی ڕوانیوە. لە ١٩٥٠ بەملاوە سووریە هەمیشە هاوپەیمانیی هەبووە دەگەڵ یەکێتیی سۆڤییەتی پێشوو و پاش نەمانی یەکێتیی سۆڤییەتیش پێوەندییەکانی دەگەڵ ڕوسیە هەر بە شێوەی ڕابردوو درێژە داوە. هەر ئەو پێوەندییە مێژووییەیە کە بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕێژیمی ئەسەد لە ڕووی ستراتیژییەوە ببەسترێتەوە بە ڕووسیە. پاش سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی و قووڵبوونەوەی قەیرانەکانی سووریە بوو کە ئیدارەی ئۆباما لە ژێر گوشاری بیروڕای گشتیدا کەوتە بیری ئەوەی کە دەست لە کاروباری نێوخۆیی سووریە وەربدا.

بە کورتی دەگەڵ ئەوەی کە ئەمریکا لە زەمانی ئۆبامادا دەیەویست ڕوویکەردێکی ئەکتیڤتر لە جاران بەرامبەر بە بارودۆخی ئەو وڵاتە بگرێتە بەر، بەڵام لەلایەک بە هۆی نەبوونی پێوەندیی دۆستانە و لەمێژینە دەگەڵ ئەسەد و لەلایەکی دیکەشەوە بە هۆی نەبوونی لێبڕاویی سیاسیی بەرامبەر بە هەڵسوکەوتی دژە دێموکراتیکی ئەسەد، کارتێکەریی لەسەر سیاسەتی سووریە زۆر کەم بوو. پاش ئەوەی ترامپ هاتە سەرکار، وا وێدەچوو کە ئیدارەی نوێی ئەمریکا ڕوویکەردێکی جیدیتر لەمەڕ سووریەوە بگرێتەبەر و، دەگەڵ ئەوەی ئیدارەی ترامپ هێزێکی سەربازیی نارد بۆ ڕۆژئاوای کوردستان و بە کردەوە دەگەڵ لایەنی کوردی و هێندێک لایەنی سەرانسەری هاوکاریی هەبوو، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیعدا ئەوەی شەقڵی لە سیاسەتی سووریە و گۆڕەپانی سەربازیی دەدا هەر ڕووسیە و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوون. دەکرێ بڵێین کە هەم ئیدارەی ئۆباما و هەم ئیدارەی ترامپ بە شێوەیەکی بێپلان و حیساب بۆنەکراو چوونە نێو گەمەی سووریەوە. بۆیە ئەمریکا وەک گەورە هێزێک یان نەدەبوو بچێتە نێو سووریەوە، یان ئەگەر دەچوو دەبوو بە لێبڕاوییەکی زۆرتر و بە هێزێکی زۆرتر چووبا نێو گۆڕەپانی سیاسی و سەربازیی ئەو وڵاتەوە.

دەکرێ بڵێین لایەنێک کە بەچوونەدەرێی هێزەکانی ئەمریکا تووشی زیان دەبن، کوردەکانن و ئەوەی پێی دەڵێن «هەسەدە»یە. ئەگەرچی یەپەگە لە سەرەتاوە پێوەندییەکی ئەوتۆیان بە ئەمریکاوە نەبوو، بەڵام لە ڕەوتی شەڕی کووبانی ڕا ئەرتەشی ئەمریکا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ یارمەتیی شەڕوانەکانی یەپەگەی دا. ئەو ڕەوتە بەردەوام بوو هەتا ئەو جێگایەی هێزەکانی یەپەگە و ئەرتەشی ئەمریکا بەرەیەکی سەربازییان لەدژی داعش پێک هێنا. لەو کاتەوە بەستراوەیی ئەو هێزانە بە ئەمریکاوە تا دەهات زیاتر دەبوو. ئەوە ئەگەر لەسەر گۆڕەپانی سەربازی بەو جۆرە بوو، لە گۆڕەپانی سیاسیدا بەو چەشنە نەبوو. هەتا ئەو جێگایەی پێوەندیی بە دواڕۆژی کوردی سووریەوە هەبوو، ڕەنگبێ چارەنووسی کورد لەو وڵاتە، بە حزووری ئەمریکا یان بێ حزووری ئەمریکا گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتبا.

سەرکردایەتیی کوردی ڕۆژئاوا هەر لە سەرەتاوە ڕایانگەیاندبوو کە لە سووریە جیا نابنەوە و، سازوکاری ئیدارەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیشیان بەجۆرێک ڕێک خستبوو، کە لە ڕووی قەوارەوە بە بەشەکانی دیکەی سووریەوە وەسڵ ببنەوە. بەڵام ناتەبایەکی کە لە سیاسەتی بەڕێوەبەریی ئەو بەشەدا هەبوو ئەوە بوو کە لە لایەک نیازی جیابوونەوەیان لە سووریە نەبوو و، لەلایەکی دیکەوە لە ڕووی سیاسی و سەمبولیکەوە جۆرێک تەعبیریان لە خۆیان دەکرد کە دەبوونە مایەی هەڕەشە لە سەر دەوروبەری خۆیان. هەروەها هەر لەو پێوەندییەدا مەسەلەیەکی دیکە کە ئەویش وەک کەموکووڕییەکی جیدیی سیاسی خۆ دەنوێنێ ئەوەیە، مادام ئەجیندای جیابوونەوە لە سیاسەتی کوردی سووریەدا نەبوو و نییە، پێویست بوو کە سەرکردایەتیی کوردی ڕۆژئاوا دەنگی پێی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە یەک ساڵ و نیوی ڕابردوودا، لە سەر گۆڕەپانەکانی شەڕ بە قازانجی ڕێژیمی ئەسەد لەگۆڕێدا بوون ببیستێ. ئەگەر یەپەگە واقعبینانە چاوی لە بارودۆخی سیاسی و سەربازیی سووریە کردبا و، بەپێی ستراتیژیی خۆی _کە مانەوە بوو لە چوارچێوەی سووریەدا_ جووڵابایەوە، دەبوو زۆر زووتر دەگەڵ ڕێژیمی ئەسەد بکەوێتە گفتوگۆوە. ئەو کارە دەبووە هۆی ئەوەیکە بەوەخت پێش بە تەڕاتێن و شەڕفرۆشییەکانی تورکیە بگرێ.

بە چوونەدەرێی ئەمریکا لە سووریە و ڕۆژئاوا، هەتا ئەو جێگایەی پێوەندیی بە دەستێوەردانی تورکیە لە بارودۆخی سووریەوە هەیە، پارسەنگیی سیاسی و سەربازی هێندێک ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ. چونکە هێرشی تورکیە بۆ سەر عەفرین و داگیرکردنی ئەو ناوچەیە، بەر لە هەموو شتێک بە چرای سەوزی ڕووسیە ڕووی دا. ڕووسیە بەهۆی هێرشی تورکیە بە تیرێک دوو نیشانەی ئەنگاوت. لەلایەک ئەمریکا و تورکیەی وەک دوو هێزی هاوپەیمان لە ناتۆدا لە بەرامبەر یەکتردا ڕاگرت و، لە لایەکی دیکەوە بە جووڵاندنی سپای تورکیە بۆ نێو خاکی ڕۆژئاوا، کوردەکانی ناچار کرد کە پەنا بۆ ڕێژیمی ئەسەد بەرن و ڕێگای سازان دەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی بگرنەبەر. هەرچەند حزووری ئەمریکا لە کورت ماوەدا بە سوودی یەپەگە بوو، بەڵام حزووری ئەمریکا خۆی لە خۆیدا ببووە هۆی گرێدانی ئەجیندای سیاسیی تورکیە، سووریە و ڕووسیەش لە نێو گەمەکەدا. سروشتییە کە دەرچوونی ئەمریکا لە سووریە، قەڵەشتی بەرژەوەندیی نێوان لایەنەکانی سەر گۆڕەپانی سووریە هەتا دێ لە درێژ ماوەدا زیاتر دەکا.

ڕووسیە هەتا ئێرە بۆ ئەوەی بەرەی سووریە لەو قوڕاوەی کە تێی کەوتووە بێنێتە دەرێ، وەک دەڵێ ‹‹تەواوییەتی ئەرزیی بپارێزێ›› سیاسەت و ستراتیژییەکی زۆر پلانمەند و حیساب بۆکراوی گرتووەتە بەر. ستراتیژیی سەربازیی ڕووسیە لە نێو شەڕی سووریەدا، هەتا ئێستا ئەوە بووە کە هێزە بچووکەکان بە هێزە گەورەکانی لەسەر گۆڕەپانی سووریە و دەرەوەی سووریە لە نێو ببا، یان بە هۆی گوشاری هێندێکیان بۆ سەر هێندێکی دیکە ملکەچی دەوڵەتی ناوەندییان بکا. نیشانەکان لە ئێستاوە دەری دەخەن کە ئەو ڕوویکەردە لە داهاتوودا کۆماری ئیسلامیش دەگرێتەوە. سپای قودس کە هەتا ئێستا هۆکارێک بووە بۆ سەقامگیریی ڕێژیمی ئەسەد، لەمەو بەدواوە بە زاڵبوونەوەی حکوومەتی ئەسەد بەسەر بارودۆخی سووریەدا، بە هۆی هەڕەشەی ئەمنی لەسەر ئیسراییل، دەبێتە هۆکاری ناسەقامگیریی لە سووریەدا. بۆیە ئەگەر سووریە بەرەو بارودۆخێکی ئارامتر هەنگاو بنێ و، گەمارۆکانی ئابووریی ئەمریکاش کاریگەرییان لەسەر ئێران هەبێ، لەوانەیە یەکەم جێگا لە ناوچەدا کە کۆماری ئیسلامی بەجێی بێڵێ، سووریە بێ.

ماوەتەوە بڵێین ئایا پاشەکشەی سەربازیی ئەمریکا لە هێندێک وڵاتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەمانای پاشەکشەیە لە سیاسەتەکانی ئەو وڵاتە لە ئاستی جیهان و ناوچەدا؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە پێویستە سەرنج بدەینە هاتنەدەری یەکلایەنەی دەوڵەتی ئەمریکا لە بەرجام وەک پەیمانێکی نێونەتەوەیی و، هەوڵی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا بۆ کۆتاییهێنان بە بەرنامەی ناوکیی کۆڕەی باکوور و هێنانە سەرمیزی وتوێژی سەرۆکی ئەو وڵاتە، «کیم ئیل سونگ» و هێمنکردنەوەی شێوە دوورگەی کۆرەیە. هەروەها ڕەوانەکردنی گەلەکەشتییە شەڕکەرەکانی ئەمریکا بۆ کەنداوی فارسیش یەکێکیتر لەو هەوڵانەیە کە نیشان دەدا ئەمریکا بە نیسبەت ئاڵوگۆڕەکانی ئەو ناوچەیە بێلایەن و سەیرکەر نییە . بەڵام شکی تێدا نییە ئەولەوییەتی سیاسەتی ترامپ لەو دەورەیەدا دە پێشدا بارودۆخی نێوخۆیی ئەمریکایە. بۆیە ئەو ئیدارەیە لەژێر تیشکی دوو هۆکاری بنەڕەتی، واتا چارەسەری بارودۆخی ئابووریی ئەمریکا و کەمکردنەوەی خەرجەکانی، بۆ بەکردەیی کردنی سیاسەتەکانی خۆی لە ئاستی جیهاندا، لە ڕووی سەربازییەوە وەک سێ دەیە لەمەو بەر، دەچێتەوە نێو قاوخی خۆی و؛ هەوڵ دەدا لە ڕێگای شکڵبەندیی دیکە لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە کەمتر خەرجی تێبچێ حزووری سیاسی و سەربازیی خۆی بپارێزی.

> **”سەرکردایەتیی کوردی ڕۆژئاوا هەر لە سەرەتاوە ڕایان گەیاندبوو کە لە سووریە جیا نابنەوە و، سازوکاری ئیدارەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیشیان بەجۆرێک ڕێک خستبوو، کە لە ڕووی قەوارەوە بە بەشەکانی دیکەی سووریەوە وەسڵ ببنەوە. بەڵام ناتەبایەکی کە لە سیاسەتی بەڕێوەبەریی ئەو بەشەداهەبوو ئەوەبووکەلەلایەکنیازیجیابوونەوەیان لە سووریە نەبوو و، لەلایەکی دیکەوە لە ڕووی سیاسی و سەمبولیکەوە جۆرێک تەعبیریان لەخۆیان دەکرکەدبوونەمایەی هەڕەشە لە سەر دەوروبەری خۆیان“**

کۆمەڵگەی مەدەنی

ئاخێز و مێژووەکەی

شاڕوخ حەسەنزادە

یەکێک لە ئاڵۆزترین کانسێپت و چەمکەکانی حەوزەی فەلسەفەی سیاسی پێناسەی «کۆمەڵگەی مەدەنی»یە؛ هەر بۆیە بۆ ناساندنی زیاتر و پێناسەیەکی پتەوتر و ڕوونتر لەم چەمکە دەبێ سەرەتا بۆ لایەنی دیرۆکی و چۆنییەتیی سەرهەڵدانی بگەڕێینەوە.

لە سەردەمی بەر لە مەدەنیەتدا خەبات و تێکۆشانی مرۆڤ لەبەرامبەر دیاردە سروشتییەکاندا بووە؛ شەڕ دەگەڵ خۆزاو بۆ پاراستنی خۆیان و درێژەدان بە ژیان سەرەکیترین کەڵکەڵەی مێشکی مرۆڤی ئەو سەردەم بووە، بۆ میناک؛ بۆ خۆپاراستن لە لافاو و باران پەنایان بۆ ئەشکەوت برد، کەپر، بان، دیوار و خانووی سەرەتاییان سازکرد، بۆ دەستەمۆکردنی سێڵاو بەنداویان لێدا، جۆگە و کانالیان هەڵقەند، پردیان درووست کرد، بۆ خۆپاراستن لە سەرما ئاگریان هەڵکرد، بەرگیان دووری، لە ترسی شەو مۆمیان داگیرساند و زیاتر لە پێداویستیی خۆیان بەرهەمیان نەدەکرد و...، هەموو ئەو بەربەرەکانی و خوڵقاندن و داهێنانە سەرەتایەک بوو بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی. واتە خەبات و چالاکی بۆ مانەوەی ڕەگەزی مرۆڤ لەبەرامبەر دیاردەکانی سروشتیی خۆزاو کۆمەڵگەی مەدەنیی گووراند!

یەکەم حکوومەتی ژیارمەند لە مێژوودا لە ناوچەی مێژۆپۆتامیا سەری هەڵدا، دواتر لە لایەن ئەکەدیە سامی ڕەگەزەکان بە «سۆمێر» ناسران (٥٠٠٠ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ). بە دەستپێک و دامەزراندنی یەکەم شارەکان لەم مەڵبەندە (ئور، نیپور، لاگەش، لارسا، ئیریدۆ و...) و قەوارە و دەستەڵاتی سیاسی بە مانای مۆدێرنی ئەمڕۆ، قۆناخی دیاردە سروشتییەکان جێگەی خۆی بۆ دەستەڵاتی سیاسی لێژ کرد و بۆشاییەک لە نێوان حاکمییەتی سیاسی و کۆمەڵگە هەستی پێکرا کە لە یەکەم حیماسەی مرۆڤایەتیشدا (حیماسەی گێلگامێش) شەقڵی گرت. لەوێدا قارەمانی چیرۆک واتە گێلگامێش (وەک پارادایمی مرۆڤی شار) هەرچەند خونکارێکی سەیروسەمەر (دووبەشی وەک خوا و بەشێکی وێنەی مرۆڤ) چەختی و نەحەملاو بوو دوای هاتنی «ئەنکیدۆ» قارەمانی دووهەمی چیرۆک (وەک هێمای بنیامی کێوی) و شەڕ دەگەڵی؛ بیر لە حاڵ و دۆخی شار و خەڵکەکەی دەکاتەوە و دەستی برایەتی دەداتە دەست ئەنکیدۆ و پێکەوە بۆ پاراستن و تەناهیی گەلەکەی چەندین شەڕی قارەمانانە وەک شەڕ دەگەڵ «هومبابا»ی دێو(پاریزەرەی دارستانی کونار)، ئیشتار(ئینانا، ستێر)کچی ئانوو و ئەنکوو، ئیلاهەی ئەوین و خۆشەویستی کە گایەکی ئاسمانی دەخوڵقێنن، بۆ کوشتنی ئەو دوو کەسایەتییە کە هەڕایان دەکاتێ و ئەوانیش پێکەوە لەنێوی دەبەن! لە ئاکامدا ئەنکیدۆ دەمرێ و گێلگامێش شێت و ماخولیا دەبێ و دوای بڕینی ڕێگایەکی سەخت و دژوار بۆ گەیشتن بە «ئوتنەپشتیم» (کەسایەتیی هاڤی نووح) خاوەن ڕازی مانەوە و هەرماوی مرۆڤ، چڵە گیایەکی دەداتێ کە لە ڕێگای چوونەوەدا مارێک دەیخوا و گێلگامێش ناتوانێ ئەو پەرجووە بەرێتەوە شارەکەی و دەگەڵ خەڵکەکەی و ئەنکیدۆ کە مردووە بیخوا بۆ هەرمانییەتی خۆیان. دواتر شنەی شەماڵ بیرۆکەی مافی کۆمەڵ دەداتە دەست حەمووڕابی(١٧٥٠-١٧٩٢پ.ز) خونکاری بابیلۆن و بە نووسینەوەی ٢٨٢ یاسا بۆ تەناهی و پاراستنی کۆمەڵگە لەسەر تاتەبەردێک لە نیزیک شاری شووش مێشکی بیرمەندانی وەچەی داهاتوو بۆ ئەم تێئۆرییە ئامادەتر دەکا (هاڤی مووساش بۆ قەومی بەنی ئیسرائیل یاسایەک لە دە بڕگەدا دەنووسێتەوە).

ڕەشەبا و لافاوی دیجلە و فورات تۆچان لە بەرقەد، خرزی ورد بە یەونانی کۆن وەردەکا و لەوێش دەبێتە دیسکۆرسی بیرمەندانی بەناوبانگی وەک «ئەفلاتوون»(٤٢٧-٣٤٨پ.ز) بە نووسینی کتێبی»کۆماری» ئەو توخمە پەروەردەتر دەکا. ئەفلاتوون پێی وایە «عەدالەت» بە یەکگرتوویی کۆمەڵگە و دەوڵەت بەدەست دێ، ئەو دەیویست خەسارناسی ئەو دەستەڵاتە سیاسییە بکا کە خۆی بانگەشەی بۆ دەکرد ئاخۆ چۆن تاکەکانی کۆمەڵگە لە دژی حکوومەت وەردەسووڕێنەوە و قەیرانی جیدی بۆ دەستەڵات ساز دەکەن دەگەڵ ئەوەیکە خۆیان هەڵیان بژاردووە! بۆیە پێی وابوو باشترین حکوومەت ئەو حکوومەتەیە کە خەڵک دیاریی دەکا و ئەم دوو چەمکە (حکوومەت و کۆمەڵگە) بە شێوەیەکی ئاشتییانە پێکیان گرێ بدا. بناخەی تێئۆرییەکەشی ئەوە بوو، چۆن دەکرێ مکانیزمێک بدۆزرێتەوە بۆ هێزی کار و ئاسوودەیی زیاتری کۆمەڵگە، دەگەڵ ئەوەیکە پشتیوانی بەهێزی حکوومەتی سیاسیی وڵاتەکەی دەکرد.

(poletic) بەرهەمی فەیلەسووفی ناسراو «ئەرەستوو»(٣٨٤-٣٣٢پ.ز) بوو، ئەو بیرمەندە بە داهێنانی مەفهوومی (police) «شار» (وشەی مەدەنی لە مدینە-وە دێ، هەر بە مانای شار وەک هێمای ژیار و مەدەنییەت) وەک ئەنجومەنێکی سیاسیی لەنێو کۆمەڵگە پتر بایەخی بەم بوارە دا هەرچەند لە سەردەمی ناوبراودا هێدی هێدی دەوڵەتشارەکان لاواز دەبوون و قەوارەی دەستەڵاتەکان زیاتر خۆی لەبەر یەک دەکێشایەوە، ئەساسی باسەکەی ئەرەستووش هەر وەک مامۆستایەکەی (ئەفلاتوون) پتەوترکردنی دەستەڵات بوو، کەڵکەڵەی هەموو بیرمەندانی ئەو سەردەم هەتا چاخی ڕۆشنگەریش بڕەودان بە دەستەڵاتە سیاسییەکان بووە هەرچەند لەوبەینەشدا تێرمی کۆمەڵگەی مەدەنی بە پێوانە و پێناسە و تێگێشتنی سەردەمی خۆی لە قەرەی دراوە! خەمی ئەرەستوو زۆرتر دۆزینەوەی ئەو ماتەوزە سروشتی و ڕەوشتییانە بوو کە بۆ پێگەیاندنی کۆمەڵگە لە بەرامبەر دەستەڵاتێکی بە هێز بەکار دەهات بە جۆرێک گرینگیدان هەم بە حکوومەت و هەمیش بە کۆمەڵگە، هەر بۆیە زۆر جار گەمەیان بە «بەربەڕ»ەکان دەکرد کە ناتوانن بە شێوەیەکی ئازادانە بەشداریی ئەنجومەنەکان و دەستەڵاتی خۆیان بن. سیسرۆ (Cicero ١٠٦پ.ز-٤٣ز) لە فەیلەسووفانی ڕۆمی کەونارا بوو کە کانسێپتی کلاسیکی کۆمەڵگەی مەدەنیی دەوڵەمەندتر کرد، ناوبراو دژایەتیی توندی دەربەبەگ و ئەشرافی دەکرد و پێواژۆ کۆمەڵایەتییەکانی تەکز دەکرد! سیسرۆ هەرچەند باوەڕی بە «سێنا» هەبوو بەڵام بانگەشەی هەرەزۆری بۆ چاکسازیی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی بووە، ناوەندی دۆکترینەکەی «ئاوەزی ساغ» بوو؛ بۆ تەکوزدان بە کۆمەڵگە کە هاوئاهەنگ دەگەڵ سروشتە، ئەو پێی وابوو ئێمە دەتوانین بە ئاوەزی ساغ ورەی کۆمەڵگەمان بەرز بکەینەوە کە ئەوەش سروشت بە ئێمەی بەخشیوە (سروشت بە مانا بانخۆزاوەکەی). بەپێی تێئۆریی ئاوەزی ساغ جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و سیاسی بوونی نییە چونکە پێش مەرجی هەرکان کۆمەڵگەیە بۆ وەدەیهێنانی هەنێ ماف؛ سیسیرۆش زۆرجار لە چەمکی دەوڵەتشار بە پێوەری یوونانییەکەی کەلکی وەرگرتووە. لە سەروبەندی ڕەوشی ئاڵۆزی ئیتالیا هەر وەک سەدەی هەژدە و نۆزدەی دۆخی کوردستان میرنشینەکان هەرکامەیان قوڵە حکوومەت و دەستەڵاتێکیان بۆخۆیان وەسەریەک نابوو و پەرش و بڵاوییەکی زۆر دۆخی سیاسیی ئیتالیای داگرتبوو، لەو کاتەدا نیکۆلۆ ماکیاوێلی(١٤٦٩-١٥٢٧ز) نیشتمانپەروەر لە میرنشینی فلۆرانس دێتە مەیدان و هەموو خۆزیا و ئاواتەکەی ئەوەیە بتوانێ ئەو حکوومەتۆکانە لەدەوری یەک کۆ بکاتەوە و وڵاتێکی یەکگرتوو و بەهێز بۆ هەمووان درووست بکا، ماکیاوێلی دەگەڵ ئەوەیکە ناوی بەچاکە ناهێنرێ (فرانسس بیکەن لەسەر ماکیاوێل دەڵێ: ئێمە قەرزداری کەسانی وەک ماکیاوێلین؛ ئەو لایەنی واقعیی جیهان و سیاسەتی پێشانی ئێمە دا نەک ئەو ئادگارەی ئێمە دەمانهەوێ و دەبێ ببێ!)، لێبەلێ بە نووسینی شالیار (prince) بۆ خاک و خەڵکی خۆی مێژووی خوڵقاند. نیکۆل لەهەموو مێتۆدەکانی دەستەڵات کەلک وەردەگرێ بۆ دامەزراندنی حاکمییەتەکی یەکگرتوو و بەهێز کە لەوێدا هەم دەوڵەتمەداران خێری لێ بکەن و هەمیش کۆمەڵگە بە دەستکەوتی بزانێ. ئەو پێی وابوو ئەو جۆرە دەستەڵاتە دەتوانێ داخوازییە ڕەواکانی کۆمەڵگە جێبەجێ بکا و پرسی ئابووری و سیاسی بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگەی مەدەنی دەخوڵقێ. هەر لەو سەردەمەدا بوو مارتین لۆتێری قەشە بە ڕێفۆرمێکی کوتوپڕ لە ئایینی کریستیان دوو چەمکی دەوڵەت و ئۆلی لێک جیاکردەوە و ڕێگای بۆ برەودانی زیاتری کۆمەڵگەی مەدەنیش خۆشتر کرد!

توماس هابز(١٥٨٨-١٦٧٩ز) دەگەڵ ئەوەیکە بۆ دەستەڵاتێکی بەهێز و دەوڵەت ڕوانینێکی زۆر توخی هەبوو بەڵام بە نێوەندگیری گرێبەستی کۆمەڵایەتی ڕەهەندێکی جیاوازی خستە بەردەم فەیلەسووفانی دوای خۆی هەتا ئەو جێگایەی تێئۆریی گرێبەستی کۆمەڵایەتیی جان لاک لەسەر بناخەی ئەو بیرۆکەیە بیچمی گرتبوو، ئەو دوو بیرمەندە لەسەر ئەم خاڵە کۆک بوون کە هەموو مرۆڤێک «مافی سروشتیی» هەیە کە ئەویش بریتییە لە ئازادی و مافی خاوەنداریتی، گرێبەستی کۆمەڵایەتی پەیمانێکە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە و دەوڵەت بۆ ژیان لە نیزامێکی مافمەندی هاوبەش، ئەگەر بێتوو دەستەڵاتی سیاسی لەو مافە پارێزگاری نەکا کۆمەڵگە دەتوانێ بیڕووخێنێ. هەروەها لاک هەر وەک هابز پێی وابوو کە تەنیا هەبوونی مافی سروشتی لە «دۆخی سروشتی»دا بەس نییە، کەوابوو خەڵک بۆی هەیە کۆمەڵگەی مەدەنی دامەزرێنێ هەتا گیروگرفتی نێوان کۆمەڵگە و حکوومەت بە ڕێکاری مەدەنی چارەسەر بکرێن، هابز باسی لە «ڕەوشی سروشتی» دەکا ئەو جێگایەی کە دەستەڵاتی سیاسی ئامادە نییە و زەروورەتەن لە حاڵی شەڕ دایە بەو واتایە ئەو ڕەوشە کاتێکە کە تاک یا مرۆڤ نەگێشتۆتە قۆناخی بابەتی سیاسی و هێشتا لە ڕەوشێکی ئاسایی دایە؛ بەم واتایە ئالێرەیە کۆمەڵگەی مەدەنی جێگای دەبێتەوە و دێتە نێو مەیدان، لاکیش دەیگوت دەی باشە دۆخی سروشتی فرە خاسە بەڵام دەبێ یاسای خۆزاویشی هەبێ کە ئەمانە پێک گرێدراون، ئەو پێشمەرجەی جان لاک بۆ تێژ بوونی «ئاوەز» دەگەڕێتەوە بۆ چارەسەری ڕەوشی چاکسازی لەنێو کۆمەڵگە و ژیانێکی ئاسوودە و ئاشتییانە. جان لاک دەڵێ بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵگە مافی خۆیەتی حکوومەت هەڵبژێرێ سا ئەو دەستەڵاتە سیاسییەی کە هی خەڵکە دەبێتە کۆمەڵگەی مەدەنی کە تاکەکانی کۆمەڵگە پێیان بەخشیوە و هەر کات بخوازن ئەو شانازییەی لێ دەستێنەوە، ئەم کرانەوەیە دەرگەی باسکردنی زیاتر و بایەخدان بە چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی لە باوەڕەکانی ڕۆسۆ زیاتر کردەووە و گرێبەستی کۆمەڵایەتیی بەشێکی لە سەر خانی بیرمەندانی پێش خۆی نووسییەوە دەگەڵ ئەوەیکە ڕەخنەی لە دۆخی سروشتی دەگرت لەهەمان کاتدا پێی وابوو دەتوانین بە دامەزراندنی حکوومەتێکی خەڵکی سەربەخۆیی کۆمەڵگەی مەدەنیش دەستەبەر بکەین و نیزامێکی مەدەنی دابهێنین. لەو بەینەدا فێرگۆسن جوانترین و ڕوونترین پێناسەی بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە ئەو دەڵێ؛ کۆمەڵگەی مەدەنی جۆرێک نەزمی نوێی سیاسییە ئاکامەکەی ژیار و شارستانییەتە و دەستەڵاتێکی سیاسیی تێگێشتوو و پێگێشتوو لەسەر بنەمای یاسایە، ئەو دەنووسێ، مرۆڤی بەشدار لە کۆمەڵگەی مەدەنی باشترین و جوانترین خولیاکانی تێدا دەبینێتەوە و بەدی دەکا و شوێنێکە بۆ دەربڕینی هەموو هەستە ئینسانییەکانی، ئەو شێوازە واتە تاکمەندی بە کۆمەڵ بە قازانجی هەموو خەڵکە.

زۆرترین دەستکەوتی مۆدێرنیتە هێگڵە، باوەڕ و تێئۆری ئەو فەیلەسووفە دەگەڵ پێشینیانی خۆی زۆر جیاوازە، ڕاستە هێگڵ زۆرترین باسەکانی خۆی لە سەر ئیدئالیزم کردووە بەڵام بە ڕوانینی دیرۆکی، خۆی لە قەرەی کۆمەڵگەش داوە وەک هەرچۆن دواتر ماركس وەک بۆخۆی دەڵێ؛ بیرۆکە و هزری هێگڵم بەراوەژوو کردەوە و چۆنییەتی «دیالێکتیک»م گرۆتین پێ بەخشی، ئەو کۆمەڵگە و دەوڵەت بە بنەماڵە دەشوبهێنێ، و جێگایان دە دوکتورینی خۆیدا ئاوا دەکاتەوە (تێز=بنەماڵە، ئانتی تێز=کۆمەڵگەی مەدەنی، سێنتێز= دەوڵەت) بەڵام چونکە ئەو ڕوانینە لە دەلاقەی ئابووریییەوە (لە هزری هێگڵدا بەرژەوەندییەکانی بورژوا زۆرتر لەبەرچاو گیراوە و کۆمەڵگەی مەدەنیش وەک کۆمەڵگەیەکی سرفی ئابووریی بۆ چینی باڵادەست پێناسە بۆ کردووە) بوو و ماركسیش وەک کەسێکی ئارمانگەرا و شۆڕشگێڕ بیری دەکردەوە لە بەرامبەری وەستا و بە گژ ئەو تێزە داهات و ڕوانینی خۆی بە چاویلکەی شەبەنگی بەرژەوەندییەکانی پرۆڵیتاریا نووسییەوە.

***

پووکانەوەی کەمینەکان لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا

شەفیع ئاراستە

ڕیشەی گیروگرفتی کەمینەکان لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا بۆ سەدەی ١٧ی ز. دەگەڕێتەوە، ئەو کات گیروگرفتەکان بەرگی دینییان لە خۆیان وەرپێچابوو .لەو کاتدا چەوساندنەوەی دینی، جەوهەری سەرەکیی گیروگرفتی کەمینەکانی پێک دەهێنا. بەڵام لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی سیاسەت، دەوڵەت و کۆمەڵگەدا گرفتەکان ڕوخسارێکی دیکەیان بە خۆوە گرت. پاش شەڕی یەکی جیهانی تەنگەژەی (دینی و نەتەوە)ییەکان زۆر بەگەرمی هاتنەوە مەیدان و، بەتایبەت لە هەرێمەکانی لەبەریەک هەڵوەشاوەی ئیمپراتوورە دۆڕاوەکانی مەیدانی شەڕدا، کە فرەنەتەوە بوون . لەگەڵ پەیدابوونی دەوڵەتی نوێ و کێشانی سنووری دەوڵەتی تازە بەبێ گوێدان بە ویست و مافی پێکهاتەکان و لەتکردنی کەمینەکان، لە ئەنجاندا چەند دەوڵەتێک پەیدا بوون کە لە نەتەوەی سەردەست و چەند کەمینەیەکی بندەست چێ کرابوون . لە پاش شەڕی دووهەمی جیهانییەوە گیروگرفتی کەمینەکان خاوبوونەوەیەکی بە خۆی بینیوە، هەرچەند لە سەرەتای پەنجاکاندا ئەم کێشەیە دیسان گڕی ستاندەوە و تاکوو ئێستا ئەم گیروگرفتانە بەتین و شوێندانەر لە سەر وڵاتانی فرەنەتەوە ماونەتەوە .چونکی زۆربەی ئەم وڵاتە فرەنەتەوانەی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست (ئێران، عێراق و سووریە و...) ڕابردووی دێموکرات بوونیان نییە و تەنانەت هێندێکیان تاکوو ئێستاش ڕێژیمێکی سیاسیی دێموکراتیان بە خۆوە نەبینیوە . لەو وڵاتانەدا هەموو کات ناوەند و کەمینەکان لە یەکتر بەگومانن .کەمینەکان هەوڵ دەدەن ناوەند بەرەو سەلماندنی مافی ئۆتۆنۆمی و خۆبەڕێوەبەری بەرن، کە مافێکە فۆرم و نێوەرۆکەکەی کەم تا زۆر لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکیتر جیاوازی هەیە .ناوەندیش لەبەر نەبوون یان سەقامگیرنەبوونی کولتوور و نەریتی دێموکراتبوون، لەوە دەترسێ بە سەلماندنی مافی خودموختاری بۆ کەمینەکان بەرەو پووکانەوە و لێکهەڵوەشان، یان بچووکبوونەوە و دواجار نەمان بچێ . بۆیە هەروەک دەبینین لە زۆربەی وڵاتانی فرەنەتەوە لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست دڕدۆنگی و کێشەی توند لە نێوان ناوەند و کەمینەکان، یان باشتر وایە بڵێین ناوەند و جۆراوجۆری و پێکهاتەکانی دیکەی وڵاتدا هەیە . هەر وەک پەیوەندی سەخت و ڕەقی نێوان کورد و حکوومەتەکانی ئەو دەوڵەتانەی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە، دەری دەخا کە تا چ ڕادەیەک هەوڵی ناوەند بۆ سەپاندنی مەرکەزییەت، گیروگرفتی لەو بەشانەدا خوڵقاندووە . ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و پێکهاتەی جۆراوجۆری وەک فارس، کورد، تورک، عەرەب و بەلووچی تێدایە. لە ساڵانی پاش شەڕی دووهەمی جیهانییەوە کورد بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و ئازەربیەکانیش لە تەوریز بە ڕاگەیاندنی حکوومەتی ئازەربایجان سوودیان لە بارودۆخی نێوخۆیی ئێران و دۆخی نێودەوڵەتی وەرگرت و چەند هەنگاوێکیان بەرەو دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەڵێنا. بەڵام ناوەند پاش ساڵێک لە دامەزراندنی هەر دووک کۆمارەکە، بە زەبری هێرش و پەلامار و سەرکوتی جووڵانەوەکان، دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەم بەشانەدا زاڵ کردوە. ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەی فرە کولتوورە. لەم وڵاتەدا ئەگەرچی لە ڕووی ڕێژەی حەشیمەتەوە، نەتەوەی فارس زۆرترین پێکهاتەی حەشیمەتی و زمانیی وڵاتی ئێران پێک دێنێ، دەسەڵاتی سیاسیش هەموو کات هەوڵی داوە وەک دەوڵەتێکی ناوەندگەرا بمێنێتەوە و، هەر لە بەر ئەوەش هیچ مافێکی نەداوە بە گەلانی دیکەی نێو ئێران . ئەم باسە لە ڕەهەندی قانوونیشەوە جێی ڕاوەستانە. وەک چۆن تەنانەت لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا دان بە مافی نەتەوەکان نەنراوە و، تەنیا باس لە کەمینە ئایینییە ناموسوڵمانەکان دەکا. هەر هەوڵدانێکیش لەلایەن گەلانی نافارسی ئێرانەوە بۆ خۆڕزگار کردن لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە زۆر بە توندی سەرکوت دەکرێ، چونکە کەمایەتیی ناوەند وای بۆ دەچێ کە سەلماندنی داواکانی گەلانی دی، ئێران بەرەو دابەشبوونی دەسەڵات، جوغرافیا و سیاسەت و... دەبا . ئەگەر چی زۆربەی هەرە زۆری دەوڵەتانی دنیا لە چەندین ڕەگەز و نیژادەوە پێکهاتوون، بەڵام وەک دەستوورێکی گشتی دەرکەوتووە کە هەرچەندە دەوڵەت کەم ڕەگەزتر بێ، ئەوەندە ئەم دەوڵەتە بێ گیروگرفت تر دەبێ. لە هەر وڵاتێکی فرەنەتەوەدا، نەتەوەی سەردەست لە هەموو نەتەوەکانیتر کۆک پۆشتە و تێر و پڕترە و لە ڕووی خۆشبژیوی و پەرەسەندن و خوێندەواری و پەروەردەوە و ... سەرترە، چۆنکی نادێموکراتیکبوونی سیستمی وڵات لە خزمەت نەتەوەی سەردەست دایە و هەموو سامان و سەرچاوەکانی گشتی وڵات و نەتەوەکانیتر بۆ خزمەتی نەتەوەی سەردەست پاوان دەکرێ. ئەم نایەکسانیی کۆمەلایەتی، سیاسی و ئابووری وهتد وایکردووە، زۆرینە هەموو کات بە چاوێکی سووک سەیری کەمینەکان بکا و نەتەوەی سەردەست بە هۆی بیری ڕاسیستییان تەگەرە لەبەردەم تێگەیشتن لە خواستی کەمینەکان درووست دەکا .چونکی هێژمونی و دەسەڵاتخوازی و نەبوونی پرەنسیب و بەهاکانی دێموکراتیکبوون لە لای نەتەوەی سەردەست وایکردووە داوای کەمینەکان بەتوندی ڕەت بکرێتەوە و، هەوڵ دەدرێ ڕێگا لە هەوڵ و تێکۆشانی کەمینەکان بۆ خواستەکانیان بگیرێ . بۆیە ئەم هەڵوێستە توندە لەلایەن نەتەوەی زۆرینە کە دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، کەمینە بەرەو خۆپاراستن دەبا و وایان لێدەکا بۆ خۆڕزگار کردن لە ستەمی نەتەوەیی و دینی و شوناسییەوە بیر لە خەبات و بزووتنەوەی مافخوازی بکەنەوە و بە دوویدا بڕۆن، خەبات و تێکۆشانێک کە سەرەڕای سەرکەوت و زەبروزەنگی نەتەوەی باڵادەست، بەڵام براوەی دواجاری هەر نەتەوەی شوناسخوازە؛ چونکی خەتاکەی ڕەوا و بۆ مافی ڕەوایە.

گەڕانەوەیەک بۆ چەمکی سۆسیالیزم
پێناسە، مێژوو و ئەزموونەکانی

د. کامران ئەمین ئاوە

«یەکیەتیی ئەوانەی کە لەمەڕ بیرکردنەوە تووشی ڕەنج و مەینەتن لەگەڵ ئەوانەی کە بەهۆی ڕەنج و مەینەتیان بیر دەکەنەوە، مەرجی گۆڕانکاریی جیهانە.»
مارکس

مرۆڤ بە درێژایی ژیانی خۆی و بە تایبەتی لەکاتی پێکهاتنی کۆمەڵگەی چینایەتییەوە بە ئاواتی گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی ئازاد، دادپەروەر و ژیانێکی ئاشتیخوازانە بووە و لەم پێناوەدا گەلێک خەباتی کردووە و قوربانیی داوە. بیر و هزری سۆسیالیستی کە زۆربەی ئاواتە لەمێژینەکانی مرۆڤ لەخۆ دەگرێ ئاکامی سروشتیی سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری و ڕادەی گەشەسەندنی شێوەی بەرهەمهێنانیەتی. بیری سۆسیالیستی بەپێی بارودۆخی سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە واتە بارودۆخی نەگەیشتووی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و ڕادەی نزمی ئاگایی چینایەتیی نوێنەرانی فیکریی زەحمەتکێشان کاڵ و نەگەیشتوو بوو و زۆرتر ڕەنگ و ڕووی خەیاڵی بەخۆیەوە گرتبوو. ئەم بیرۆکەیە پاشتر لەلایەن بیرمەندە بەناوبانگەکانی چەپ وەک مارکس و ئێنگڵس بە چەشنێکی زانستی گەشەی سەند و تیۆریزە کرا و بە شوێن شۆڕشی ئۆکتۆبری ڕووسیە بە ڕێبەرایەتیی لێنین [ساڵی ١٩١٧ی زایینی]، پێکهاتنی وڵاتە سۆسیالیستییەکانی ڕۆژهەڵاتی ئورووپا پاش شەڕی دووهەمی جیهانی [١٩٤٦] و دامەزرانی کۆماری گەلی چین بە ڕێبەرایەتیی مائۆتسە دۆن [یەکی ئۆکتۆبری ١٩٤٩] و هتد... تێ کۆشراوە بە شێوە جۆراوجۆرەکان ڕێگەی گەیشتن بە دادپەروەریی سۆسیالیستی تاقی بکرێتەوە و ڕەنگ و ڕووی ڕاستی پێ بدرێ. بنەمای سەرەکیی تەواوی ئەم هەوڵانە گەیشتن بە ئازادیی مرۆڤ و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانە و زاڵکردنی سەروەریی چینی کرێکار و تەواوی زەحمەتکێشانی کۆمەڵگە بووە. بەڵام ئەم ڕەوتە بە هۆی نوێبوون و نەبوونی ئەزموونێکی مێژوویی، سەرەڕای ئەوەی دەستکەوتێکی گەورە بۆ مرۆڤایەتی بوو، بە هۆگەلی جۆراوجۆر بە ئاواتەکانی نەگەیشت و تووشی شکستێکی مێژوویی هات. بەم پێیە پێویستە هێزی چەپ پێداچوونەوەیەکی جیدی بەسەر مێژوو، بیر و هزر و ڕوانگەی گشتی و فەلسەفەی خۆی بکاتەوە و پاش خەسارناسی ڕابردووی خۆی، بەرەو پیری داهاتوو بڕوا. پاش ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤییەت و وڵاتە هاوپەیمانەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ئورووپا، قەیرانی فیکری و ڕێکخراوەیی زۆرینەی حیزبە کلاسیکەکانی چەپی جیهانی لەخۆ گرتەوە و مەدینەی فازیلەی ئەوان لە ماوەیەکی کورتخایەندا بوو بە بەشێک لە مێژووی سەدەی ٢٠ی زایینی. بەشێک لەوانەی کە سیستمی یەکیەتیی سۆڤیەتییان بە سەرمایەداری دەوڵەتی ناو دەبرد پێیان وایە کە سیستمی سۆسیالیستی لەم کۆمەڵگەیەدا هەر بوونی نەبووە هەتا شکستی خواردبێ، بەشێکیش لەسەر ئەم باوەڕەن کە ئەم کۆمەڵگەیە بە ڕاستی سۆسیالیستی بووە و بە ئاکام نەگەیشتنی ئەم ئەزموونە لە ڕاستیدا شکستی سۆسیالیزمە، بەشێکیش پێداگری لەسەر بیروباوەڕی پێشووی خۆیان واتە پشتیوانی لە سیستمی سۆڤیەتی و سۆسیالیزمی بە ڕاستی ئارایی(١) دەکەن و سەرەڕای قبووڵی ڕەخنەگەلێک، ڕووخانی ئەم سیستمە وەکوو ئاکامی قیت و پیلانی دوژمنانی سۆسیالیزم، ئەمپریالیزم و خۆفرۆشانی نێو ڕێبەریی حیزبی کۆمۆنیست دەزانن. لە لایەکی دیکەشەوە، بەرەی هێزە جۆراوجۆرەکانی دژ بە سۆسیالیزم کەوتوونەتە گەڕ و چەمکی سۆسیالیزم و تەنانەت تەواوی مێژووی خەباتی چەپەکان و دەسکەوتەکانیان لە بەرەی خەباتی دژ بە سەرمایەداری بە چەشنی جۆراوجۆر بێبایەخ لە قەڵەم دەدەن و ڕووخانی سۆسیالیزمی بە ڕاستی ئارایی لە سۆڤییەت و وڵاتە هاوپەیمانەکانی وەکوو شکستهێنانی یەکجاری نەک هەر ئەم سیستمە بەڵکوو بیروهزری چەپی سۆسیالیستی پێناسە دەکەن. لێرەدا گەلێک پرسیار لە پێوەندیی لەگەڵ چەمکی سۆسیالیزم، هۆیەکانی شکستی ئەم ئەزموونە لە زۆرینەی ئەو وڵاتانەی کە وەکوو بەرەی سۆسیالیستی پێناسە دەکران دێتە ئاراوە کە پێویستە وڵام بدرێنەوە. لە چەند دەیەی ڕابردوودا گەلێک کتێب و بابەتی جۆراوجۆر لە لایەن یاران و نەیارانی سۆسیالیزم لە تەواوی جیهاندا نووسراون و ئەم مەسەلەیە لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە لێک دراوەتەوە. لێرەدا نووسەر تێدەکۆشی پاش پێداچوونەوەیەک بەسەر مێژوو و بەشێک لە چەمکە سەرەکییەکانی سۆسیالیزم، ئاوڕێک لەم بیروهزر و هۆیەکانی شکستهێنانی ئەزموونی سۆسیالیستی، هەروەها پێوەندیی خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتیی کورد بداتەوە.

چەمکی سۆسیالیزم لە ڕوانگەی مێژووییەوە

لە هەوەڵ دەیەکانی سەدەی نۆزدەی زایینی بیری سۆسیالیستی بە چەشنێکی ڕەخنەگرانە و خەیاڵی لە ئورووپا سەری هەڵدا. نوێنەرانی فیکریی ئەم بیرۆکەیە بریتی بوون لە سەن سیمۆن و شارل فووریە لە فەڕانسە و ڕابێرت ئوون لە بریتانیا. دامەزرێنەرانی سۆسیالیزمی ڕەخنەگرانە و خەیاڵیی ڕەخنەگری سیستمی سەرمایەداری خوازیاری گۆڕانی بنەڕەتیی ئەم نیزامە بوون و «هێرشیان کردبووە سەر بنەمای کۆمەڵگەی ئارایی و بەم پێیە بنچینەیەکی گەلێک بە نرخیان بۆ ڕوونکردنەوەی بیری کرێکاران پێک هێنا»[بوو] ... داهێنەرانی ئەم سیستمانە [سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی] هەرچەند دژایەتیی نێوان چینەکان و کاریگەریی فاکتەرگەلی وێرانکەری نێو کۆمەڵگەی دەسەڵاتداریان دەدی، بەڵام لە بەرەی پرۆلتاریادا توانایی لێکدانەوەی هیچ چەشنە کردەویەکی سەربەخۆی مێژوویی و هیچ چەشنە بزووتنەوەیەکی سیاسی کە تایبەتمەند بە پرۆلتاریا بێ، نەدەدی».(٢) ئەم بیرمەندانە متمانەیان بە چینی کرێکار و دەوری مێژوویی ئەم چینە و پێداویستیی خەباتی سیاسی و شۆڕشی کرێکاری نەبوو. بە باوەڕی ئەوان چینی کرێکار توانای ڕزگارکردنی خۆی نەبوو، پێویست بوو هێزێک لە دەرەوەی ڕیزی پرۆلتاریا ئەم ئەرکە وەئەستۆ بگرێ. بە باوەڕی ئەوان، زانایانی ئاشتیدەرەوە و خێرخواز پێکهێنەری ئەم هێزە بوون و ئەوان دەیانتوانی بە یاریدەی ئامۆژگاریی ئاکاری و نیشاندانی نموونەگەلێکی دیاریکراو بەم ئاواتە بگەن. ئەوان هەر چەشنە هەنگاوێکی سیاسی و بە تایبەتی هەر چەشنە تێکۆشانێکی شۆڕشگێڕانەیان ڕەد دەکردوە و دەیانویست و هەوڵیان دەدا لە ڕێگەی ئاشتیخوازانەوە بە ئامانجەکانیان بگەن و شوێنگرەکانیان تەنانەت لە بەرامبەر بزووتنەوەی کرێکاریدا ڕادەوەستان. «بۆ وێنە شوێنگرانی ئوون لە بریتانیا دژایەتییان لەگەڵ چارتیستەکان و شوێنکەوتووەکانی فووریە لە فەڕانسە، دژایەتییان لەگەڵ ڕیفۆرمیستەکان دەکرد.».(٣) سۆسیالیستە خەیاڵییەکان بە ڕەدکردنەوەی خەباتی سیاسی و چینایەتی، هەروەها پەنابردن بە خۆشخوویی و ئاکارباشیی بۆرژۆواکان، بە تایبەتی کاتێک بزووتنەوەی کرێکاری و زەحمەتکێشان گەشەی دەسەند، دەکەوتنە بەرەی کۆنەپەرستەکانەوە، بە قەولی مارکس و ئێنگڵس لە مانیفێستدا «گرنگی سۆسیالیزم و کۆمۆنیسمی ڕەخنەگرانە_خەیاڵی پێوەندییەکی پێچەوانەی لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانی مێژوو» هەبوو. «سۆسیالیزمی خەیاڵی نەیدەتوانی نە نێوەڕۆکی کۆیلەتیی مزبەری(٤) لە بارودۆخی سەرمایەداری شی بکاتەوە، نە یاسای گۆڕانکارییەکانی بدۆزێتەوە و نە ئەو هێزە کۆمەڵایەتییەی کە دەتوانێ داهێنەری کۆمەڵگەیەکی تازە بێ، ببینێتەوە».(٥) بەم حاڵەش ئەم بیرمەندانە بەپێی قۆناغێکی مێژوویی نوێنەری ویست و ئاواتەکانی خەڵکی زەحمەتکێش بە چەشنێکی کاڵ و نەگەیشتوو بوون، لە نووسراوەکانیان بایەخێکی بەرچاویان بە گرنگیی خاوەنداریەتیی کۆیی، سەرچاوەی کۆکردنەوەی سەروەت و سامانی تاک، داڕشتنی بەرنامە بۆ ئابووریی وڵات، لە نێوبردنی جیاوازیی شار و گوند و هتددا بوو و ئامۆژگارییەکانیان وەکوو یەکێک لە سەرچاوەکانی سەرەتایی مارکسیزم پێناسە دەکرێ. لێنین لە سێ سەرچاوە و سێ پاژی مارکسیزم سەبارەت بە ئامۆژگارییەکانی مارکس دەبێژێ: «ئەم بارهێنانە میراتبەری بەنرخی باشترین بیرۆکەیەکە کە مرۆڤ لە سەدەی نۆزدەدا لە چەشنی فەلسەفەی ئاڵمان، زانستی ئابووریی بریتانیا و سۆسیالیزمی فەڕانسە پێکی هێناوە.(٦) هەتا نێوەڕاستەکانی سەدەی ١٩ی زایینی چەمکی سۆسیالیزم و سۆسیالیست لە ئەدەبیاتی کۆمۆنیستیدا زۆرتر بۆ بزووتنەوەی بۆرژوایی بەکار دەهێندرا. لە بەشی ٣ی مانفێستی حیزبی کۆمۆنیست_ مارکس و ئێنگڵس، لە ژێر دێڕی «نووسراوە سۆسیالیستی و کۆمۆنیستییەکان» تێروتەسەڵ ڕەخنە لە سۆسیالیزمەکانی فیۆدالی، مەسیحی، وردەبۆرژوایی، ئاڵمانی یان «ڕاستی»، خۆپارێز یان بۆرژوایی دەگیرێ. ئێنگڵس لەو پێشەکییانەی کە بۆ چاپی ئینگلیسیی مانیفێست لە ساڵی ١٨٨٨ و چاپی نوێ ئاڵمانییەکەی لە ساڵی ١٨٩٠ نووسیوە، لەم پێوەندییەدا ئاماژە دەکا و دەڵێ: ... «بەم حاڵە، کاتێک ئەم نامیلەکەیە [مانیفێست] بڵاو کرایەوە، ئێمە نەماندەتوانی ناوی بنێین مانیفێستی سۆسیالیستی. لە ساڵی ١٨٤٧ ناوی سۆسیالیست بە دوو چەشنە کەس دەگوترا: لە لایەکەوە بە لایەنگرانی مەکتەبە جۆراوجۆرە خەیاڵییەکان و بە تایبەتی شوێنکەوتووەکانی ئوون لە ئینگلیس و شوێنگرانی فووریە لە فەڕانسە دەگوترا کە هەردووکیان لەو کاتەدا گرووپگەلێکی تەریک لەکار دەرهاتبوون و پەیتاپەیتا بەرەو لە نێوچوون دەچوون و، لە لایەکی دیکەوە بە سێحربازە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی دەگوترا کە دەیانویست تەواوی بەڵا کۆمەڵایەتییەکان بە کەلکوەرگرتن لە ئیکسیر و پینەوپەڕۆکردن لە نێوبەرن، بەبێ ئەوەی کەمترین پێوەندییەکی بە سەرمایە و سوودەوە هەبێ. ئەمانە لە هەر دوو حاڵەتەکەدا کەسانێک لە دەرەوەی بزووتنەوەی کرێکاری بوون کە زۆرتر لە چینە «خوێندەوارەکان» یاریدەیان وەردەگرت. بە پێچەوانە، ئەو بەشە لە چینی کرێکار کە بڕوایان بە کەموکووڕی گۆڕانکارییەکانی تەنیا سیاسی هەبوو و خوازیاری سەرلەنوێ دروستکردنەوەی بنەڕەتیی کۆمەڵگە بوون، ناوی خۆیان کۆمۆنیست نابوو. ... لە ساڵی ١٨٤٧ سۆسیالیزم، بزووتنەوەی بۆرژوایی و کۆمۆنیزم، بزووتنەوەی کرێکاری بوو».(٧) مارکس و ئێنگڵس بەپێی ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ساڵەکانی دوو دەیەی پاش نووسینی مانیفێست، باس لەوەی دەکەن کە بەشێکی بەرچاو لە مانیفێست بەڕۆژ نییە و ئیتر بۆ ئەو کاتە کارایی نەماوە. لە پێشەکی بۆ چاپی ئاڵمانی مانیفێست لە ساڵی ١٨٧٢ لەبارەی بەشی ٣ و ٤ی مانیفێستدا هاتووە :... «هەروەها ئەوە خۆبەخۆ ئاشکرایە کە ڕەخنە لە بابەتی سۆسیالیستەکان بۆ ئەمڕۆ ناتەواوە، لەبەر ئەوەی کە تەنیا تا ساڵی ١٨٤٧ لەخۆ دەگرێتەوە. هەر بەم چەشنەش ئاشکرایە کە خاڵە پێوەندیدارەکان لەگەڵ هەڵوێستگرتنی کۆمۆنیستەکان لە بەرامبەر حیزبە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆن (بەشی چوارەم) سەرەڕای ئەوەی کە ئەمڕۆش لە هێڵە سەرەکییەکانی هەر ڕاستە، بەڵام لە ڕوانگەی بەکارهێنانی لە کردەوەدا کۆن بووە، لەبەر ئەوەی کە بارودۆخی سیاسی بە یەکجاری گۆڕاوە و ڕەوتی مێژوو، زۆرینەی ئەو حیزبانەی کە لەوێدا باسیان لێکراوە لەنێو بردووە.»(٨) ئێنگڵس بە تایبەتی لە کتێبی «ڕەوتی تەواوکاری سۆسیالیزم_ خەیاڵی و زانستی، وێڕای هەڵسەنگاندنی سۆسیالیزمی خەیاڵیی سەدەی هەژدە بە نوێنەرایەتیی سن سیمۆن و فووریە لە فەڕانسە و ئوون لە ئینگلیس و هتد، باس لە سۆسیالیزمی تازە یان ئەمڕۆیی، هەروەها زانستی دەکا». «ئێنگڵس ئاماژە بەوەی دەکا کە سۆسیالیزم دوو قۆناغی سەرەکی تەواوکاریی تێپەڕ کردووە. بۆ هەوەڵین جار لە هەیبەتی پێش زانستی، ئیدەئالیستی و ناپرۆلتاری سەری هەڵداوە، پاشان، بەپێی پەرەگرتنی شێوەی بەرهمهێنانی سەرمایەداری پێداگری لەسەر ئاکامەکانی خۆی دەکا و لە قاڵبی مارکسیزمدا سەر هەڵدەدا ...(٩) « ئێنگڵس دەبێژێ: «جەوهەری سۆسیالیزمی نوێ ئاکامی ڕاستەوخۆی ناسینی دوو ڕاستییە: یەکیان دژبەرەکیی چینە دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگەی ئەمڕۆ، دژبەرەکیی خاوەندارەکان و هەژارەکان، سەرمایەدارەکان و کرێکارە مزبەرەکان؛ ئەوی دیکەش بێسەرەوبەرەیی بەرهەمهێنانە».(١٠) «[هەروەها] لەوەبەولاوە سۆسیالیزم ئیتر دۆزینەوەیەکی بەهەڵکەوتی ئەم یاخود ئەو مێشکە بیرمەندە یان ئەو بلیمەتە نەبوو، بەڵکوو ئاکامێکی بەناچاری خەباتی دوو چینی پرۆلتاریا و بۆرژوازی بوو کە لە قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووییدا پێک هاتن و گەشەیان کرد. ئەرکی سۆسیالیزم ئیتر ڕێکوپێککردنی نیزامێکی کۆمەڵایەتی بەلانی کەم تەواو نەبوو، بەڵکوو بریتی بوو لە لێکدانەوەی ڕەوتی مێژوویی و ئابووری کە بەناچار دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ئەم چینانە و پێکدادانیان، هەروەها دۆزینەوەی ئامرازی چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکییانە لەو بارودۆخە ئابووریییەدا کە لەم ڕێگایەوە پێک هاتبوون. بەڵام سۆسیالیزمی پێشوو هەر ئەوەندە لەگەڵ تێگەیشتنی ماتریالیستی ناکۆک بوو کە سروشتناسی ماتریالیستە فەڕانسەوییەکان لەگەڵ دیالێکتیک و زانستە سروشتییە تازەکان. هەرچەند سۆسیالیزمی پێشوو ڕەخنەی لە شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ئارایی و ئاکامەکانی دەگرت، بەڵام، توانای شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی ئەوەی نەبوو و لە ئاکامدا، هەروەها توانای چارەسەرکردنیشی نەبوو؛ تەنیا دەیتوانی ئەو وەکوو شتێکی خراپ و نادروست بە هەژمار بێنێ. سۆسیالیزمەکەی پێشوو، هەرچەند چەوساندنەوەی چینی کرێکاری کە بەشی جیانەکراوەی شێوە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بوو بە توندی ئیدانە دەکرد، هەر بەو ڕادەیەش لە ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی و چلونایەتیی پێکهاتنی ئەم چەوساندنەوەیە بێدەسەڵات بوو. لە ڕاستیدا، مەسەلە ئەوە بوو کە پێویست بوو: ١) شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە لایەکەوە لە پێوەندییەکی مێژوویی و پێداویستی پێکهاتنی لە قۆناغێکی مێژووییدا لێک بدرێتەوە؛ لە لایەکی دیکەوە، هەروەها تایبەتمەندییە ناوەکییەکەی کە شاراوە بوو ئاشکرا بکرێ و، ئەم بایەخدانە لە ڕێگەی دۆزینەوەی زێدەبایی وەدی هات... ئێمە لە پێوەندی لەگەڵ دوو دۆزینەوەی گەورە: تێگەیشتنی ماتریالیستیی مێژوو و ئاشکراکردنی نهێنییەکانی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەپێی زێدەبایی قەرزداری مارکسین. بەپێی ئەم دوو دۆزینەوەیە، سۆسیالیزم کرا بە زانست...».(١١)

سەرچاوەکان:

١ـ لەم بابەتەدا ئارایی هاوڕێزی وشەی «موجود»ی فارسییە
٢ـ مانیفست حزب کمونیست. ک. مارکس و ف. انگلس، ترجمە م. پورهرمزان صص. ٥٥ –٥٦، انتشارات حزب تودە ایران، چاپ دوم ١٣٨٥
٣ـ سەرچاوەی سەرێ. ل٥٦
٤ـ کرێگرتە، مزبەر، مزیار (بە فارسی: مزدبگیر)
٥ـ سە منبع و سە جزء مارکسیسم، و. ای. لنین، ترجمە م. پورهرمزان ص ٤، انتشارات حزب تودە ایران
٦ـ سەرچاوەی سەرێ لاپەڕەی ٣
٧ـ مانیفست حزب کمونیست. ص ٩ و ١١
٨ـ سەرچاوەی سەرێ، لاپەڕەی ٢
٩ـ تکامل سوسیالیسم از تخیل بە علم، ف. انگلس، ترجمە گروە کادرها، ص ١٤، انتشارات کمونیسم، ١٣٥١، بازنویسی یاشار آذری ١٣٨٣، نشر کارگری سوسیالیستی
١٠ـ سوسیالیسم تخیلی و علمی. ف. انگلس، ترجمەی مسعود صابری، ص ٦١ تهران، نشر پرسو ١٣٨٥
١١ـ سەرچاوەکەی سەرێ لاپەڕەکانی ٩١–٩٠

ئێران لە «ستراتێژیی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ»دا کەمپەینی زەخت (٢-٢)



فارین پاڵیسی – مایک پۆمپێۆ
و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

DARREN ORNITZ / REUTERS
U.S. Secretary of State Mike Pompeo speaks during th…

”زەختی ئابووری بەشێک لە کەمپەینی وڵاتە یەکگرتووەکانە. چاوترسێنکردن بەشێکی دیکەیە. سەرۆککۆمار ترامپ بڕوای تەواوی بە هەنگاوی ئاشکرا بۆ سڵەمینەوەی ئێران لە دەستپێکردنەوەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی یا درێژەدان بە چالاکییە بەدخوازانەکانی هەیە. بەرامبەر بە ئێران و وڵاتانی دیکە، ئەو بەڕوونی ڕایگەیاندووە کە تەحەمووڵی ملهوڕی بەرامبەر بە وڵاتە یەکگرتووەکان ناکا، ئەگەر ئاسایشی وڵاتە یەکگرتووەکان هەڕەشەی لێ بکرێ ئەو بە توندی وەڵام دەداتەوە“

چاوبرسییەتیی ڕێژیم بۆتە هۆی کەلێن لە نێوان خەڵک و ڕێبەرانیان، کە کاری کاربەدەستانی دژوار کردووە کە بە شێوەیەکی باوەڕپێکراو لاوانی ئێران هان بدەن تا پێشڕەوی جیلی داهاتووی شۆڕش بن. ئایەتوڵڵاکانی خوازیاری حکومەتی ئایینی دەتوانن شەو و ڕۆژ دروشمی «مردن بۆ ئیسرائیل» و «مردن بۆ ئامریکا» بدەن، بەڵام ناتوانن دووڕوویی قیزەوەنەکەیان بشارنەوە. محەممەد جەواد زەریف، وەزیری کاروباری دەرەوە، دەرچووی زانکۆکانی سان فرانسیسکۆ و دێنڤەرە و عەلی ئەکبەر ویلایەتی، ڕاوێژکاری پایەبەرزی ڕێبەری گەورە، لە زانکۆی جان هاپکینز خوێندوویەتی. خامنەیی بۆخۆی ئوتومبێلی بی ئێم دەبلیوی سوار دەبێ و داواش لە خەڵکی ئێران دەکا کە کەلوپەلی ئێرانی بکڕن. ئەو دیاردەیە وەک هی یەکیەتیی سۆڤیەت لە حەفتا و هەشتاکانی زایینی دەچێ، کاتێک کە نێوەرۆکی شۆڕشی ١٩١٧ بە هۆی دووڕوویی ڕێبەرەکانەوە دەرکەوت کە دروشمی بێ کردەوەیە. دەفتەری سیاسی چیدیکە نەیدەتوانی بە شێوەیەکی جیددی بە شارۆمەندانی سۆڤییەت بڵێ کە باوەش بۆ کۆمۆنیزم بکەنەوە لە کاتێکدا کە کاربەدەستانی سۆڤییەت بۆخۆیان شاڵواری جین و قەوانی گرووپی موزیکی بیتڵیان بە قاچاخی دەفرۆشت. ڕێبەرانی ئێران، بە تایبەتی ئەوانەی لە بەڕێوەبەریی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیدان، وەک قاسم سولەیمانی، سەرۆکی هێزی قودس، دەبێ ناچار بکرێن کە ئاسەوارە بەژانەکانی توندوتیژیی و بەرتیلخۆرییان هەست پێ بکەن. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە ڕێژیم لە ژێر کۆنترۆڵی ویستی خۆ دەوڵەمەند کردن و ئایدیۆلۆژی شۆڕشگێرانە دایە کە ناتوانی بە ئاسانی خۆی لێ ڕزگار بکا، گەمارۆکان دەبێ سەخت بن بۆ ئەوەی کە عادەتە ڕیشە داکوتراوەکان بگۆڕدرێن. بۆیە بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ ئەو گەمارۆیانە دووبارە دەسەپێنێتەوە کە وەک بەشێک لە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی هەڵگیرابوون، یەکەم گەمارۆکان لە ٧ی مانگی ئاگۆست سەپێندرانەوە و پاشماوەکانیش لە ٥ی نۆڤەمبەر. ئێمە بەتەماین کە هاوردەکردنی نەوتی ئێران لە دونیادا، ئەگەر بکرێ تا ٤ی نۆڤەمبەر بگەیەنینە سفر. وەک بەشێک لە کەمپەینی تێکشکاندنی پشتیوانیی دارایی ڕێژیمی ئێران لە تێرۆریستان، ئێمە هەروەها کارمان لەگەڵ ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی کردووە تا ڕایەڵەی ئاڵووێری دراو کە میلیۆنان دۆلاری بۆ هێزی قودس دابین دەکرد لێک هەڵوەشێنین. وڵاتە یەکگرتووەکان داوا لە هەموو وڵاتێک کە لە چنگ ئاکارە تێکدەرەکانی کۆماری ئیسلامیی وەزاڵە هاتوون دەکا کە یارمەتیی خەڵکی ئێران بکەن و بێنە نێو کەمپەینی گوشار. هەوڵەکانی ئێمە لە لایەن نوێنەری لێهاتووی تایبەتی ئێمە بۆ ئێران، برایان هووک، بەڕێوە دەچن. زەختی ئابووری بەشێک لە کەمپەینی وڵاتە یەکگرتووەکانە. چاوترسێنکردن بەشێکی دیکەیە. سەرۆککۆمار ترامپ بڕوای تەواوی بە هەنگاوی ئاشکرا بۆ سڵەمینەوەی ئێران لە دەستپێکردنەوەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی یا درێژەدان بە چالاکییە بەدخوازانەکانی هەیە. بەرامبەر بە ئێران و وڵاتانی دیکە، ئەو بەڕوونی ڕایگەیاندووە کە تەحەمووڵی ملهوڕی بەرامبەر بە وڵاتە یەکگرتووەکان ناکا، ئەگەر ئاسایشی وڵاتە یەکگرتووەکان هەڕەشەی لێ بکرێ ئەو بە توندی وەڵام دەداتەوە. سەرۆک کیم زەختی ئەوی تاقی کردۆتەوە، و بەبێ ئەو زەختە ئەو هەرگیز نەدەهاتە سەر مێزی وتوێژ لە سەنگاپور. پەیوەندییە گشتییەکانی خودی سەرۆککۆمار [مەبەست لێدوانەکانی لە کاناڵی تویتەرە. و] وەک مێکانیزمی چاوترسێن کردنن. ئەو تویتەی کە لە مانگی جولای بە پیتی گەورە ئاراستەی سەرۆککۆماری ئێران، حەسەن ڕووحانی کرد، کە لەویدا ڕێنوێنی ئێرانییەکانی کرد کە دەست لە هەڕەشەکردن لە وڵاتە یەکگرەتووەکان هەڵگرن، بە گوێرەی ستراتێژییەکی حیساب بۆکراو بوو: ڕێژیمی ئێران لە توانایی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان دەگا و لێی دەترسێ. لە مانگی سێپتامبر، میلیشیاکانی عێراق هێرشێکی مەترسیداری مووشەکییان کردە سەر پێگەی باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتوەکان لە بەغدا و کۆنسولخانەی ئەو وڵاتە لە بەسرە. ئێران ئەو هێرشانەی نەوەستاند، کە لەلایەن بەکرێگیراوانییەوە کە بە پارە، ڕاهێنان و چەکوچۆڵ پشتیوانیان دەکا، بەڕێوە چوو. وڵاتە یەکگرتووەکان ڕێژیمی تاران بەرپرسی هەر هێرشێک دەزانێ کە ببێتە هۆی بریندار بوونی کارمەندانمان یا زەرەر بە دامەزراوەکانمان بگەیەنێ. ئامریکا بۆ پارێزگاری لە گیانی ئامریکاییان خێرا و بڕیاردەرانە وەڵام دەداتەوە. ئێمە خوازیاری شەڕ نین. بەڵام ئێمە بە ژان بۆ ئێرانی ڕوون دەکەینەوە کە ئاژاوە نانەوە بژاردەیەکی دۆڕاوە بۆ ئێران، کۆماری ئیسلامیی ناتوانێ لە بواری سەربازییەوە خۆ لە قەرەی وڵاتە یەکگرتووەکان بدا، و ئێمە لەوە ناترسین کە ڕێبەرانی ئێران ئەوەیان بۆ دەرکەوێ.

ئێران لەقاو دراوە

بەشێکی هەستیاری دیکەی کەمپەینی زەختی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ سەر ئێران ئەرکارییمانە بۆ لەقاودانی درندەیی ڕێژیم. ڕێژیمە دیکتاتۆرییە یاخیبووەکان لە هیچ شتێک بەقەد ئاشکرابوونی ئاکارە ڕاستەقینەکانیان ناترسن. بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ درێژە بە لەقاودانی داهاتە نایاساییەکان، چالاکییە بەدخوازانەکان، هەڵسوکەوتە نایاساییەکان، و سەرکوتە درندانەکانی ڕێژیم دەدا. خەڵکی ئێران شایانی ئەوەن کە ئاستی سەرسوڕهێنەری ئەو بەرژەوەندیخوازییەی کە هۆکاری ئاکارەکانی ڕێژیمە بزانن. خامنەیی و هاوقوماشەکانی توانایی تەحەمووڵی تووڕەیی نێوخۆ و نێونەتەوەییان نییە کە ئەگەر هەموو ئەو شتەی کە بە نهێنی دەیکەن ئاشکرا بێ. لە سەرەتای ساڵی ڕابردوو، خۆپیشاندەران هاتنە سەر شەقام یا درێژەدان بە چالاکییە بەدخوازانەکانی هەیە. بەرامبەر بە ئێران و وڵاتانی دیکە، ئەو بەڕوونی ڕایگەیاندووە کە تەحەمووڵی ملهوڕی بەرامبەر بە وڵاتە یەکگرتووەکان ناکا، ئەگەر ئاسایشی وڵاتە یەکگرتووەکان هەڕەشەی لێ بکرێ ئەو بە توندی وەڵام دەداتەوە. سەرۆک کیم زەختی ئەوی تاقی کردۆتەوە، و بەبێ ئەو زەختە ئەو هەرگیز نەدەهاتە سەر مێزی وتوێژ لە سەنگاپور. پەیوەندییە گشتییەکانی خودی سەرۆککۆمار [مەبەست لێدوانەکانی لە کاناڵی تویتەرە. و] وەک مێکانیزمی چاوترسێن کردنن. ئەو تویتەی کە لە مانگی جولای بە پیتی گەورە ئاراستەی سەرۆککۆماری ئێران، حەسەن ڕووحانی کرد، کە لەویدا ڕێنوێنی ئێرانییەکانی کرد کە دەست لە هەڕەشەکردن لە وڵاتە یەکگرەتووەکان هەڵگرن، بە گوێرەی ستراتێژییەکی حیساب بۆکراو بوو: ڕێژیمی ئێران لە توانایی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان دەگا و لێی دەترسێ. لە مانگی سێپتامبر، میلیشیاکانی عێراق هێرشێکی مەترسیداری مووشەکییان کردە سەر پێگەی باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتوەکان لە بەغدا و کۆنسولخانەی ئەو وڵاتە لە بەسرە. ئێران ئەو هێرشانەی نەوەستاند، کە لەلایەن بەکرێگیراوانییەوە کە بە پارە، ڕاهێنان و چەکوچۆڵ پشتیوانیان دەکا، بەڕێوە چوو. وڵاتە یەکگرتووەکان ڕێژیمی تاران بەرپرسی هەر هێرشێک دەزانێ کە ببێتە هۆی بریندار بوونی کارمەندانمان یا زەرەر بە دامەزراوەکانمان بگەیەنێ. ئامریکا بۆ پارێزگاری لە گیانی ئامریکاییان خێرا و بڕیاردەرانە وەڵام دەداتەوە. ئێمە خوازیاری شەڕ نین. بەڵام ئێمە بە ژان بۆ ئێرانی ڕوون دەکەینەوە کە ئاژاوە نانەوە بژاردەیەکی دۆڕاوە بۆ ئێران، کۆماری ئیسلامیی ناتوانێ لە بواری سەربازییەوە خۆ لە قەرەی وڵاتە یەکگرتووەکان بدا، و ئێمە لەوە ناترسین کە ڕێبەرانی ئێران ئەوەیان بۆ دەرکەوێ.

ئێران لەقاو دراوە

بەشێکی هەستیاری دیکەی کەمپەینی زەختی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ سەر ئێران ئەرکارییمانە بۆ لەقاودانی درندەیی ڕێژیم. ڕێژیمە دیکتاتۆرییە یاخیبووەکان لە هیچ شتێک بەقەد ئاشکرابوونی ئاکارە ڕاستەقینەکانیان ناترسن. بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ درێژە بە لەقاودانی داهاتە نایاساییەکان، چالاکییە بەدخوازانەکان، هەڵسوکەوتە نایاساییەکان، و سەرکوتە درندانەکانی ڕێژیم دەدا. خەڵکی ئێران شایانی ئەوەن کە ئاستی سەرسوڕهێنەری ئەو بەرژەوەندیخوازییەی کە هۆکاری ئاکارەکانی ڕێژیمە بزانن. خامنەیی و هاوقوماشەکانی توانایی تەحەمووڵی تووڕەیی نێوخۆ و نێونەتەوەییان نییە کە ئەگەر هەموو ئەو شتەی کە بە نهێنی دەیکەن ئاشکرا بێ. لە سەرەتای ساڵی ڕابردوو، خۆپیشاندەران هاتنە سەر شەقام و هاواریان کرد، «لە سوریە گەڕێ، بیرێک لە ئێمە بکەرەوە» و «خەڵک سواڵێ دەکا لە کاتێکدا کە مەلاکان بوونەتە خودا» وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ خەڵکی ئێرانە. سەرۆککۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان، ڕۆنالد ڕەیگان لە کاریگەریی لەقاودان گەیشتبوو کاتێک کە گوتی یەکیەتیی سۆڤیەت «ئیمپراتوورییەکی شەیتانییە.» بە ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی ڕێژیمەکە، ئەو داوای هاوسۆزیی بۆ ئەو خەڵکە کرد کە لە ژێر کۆمۆنیزمدا دەچەوسانەوە. بە هەمان شێوە بە خاتری خەڵکی ئێران بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ لەوە نەترساوە کە سەرکوتە بێبەزەییانە نێوخۆییەکەی ڕێژیم لەقاو بدا. ڕێژیم زۆر بە هەندێک پرەنسیپە ئایدیۆلۆژیکییەکان وەفادارە، لە ناویاندا هەنارەد کردنی شۆڕشی ئیسلامی لە ڕێگای شەڕە بە وەکالەتەکانی و وەرگێڕانی هاوڵاتیان لە وڵاتانی خاوەن زۆرینەی موسڵمان، بەربەرەکانی ئاشتینەخوازانە لەگەڵ ئیسرائیل و وڵاتە یەکگرتووەکان، و کۆنترۆڵێ توندی کۆمەڵگا کە مافەکانی ژنان سنووردار دەکا، کە هیچ ڕوانگەیەکی جیا تەحەممول ناکا. بۆیە، دەیان ساڵە کە حاشا لە مافەکانی مرۆڤ، ڕێز، و ئازادییە بنەڕەتییەکانی خەڵکی خۆی دەکا. بۆیە بۆ وێنە لە مانگی مای، پۆلیسی ئێران مائیدە هۆژەبری، ژیمناستێکی تازەلاوی لەبەر دانانی سەمای خۆی لە ئینستاگرامدا دەستبەسەر کرد. بە تایبەتی ڕوانگەکانی ڕێژیم لەسەر ژنان کۆنەپەرستانەیە. لە دوای شۆڕشەوە، ژنان ناچار کراون کە حیجابیان هەبێ، و بۆ سەپاندنی ئەوە، پۆلیسی بەربەرەکانی لەگەڵ مونکەرات لە شەقامەکان لە ژنانیان داوە و هەموو ئەو کەسانەیان دەستبەسەر کردووە کە گوێڕایەڵی ئەو یاسایە نەبوون. نارەزایەتییەکانی ئەو دواییانە دژی سیاسەتی جلوبەرگی مێینە دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە ئەو سیاسەتە شکستی هێناوە، و بێگومان خامەنەیی ئەوەی دەزانێ. لەگەڵ ئەوەشدا لە مانگی جولای چالاکێک حوکمی ٢٠ ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە چونکە حیجابەکەی لادابوو. ڕێژیم بە هەمان شێوە بەردەوام کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکان، لە ناویاندا بەهایی، کریستیان، و دەرویشی گونابادی دەستبەسەر دەکا، لە کاتێکدا کە ئەوان تەنیا داوای مافەکانیان دەکەن. ئێرانییەکی یەکجار زۆر لە بەندیخانەی ئیڤین، شوێنێکی خراپتر لە ژێرزەمینی لوبیانکا، بنکەی سەرەکیی مەترسیداری کاگێبێ، ئەشکەنجە کراون. ئەو زیندانییانە، لە ناویاندا چەند ئامریکایی بێتاوان کە بە تۆمەتی بێ بنەما گیراون، قوربانیی ڕێژیمێکن کە بارمتەگرتن وەک ئامرازێکی سیاسەتی دەرەوە بەکار دێنێ. لە دێسەمبری ڕابردوودا، خۆپیشاندەران ڕژانە سەر شەقامەکانی تاران، کەرەج، ئەراک، و زۆر شاری دیکە و بە شێوەیەکی ئاشتییانە داوای ژیانێکی باشتریان کرد. لە جوابدا، ڕێژیم لە ساڵی نوێدا لە ژانوییە ٥٠٠٠ کەسی دەستبەسەر کرد. سەدان کەس ئێستاش لە زیندانداد ماون، و زیاتر لە دەرزەنێک بە دەستی دەوڵەتی خۆیان کوژراون و ڕێبەرەکان بێدەربەستانە دەڵێن ئەوانە خۆیان کوشتووە. ئەوە لەبەر تایبەتمەندیی وڵاتە یەکگرتووەکانە کە ئێمە ئەو پێشێلکارییانە لەقاو دەدەین. هەر وەک سەرۆککۆمار ڕەیگان لە وتارێکدا لە زانکۆی دەوڵەتیی موسکۆ لە ١٩٨٨ گوتی، «ئازادی ئەو ددان پێدانانەیە کە هیچ تاکێک، هیچ کاربەدەستێک یا دەوڵەتێک، بە تاقی تەنیا ڕاست ناکا، بەڵام ژیانی هەر تاکێک بێکۆتایی بەنرخە، کە هەرکام لە ئێمە لەبەر هۆیەک هاتووینە سەر ئەو دونیایە و شتێکمان هەیە کە پێشکەشی بکەین.» لە مانگی مای، بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ ١٢ خاڵی دەستنیشان کردن کە ئێران دەبێ جێبەجێیان بکا ئەگەر خوازیاری ئاڵوگۆڕ لە پەیوەندییەکانمانە، لە ناویاندا وەستاندنی تەواوی پیتاندنی یۆرانیۆم، دانی زانیاریی تەواو لەبارەی لایەنە سەربازییەکانی بەرنامە ئەتۆمییەکەی، کۆتاییهێنان بە بڵاو کردنەوە مووشەکی باڵیستیک و تاقیکارییە ورووژێنەرەکانی مووشەک، ئازادکردنی شارۆمەندە گیراوەکانی وڵاتە یەکگرتووکان، کۆتاییهێنان بە پشتیوانیی لە تێرۆریزم و شتی زۆرتر. سەرۆک کۆمار ترامپ بە ڕوونی گوتوویەتی کە ئەگەر ئێران ڕەچاوی ئەو ستانداردانە نەکا کە وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوبەش و هاوپەیمانەکانی و خەڵکی خودی ئێران چاوەڕوانن، گوشارەکان زیاتر دەبن. بۆیە واشینگتۆن داوای کردووە کە بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ دەبێ بە شێوەیەکی بەرچاو باشتر بکرێ. هەر وەک سەرۆککۆمار بەردەوام گوتوویەتی، ئەو ئامادەی گفتوگۆیە. بەڵام هەر وەک کۆرەی باکوور، وڵاتە یەکگرتووەکان تا ئێران سیاسەتەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو و بەردەوام نەگۆڕێ درێژە بە کەمپەینی زەخت دەدا. ئەگەر ئێران ئەو ئاڵوگۆڕانە جێبەجێ بکا، دەرەتانی دەستەبەرکردنی ڕێککەوتنێکی بەربڵاوی تازە بە شێوەیەکی بەرچاو بەهێز دەبێ. ئێمە پێمان وایە کە مامەڵە لەگەڵ ڕێژیم مومکینە. ئەگەر مامەڵەیەک نەیەتە ئاراوە، ئێران تووشی تێچووی زیاتر بۆ سەرجەم چالاکییە بێبەزەییانە و تووندوتیژانەکەی لە چوار دەوری دونیا دەبێ. سەرۆککۆمار ترامپ پێی باشترە کە کەمپەینەکەی بەتەنیا بەڕێوە نەبا، ئەو دەیهەوێ هاوپەیمانانی وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوبەشەکانی لەگەڵ بن. بێگومان، وڵاتانی دیکە هەر ئێستا تێگەیشتنی هاوبەشیان لەبارەی هەڕەشەی ئێران لە ئەگەری گەیشتنی بە خولیا ئەتۆمییەکانی هەیە. سەرۆک کۆماری فەڕانسە، ئیمانوئیل ماکرۆن گوتوویەتی، «پێویستە بەرامبەر بە ئێران لەبەر چالاکییە ناوچەییەکانی و بەرنامە مووشەکییەکەی خاوەن هەڵوێست بین.» سەرۆک وەزیرانی بریتانیا، تێرێزا مەی گوتوویەتی کە ناوبراو «ئاگاداری هەڕەشەی ئێرانە دژی کەنداو و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە گشتی.» ئەو هاوڕاییە بەربڵاوەی کە لە بارەی هەڕەشەی ئێران هەیە هیچ ڕێگایەک بۆ ئەو وڵاتانە ناهێڵێتەوە کە لە بارەی پەیوەست بوون بە هەوڵی جیهانیی بۆ گۆڕینی ڕەفتاری ئێران دوودڵ بن، هەوڵێک کە مەزنە و مەزنتریش دەبێ.

هێزی ڕەوشت بەرزیی

سەرۆک کۆمار ترامپ دونیایەکی بە میرات وەرگرت کە لە زۆر بوار بە هەمان ترسناکیی ئەوەیە کە وڵاتە یەکگرتووەکان شەوی پێش دەستپێکی شەڕی یەکەمی جیهانیی بەرەوڕووی بۆوە، یا ڕاست ئەوەی پێش شەڕی دووهەمی جیهانیی، یا سەردەمی ترۆپکی شەڕی سارد. بەڵام بوێرییە وەستێنەرەکەی، لەپێشدا لە بەرامبەر کۆرەی باکوور و ئێستا لە بەرامبەر ئێران، نیشانی داوە کە چۆن لێکگرێدانی بڕوای ئاشکرا لەگەڵ پێداگریی لەسەر بڵاونەکردنەوەی ئەتۆمیی و هاوپەیمانیی بەهێز چۆن دەبێتە هۆی بەرەوپێش چوون. هەڵوێستی سەرۆک کۆمار ترامپ بەرامبەر بە ڕێژیمە یاساشکێنەکان لەوەوە سەچاوە دەگرێ کە بەرەوڕووبونەوەی ئەخلاقیی دەبێتە هۆی سازشی سیاسی. ئەوە نەخشەڕێگای یەکێک لە سەرکەوتنە مەزنەکانی سیاسەتی دەرەوە لە سەدەی ڕابردوودا بوو: سەرکەوتنی ئامریکا لە شەڕی ساردا. لە یەکەم حەوتووی سەرۆک کۆمارییەکەی، سەرۆککۆمار ڕەیگان ئاوا باسی یەکیەتیی سۆڤیەتی کرد: «تەنیا ئەخلاقێک کە ئیعترافی پێدەکەن ئەوەیە کە چ شتێک مەسەلەی ئەوان بەرەوپێش دەبا، بەو مانایە ئەوان ئەو مافە بە خۆیان دەدەن کە هەر شێوە تاوانکارییەک بکەن، درۆ بکەن، فێڵ بکەن.» لێکۆڵەورەکانی سیاسەتی دەرەوە گاڵتەیان بە وتەکانی کرد، پێیان وابوو ڕووڕاستییەکەی لەمپەرێک دەبن بەرەو ئاشتی. بەڵام سەرۆککۆمار بە هەمان شێوە پێداگریی کردبوو لەسەر وتوێژ لەگەڵ سۆڤیەتییەکان، فاکتەرێک کە بەشێوەیەکی بەرچاو پاشگۆی خرا. تێکەڵاویی ڕەوشت بەرزیی سەرۆک کۆمار ڕۆناڵد ڕەیگان لەگەڵ وردبینی سیاسی بناخەی وتوێژەکانی ١٩٨٦ لە ڕەیکیاویک دانا و دواتر، هەرەسهێنانی خودی سۆڤیەت. ئەوانی کە ئێستاش کڕنوش بۆ هەمان بڕوا بە میراتماوە دەبەن کە ڕووڕاستیی لەمپەری وتوێژە دەبێ ئیعتراف بکەن کە ڕەوانبێژیی ئامانجدار و زەختی بە کردەوە لەسەر ڕێژیمە سەرەڕۆکان کاریگەریی هەبووە و هەیە. بەو خێراییەی کە ئابووری ئێران لە لاوازبووندایە و پەرە ئەستاندنی ناڕەزایەتییەکان، دەبێ بۆ ڕێبەریی ئێران ڕوون بێ کە وتوێژ باشترین ڕێگای بەرەوپێش چوونە.

هەگبەی شاخ و شۆڕش

ئیمانێک بە پتەویی شاخ بە خۆڕاگریی داربەڕوو

برایم چووکەڵی

لە ماوەی ئەو ٤٠ ساڵەدا کە کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی ڕەشی خۆی بەسەر کوردستاندا سەپاندووە، ئەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە توانیویەتی مێژوویەکی پڕ لە سەروەری لە خەبات و بەربەرەکانی تۆمار بکا. هەر لە ڕۆژانی یەکەمی هاتنەسەرکاری ئەم ڕێژیمە دەرکەوت کە ڕوانگەی ئەوان بۆ پرسی نەتەوەیی و ماف و ئازادیی گەلانی ئێران هەر هەمان ڕوانگەی دەسەڵاتی پاشایەتی و بگرە شۆڤینیتریشە؛ هەربۆیەش حیزبەکەمان داکۆکیی لە مافە ڕەواکانی نەتەوەی کوردی کردە ئەرکی سەرەکیی خۆی. لەم ڕۆژەوە پۆل پۆل لاوانی نیشتمانەکەمان ڕێگە و سەنگەرەکانی ئەم حیزبەیان هەڵبژاردووە و لە کاروانی ئەم خەباتەدا بە هەزاران کەس شەهید و بریندار و کەمئەندام بوون.

ئەوە شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە ژیان بە ئازادی و ڕزگاری بۆ نیشتمان بەبێ فیداکاری و لەخۆبوردوویی وەدەست نایە، باشیش دەزانین لەو ڕێگایە شەهید بوون و ئاوارەیی و کوشتن و دەربەدەری و زیندانیش هەیە کە هیچکامیان ویستی هیچ کەسێک نییە. بەڵام ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە زۆر جار ئەو پێشهاتانەیان بەگیان کڕیوە و بە باوەشێکی فراوانەوە پێشوازییان لێ کردووە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ژینی ژێردەستی لای ئەوان مانا نادا و چەوسانەوەیان پێ قبوڵ ناکرێ، بۆیە یان لە سەنگەرەکانی بەرگریدا شەهید دەبن و ئەگەر چارەنووسیان بکەوێتە زیندان دوا هەناسەکانی ژیانیان سەربەرزانە لە زیندانداتیتپەڕ دەکەن.

لە «هەگبەی شاخ و شۆڕش»ی ئەم ژمارەیەدا باس لە بەسەرهاتی خۆڕاگریی محەممەد شارویرانی، یەک لەو جوامێرانەی کورد دەکەین، ئەگەرچی سەختە بتوانی لە گۆشەیەکی ٨٠٠ وشەییدا سەدان چیرۆکی پڕ حەماسە و سەروەری لە ژیانی کەسایەتییەکی ئاوا بگێڕییەوە.

محەممەد شارویرانی ساڵی ١٣٦٢ هاتووەتە ڕیزی تەشکیلاتی نهێنیی حیزب و پاش ٥ ساڵ کە ئاشکرا دەبێ، سەنگەرەکەی دەگوازێتەوە بۆ ڕیزی ئاشکرای پێشمەرگەکان. ئەخلاق و ئاکاری جوان، پرستیژ و خۆشەویستی لەنێو کۆمەڵانی خەڵک بەشێک لەو تایبەتمەندییانە بوو کە ئەوی پێ دەناسرایەوە، پێشمەرگەیەک کە ئێستا گیانیشی لە گرەوی ئامانجی گەلێکی خەباتکار نابوو. شارویرانییەک کە دەستی لە گیان و ماڵی خۆی هەڵگرتبوو و لە پێناو ئامانجەکانی خەبات و نیشتماندا هەموو ئازار و فیداکارییەکی بەگیان دەکڕی. شارویرانی باش دەیزانی شۆڕشگێڕ هەر ئەوانە نین کە چەکیان لە شان دایە. ئەو لەمەیدانی کردەوەدا دیبووی کە چۆن بە دەیان جار لە ناوچەی مەهاباد بەگشتی و شارویران بەتایبەتی خەڵکی حیزب خۆشەویست ئەویان لە نێو دەیان و سەدان چەکداری دوژمن ڕزگار کردووە و پاراستوویانە. لە کەمین ئاگاداریان کردووەتەوە و تەنانەت دەربازیان کردووە، بۆیە هەموو ئەو خەڵکەی پێ خەباتگێڕی ڕاستەقینە بوو. ئەو باوەڕی وابوو پێشمەرگەی حیزبێکی شۆڕشگێڕی پێشڕەوی جووڵانەوەی گەلی کورد، خۆی لە خەڵک هەڵناوێرێ و بۆ خۆیشی لە دەرگای هەر ماڵێکی دابایە، بە سۆزەوە بە ڕوویدا دەکرایەوە و لە ئامێز دەگیرا.

ئەو پێشمەرگەیەکی بەوەج و بە دەستوبرد و تا بڵێی ئازا بوو و، لە باری کۆمەڵایەتیشەوە خاوەن پێگەیەکی بەرز بوو و، ڕەوشتپاکی، فیداکاری و دڵسوزی و بە باوەڕبوونەکەی لەسەر زاری خەڵک بوو.

ڕۆژ ڕۆیشت و مانگ وساڵ تێپەڕی و شارویرانی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پتر لە کوورەی خەباتدا قاڵ دەبوو و خەرمانی ئەزموون و شانازی لەسەر یەک کەڵەکە دەکردن. ئەو ساڵەش (١٣٧٥) شارویرانی وەک هەموو ساڵەکانی دیکە خۆی بۆ ناوچە ئامادە کرد و لەگەڵ تیمێک لە کادر و پێشمەرگەکان بەرەو ناوچەی تێکۆشانی شۆڕ بۆوە. شارویرانی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی حیزبی بە نهێنی سەردانی ئەم گوند و ئەو گوندی دەکرد و بە هەڵسووڕانی خۆی بەرنامەی گەشتە سیاسی و نیزامییەکەی دەبردە پێشێ.

ڕۆژی ١٧ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٧٥ محەممەد شارویرانی بۆ کاری حیزبی ڕوو لە ئاوایی «قەرەخان» لە ناوچەی شارویرانی مەهاباد دەکا، بەبێ ئەوەی بزانێ کە چ پیلانێکی گەورەیان بۆ دارشتووە. شارویرانی کە بۆ کارێکی تەشکیلاتی و تەنیا بە دەمانچەیەکەوە ڕوو لەو گوندە دەکا، بەڵام مەغوول ئاسا هێزی دوژمن بەئاوایی وەر دەبن و دەوری دەدەن و شارویرانی لەگەڵیان دەڕگیر دەبێ. لە جێیەک و لە کاتیکدا دەیویست لە دیواری ماڵەکە سەربکەوێ، گوللەی دوژمن لاقی دەپێکێ و توانای ڕێبڕینی لێ دەبڕێ؛ بەمجۆرە دوژمن توانی شارویرانی بەدیل بگرێ و بەوەش لاپەڕەیەکی دی لە ژیانی هەڵدەدرێتەوە.

گێڕانەوە و نووسینەوەی چیرۆکی گیران و خۆڕاگریی شارویرانی لە توانای ئەم نووسینەدا نییە. گەڵالەی گیرانی شارویرانی لە تارانەوە دارێژرابوو، دوژمن لە ڕێگەی سیخوڕەکانییەوە زانیبووی کە شارویرانی دەبێ چاوی بە بەرپرسێکی باڵای حیزب بکەوێ و لەگەڵی بۆ شوێنێکی دیکە بچێ. ڕێژیم کە بە هەموو نرخێک دەیویست عەمەلیاتەکەیان سەرکەوتوو بێ، بێ گوێدانە سەرەتاییترین ڕێوشوێنی باری ئینسانی بۆ بریندارێکی شەڕ، تەنیا لەبیری گەڵاڵەکەی خۆیاندا بوون کە بتوانن لە ڕێگەی شارویرانییەوە ئەو بەرپرسەی حیزب پەلکێشی شوێنەکە بکەن.

هەروەک لە ژیانی شارویرانیدا دەردەکەوێ، ئەو خۆی بۆ هەموو نەهامەتییەکان ئامادە کردبوو و ئامادە بوو لە ژێر ئەشکەنجەدا بمرێ، بەڵام خۆی بۆ داوای دوژمن بە دەستەوە نەدا. هەربۆیەش لەزیندانداتا هەموو جۆرە ڕەفتارێکی دژەمرۆیی لەگەڵ کرا بۆ ئەوەی بتوانن لە ڕووی ڕووحییەوە بەچۆکیدا بێنن. ئەشکەنجەکانیش تا ئەو ڕادەیە چوونە پێش کە لاقێکیان بڕییەوە و ئازارێکیان لەگەڵ خست کە تا ئێستاش وەک میراتێکی شووم لەگەڵیەتی.

وەک گوتم ئەوەی دەبێ لەسەر خۆڕاگری شارویرانی لەزیندانداتا بگوترێ لە توانای ئەم قەڵەمەدا نییە و لەو گۆشە تەنگەبەرەدا جێی نابێتەوە، پێشمەرگەیەکی بەبریندار بەدیل گیراو کە هیچ ئەشکەنجەیەک کۆڵی پێ نادا، تەنانەت سەپاندنی سزای ئێعدامیش، ئەوەش وای کرد کە ناوبانگی هەموو کوردستان دابگرێ. هەر ئەو خۆشەویستییەش وایکرد کە نوێنەری کۆچکردووی شاری سنە، مەهەندیس بەهائەدین ئەدەب هەوڵێکی زۆر بۆ ڕزگارکردنی گیانی لە مردن بدا و سزاکەی لە ئێعدامەوە بۆ ئەبەد کەم بکرێتەوە.

شارویرانی لە هەل و دەرفەتێکدا کە بۆی ڕەخسا، توانی نیری دیلی لە ئەستۆی خۆی دارنێ و خۆی بگەیەنێتەوە هاوسەنگەران و بێتەوە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات و درێژە بە تێکۆشان و خەباتی بێوچانی بدا...

هەزار سڵاو لە ئیمان و خۆڕاگریی محەممەد شارویرانی...

پێشێلکردنی مافەکانی ژنان لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا

لەیلا قادری

یاسای بنەڕەتیی هەر وڵاتێک بە بەڵگەنامەیەکی گرینگ دادەنرێ کە نە تەنیا ناوەندەکانی دەسەڵاتی وڵاتەکەی بەڕوونی دەستنیشان کردووە، بەڵکوو ئالییەت و میکانیزمەکانی پەیوەندیی ئەو ناوەندانەشی لەگەڵ یەکتر ڕێک خستووە، لە لایەکی دیکەوە ئەو یاسایە میکانیزمی پەیوەندیی ناوەندەکانی دەسەڵاتیشی لەگەڵ خەڵکی وڵاتەکەش دیاری کردووە، ئەوە لە کاتێکدایە کە دەتوانین لە نێوئاخنی یاسای بنەڕەتیی وڵاتاندا بەوەش بگەین کە ڕێوشوێنی پەیوەندییەکانی هاووڵاتیان لەگەڵ یەکتر چۆن دارێژراوە. ئەوە پێشەکییەکی کورت بوو بۆ ئەوەی بەکورتی ئاوڕێک لە یاسای بنەڕەتیی ئێران بدەینەوە و بزانین لەوەتی لە ئێران یاسا هەیە، چەندە مافی ژنی تێدا ڕەچاو کراوە.

بۆ یەکەمجار ساڵی ١٢٨٥ی هەتاوی یاسای بنەڕەتی لە ئێران دارێژرا، واتا شۆڕشی مەشروتە بووە هۆی ئەوەی یاسای بنەڕەتی لە ئێران لەدایک بێ، هەر ئەو یاسایەش نوێخوازیی لە ناوەندە سیاسییەکانی ئێراندا هێنا ئاراوە و گرینگی بە پارلمان و هەڵبژاردن دا و باسی لەوەش کرد کە ئیتر دەسەڵاتەکانی شا، تەنیا دەبێ تەشریفاتی بێ و نوێنەرانی خەڵک و پارلمان سیاسەتی وڵات دابڕێژن؛ بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بە باسەکەی ئێمەوە هەیە _کە پێوەندیدارە بە پرسی ژنان و مافی ژنان لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا_ دەبێ بڵێین لەو یاسایەدا هیچ ئاماژەیەک بە مافی ژنان نەکرابوو، تەنیا لە مادەی ١٠ی یاسای بنەڕەتیدا باس لەوە دەکا کە کەسانی نابالغ، دواکەوتووانی زەینی و شێتەکان و ژنان نەک هەر بۆیان نییە خۆیان بۆ پارلمان بپاڵێون، بەڵکوو مافی دەنگدانیشیان نییە، دیارە یاسای بنەڕەتی مەشروتەش بەدەر نەبوو لە کاریگەری و هەژموونیی ئایینی ئیسلام و لە نێو ئەو ئایینەشدا مەزهەبی شیعە.

هەرچەندە ڕێژیمی پەهلەوی هەوڵی دا گرینگی بەو بەشە لە یاسای بنەڕەتی نەدا، بەڵام دواجار لەگەڵ دژایەتیی زۆر بەرەوڕوو بووەوە و بەتایبەت پیاوانی ئایینی دەنگدانی ژنانیان بە دژی ئایین و ئیسلام دەزانی و پێیان وابوو یاسای بنەڕەتی نابێ لە بنەماکانی دین لابدا. بەڵام دە ساڵ پێش شۆڕشی گەلانی ئێران، ئەو کاتەی کە ئاستی خوێندەواری لە نێو ژناندا بەرز بووەوە و تا ڕادەیەک ژنان هەستیان بەو هەمووە غەدر و جیاکارییە کرد، مادەی ١٠ی یاسای بنەڕەتی هەموار کرایەوە و ژنان لە هەندێک مافی وەک دادوەری، نوێنەرایەتی لە پارلمان و بەشداریی ئازادانە لە چالاکییە هونەرییەکاندا بەهرەمەند بوون. بەهەر حاڵ ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی و دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامی، ئیتر ئێران پێی نایە قۆناغێکی دیکەی ژیانی سیاسییەوە، دواتر لە ساڵی ١٣٥٨ یاسایەکی بنەڕەتی کە بنەماکانی ئایینی ئیسلام بە خەستی لەوێدا ڕەنگی دابووەوە، خرایە بەردەم ڕای گشتییەوە. ماد و بەندەکانی ئەو یاسایە ئەوەندە نارۆون و ئاڵۆزە کە بۆ شیکردنەوەی هەر مادە و بڕگەیەکی دەبێ بگەڕێنەوە سەر ئایینی ئیسلام و لەنێو ئەو ئایینەشدا مەزهەبی شیعە و لە نێو ئەو مەزهەبەشدا فیقهێکی دیاریکراو، جا ئەوەندەی پەیوەندی بە ژنانەوە هەیە، بەیەکجاری مافەکانی ژنانی تێدا بەرتەسک کرایەوە، واتە ئەگەر بۆ شیکردنەوەی مافی ژنان پەنا بۆ هەر سەرچاوەیەکی ئیسلامی لە میانەڕەو ڕا بگرە تا دەگاتە توندڕەوەکان ببەین، بەهیچ شێوەیەک و لە هیچ بابەتێکدا یەکسانیی مافی ژن و پیاوی تێدا بەدی ناکرێ، ئەوە لە کاتێکدایە کە هەر ئەو یاسا بنەڕەتییە لە ساڵی ١٣٦٨ سەر لە نوێ هەموار کرایەوە، کە ناوەندێکی نوێیان تێدا جێ کردەوە، ئەویش کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزامی ڕێژیم بوو کە شوێنکەوتووانی کۆماری ئیسلامی دڵیان پێی خۆش بوو، ئەویش لەبەر ئەوەی لە یاسای بنەڕەتیی هەموارکراودا، یەکێک لە دەسەڵاتەکانی ئەو کۆڕە ئەوە بوو کە دەتوانێ ئەو یاسایانە پەسەند بکا کە شووڕای نیگابان ڤێتۆیان دەکا. دیارە لێرەدا پێویستە بڵێین کە شووڕای نیگابان لە بەرزترین ناوەندەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە و یەکێک لە ئەرکەکانی چاودێری و هەڵسەنگاندنی یاساکان و گونجاندنیانە لەگەڵ بنەمای ئایینی ئیسلام، هەر یاسایەکیش لەگەڵ ئەو بنەمایانە یەک نەگرێتەوە ڤێتۆی دەکا. بەڵام هەر وەک وتمان کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزامی ڕێژیم دەسەڵاتی ئەوەی هەیە یاسا ڤێتۆکراوەکان پەسەند بکا بە مەرجێک دوو لەسەر سێی نوێنەرانی مەجلیس پێداگری لەسەر پەسەندکردنی یاساکە بکەن. شوێنکەوتووانی کۆماری ئیسلامی و ڕیفۆرمخوازان وای بۆچوون، کە پێدەچێ ئەو سیستەمە هەستی بە کەموکووڕییەکانی خۆی کردبێ و ئێستاش دەیهەوێ هەنگاو بەرەو سیستمێکی عورفی بنێ و خەریکە کێشە و نەهامەتییەکانی کە بەسەر خەڵکی هێناوە، بە میکانیزمی نێوخۆیی خۆی ڕێگەچارەی بۆ بدۆزێتەوە، بەڵام بەداخەوە ڕەوتی کاری کۆماری ئیسلامی هەر وەک خۆی، دژە مرۆیی و دژە ژن بەڕێوە دەچێ و کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیش نەیتوانی یان نەیویست هیچ گۆرانێک بێنێتە ئاراوە، ئەوە لە کاتێکدایە کە مەجلیسی شووڕای ئیسلامیش پێداگری لەسەر پەسەندکردنی هیچ یاسایەک نەکردووە کە لە بەرژەوەندیی ژندا بێ.

ڕوون و دیارە کە بناغەی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای ئایینی ئیسلام دارێژراوە، هەر وەک مادەی ٥٦ی یاسای بنەڕەتی کە دەڵێ؛ حاکمی تاک و تەرای جیهان و مرۆڤ هەر خودایە و، هەر ئەویش مرۆڤی کردووەتە بڕیاردەری چارەنووسی کۆمەڵایەتیی خۆی. هەروەها مادەی پێنج دەڵێ؛ تا کۆتایی غەیبەتی وەلی عەسر لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ویلایەتی ئەمر و ئیمامی ئۆممەت (میللەت) لە ئەستۆی فەقیهێکی عادڵ، چاکەکار، زانا بە سەردەم، چاونەترس و کارزان و شارەزایە. کەواتە لێرەدا ڕوون دەبێتەوە کە کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی خەڵک دەخاتە ئەستۆی ئاسمان و ڕێوشوێنی ژیانی خەڵکیش بەپێی ئایینی ئیسلام دادەڕێژرێ. بۆ ئەو مەبەستەش ولی فەقیهی دیاری کردووە، کە هەموو دەسەڵاتەکانی لە ئەستۆیە، مادەی چواری یاسای بنەڕەتی بەتەواوی ئەو دەسەڵاتەی یەکلا کردووەتەوە و دەڵێ: «سەرجەم یاسا و ڕێسا مەدەنی، سزایی، دارایی، ئابووری، ڕۆشنبیری و سەربازی، سیاسی و هەتا دوایی دەبێ بەپێی بنەماکانی ئیسلام بێ. ئەو مادەیەش بەسەر سەرجەم مادە و بەندەکانی یاسا و دەستووردا زاڵە». دیارە نێوەڕۆکی مادەی ٧٢ی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیش هەر ئەو شتە دووبارە دەکاتەوە و دەڵێ؛ مەجلیسی شووڕای ئیسلامیی بۆی نییە یاساگەلێک دابڕێژی و پەسەندی بکا کە لەگەڵ پێڕەو و بنەما و یاسا و ڕێسای مەزهەبی فەرمی وڵات دەستووری بنەڕەتی ناکۆک بێ». هەرچەندە ڕێژیمی پێشووی ئێران و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش بەشێک لە بەند و بنەما گرینگە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤیان واژۆ کردووە، بەڵام لە ئەساسدا سەرچاوەی یاسادانان بۆ دانانی یاسا جگە لە ئایین پشت بە هیچ بنەمایەکی دیکە نابەستێت. هەر وەک دەزانن، حکوومەتی ئەو کاتی ئێران لەگەڵ بڵاوبوونەوەی جارنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ، واژۆی لەسەر جارنامەی سی مادەیی مافی مرۆڤ کرد. کە ئەوی پەیوەندی بە ژنەوە هەیە جارنامەی مافی مرۆڤ جەخت لەسەر یەکسانیی ژن و پیاو لە مافەکانیاندا دەکاتەوە، کە بە پێچەوانەوە لە یاسای ئێراندا مافی ژن بەتەواوی ونە. ڕێژیمی پێشووی ئێران لە ساڵی ١٣٥٤ی هەتاویدا دوو پەیماننامەی گرینگی پەیوەندیدار بە مافی مرۆڤی واژۆ کرد کە لە لایەن هەر دوو مەجلیسی شووڕای میللی و مەجلیسی سەنای ئەو سەردەمی ئێرانیش پەسەند کران، بەڵام بەمحاڵەش ئیمتیازەکانی تایبەت بە مافەکانی ژنان و یەکسانیان لە مافدا کە لەو دوو پەیماننامەیەدا ئاماژەی پێ کرابوو، لە ژیانی ژنانی ئێراندا ڕەنگی نەدایەوە. دیارە بەپێی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی ئەگەر پارلمانی هەر حکوومەتێک پەیماننامە یان هەر بەڵگەنامەیەکی نێودەوڵەتی واژۆ بکا، ئیتر لەسەر ڕێژیم و حکوومەتەکانی دوای ئەویش دەبێتە فەرز کە بۆ هەمیشە پابەند بە جێبەجێکردنی بن، تەنیا لەو حاڵەتەدا نەبێ کە ڕێژیمی نوێ بەپێی ئەو بەڵگانەی کە دەیخاتە ڕوو؛ ڕای بگەیەنێ کە واژۆی وڵاتەکەی لەسەر ئەو پەیماننامەیە وەردەگێتەوە، بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو کارەی نەکردووە و سەرەڕای ئەوەی واژۆکەی وەرنەگرتووەتەوە، تا ئێستا هەڵوەشانەوەی مادەی نۆیەمی یاسای مەدەنی ئێران کە لە سەردەمی ڕەزاشای پەهلەوی پەسەند کراوە، ڕانەگەیاندووە. بۆ بەرچاوڕوونی دەبێ بڵێین؛ بەپێی مادەی نۆیەمی یاسای مەدەنی سەرجەم ئەو پەیماننامە و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییانەی کە پارلمانی ئێران واژۆی لەسەر کردوون یان دەیکا، پێویستە جێبەجێ بکرێن. کەواتە ئەگەر یاساکانی ئێستای کۆماری ئیسلامیش پشتگوێ بخەین، ژنان مافی خۆیانە بەپێی ئەو پەیماننامە نێودەوڵەتییانەی ئێران واژۆی کردوون، داوای یەکسانی بکەن. بۆیە ژنان دەتوانن بە پشتبەستن بەو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییانەی ئێستاش لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە بەهای یاساییان هەیە و بۆ بەرژەوەندیی خۆی کاریان پێ دەکا، داوای مافە ڕەواکانی خۆیان بکەن. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دیباچە و پێشەکیی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، شوناسی ژن گرێدراوی ئایینی ئیسلامە و بەدیهاتنی مافەکانی ژن بەسراوەتەوە بە چوارچێوەی خانەوادە و، ژن بوونەوەرێکە کە تەنیا لە خێزاندا مانا پەیدا دەکا. یاسادانەران جگە لەوەی خودی ژنیان بە مەکتەبی بوون دیاری و، پەروەردەی کەسانی مەکتەبیشیان وەک سەرەکیترین و جەوهەریترین ئەرکی ژن پێناسە کردووە. واتە ژن بەپێی یاساکانی کۆماری ئیسلامی، تەنیا مەکینەیەکە و فەرزە لەسەری کەسانی مەکتەبی بەرهەم بهێنێ و....

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێین، لە حاڵێکدا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە درێژایی مێژووی هاتنەسەرکاری بە ئۆرگانیزکردنی کۆمەڵە کەسانێکی سوننەتی دەمارگرژ وەک بەسیج لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە بە بەرنامەڕێژی ئایەتوڵڵاکانی وەک میسباح یەزدی هەوڵی بێبەشکردن و پێشێلکردنی مافەکانی ژنان دەدەن، ژنان و پیاوانی وشیار و چاونەترس دەبێ بە ئەرکی خۆیان بزانن و لەبەرامبەر ئەو نادادپەروەرییانە وەدەنگ بێن. ئەوە ڕاستییەکە کە هەمیشە گۆڕینی کولتوور لە گۆڕینی یاسا زۆر زەحمەتترە، بەپێچەوانەشەوە بە گۆڕینی یاسا ئاسانتر کولتوور دەگۆڕدرێ، بەڵام بۆ کۆمەڵگەی ئێران گۆڕینی ڕێژیم باشترین چارەسەرە.

***

ڕەسوول نادری
نەقڵی خۆش و نوقڵی مەجلیس



عومەر باڵەکی

ڕەسوول نادری یەکێک لەو هونەرمەندانە بوو کە بە دەنگە خۆش و هەستبزوێنەکەی و گێڕانەوەی نەقڵ و نەزیلە لە ماوەی تەمەنیدا بە بەشداری لە سەدان کۆڕ و مەجلیس و شایی و هەڵپەڕکێدا دڵی هۆگرانی خۆی خۆش کردووە و شریتی بەیت و حەیران و گۆرانی و قسەخۆشەکانی لە زۆربەی ماڵەکانی کوردستان، بە تایبەتی ناوچەی موکریان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەی هەولێر و سلێمانی لە باشووری کوردستان وەگیر دەکەوت و دەکەوێ. ڕەسوول نادری لە ساڵی ١٣١٢ لە ئاوایی «وزنتاش» سەر بە شاری مەهاباد لە بنەماڵەیەکی گوندی لە دایک بووە و بۆ ماوەیەک ماڵیان چووەتە ئاوایی «کانی سێو» هەر لەو ناوچەیە.

بۆ خۆی دەڵێ لە تەمەنی پازدە ساڵییەوە هۆگری هونەری گوتن بووم و هەر ئەوە وایکردووە کە ناوبراو بە تامەزرۆیی گوێ لە دەنگخۆشەکانی سەردەمی لاوەتیی خۆی بگرێ و، لە کۆڕ و مەجلیسان گوێ بۆ بەیت و باو و سەربردە و قسەی خۆش و نەقڵ و نەزیلەکانی خەڵک هەڵخا و، بە مێشکی خۆی بسپێرێ و لە دواییدا تاسولووسیان بکا و؛ بەو جۆرە کە خۆی دەیهەوێ و پێویستی کۆمەڵگەیە، بیانگێڕێتەوە. بەداخەوە ڕەسوول نادری لە ٢٦ی خەرمانانی ئەمساڵدا بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد، بەڵام هەگبەیەک لە هونەر و خەرمانێک لە سامانی هونەریی بەنرخی لە دوای خۆی بەجێ هێشت کە پاشخان و گەنجینەی هونەری کوردیی لە بواری هونەری زارەکیدا پێ دەوڵەمەند بووە. بەڵام ئەوی مەبەستی ئەو نووسینەیە تەنیا یاد کردنەوە لە هونەرمەند ڕەسوول نادری نییە، بەڵکوو بۆوەیە بەو قەڵەمە کۆڵۆڵە کە دەزانم توانای هەڵسەنگاندنی بواری هونەریی نییە، هەتا ڕادەیەک باسی هونەری نەقڵ گێڕانەوەی ئەو هونەرمەندە بکەم کە ئەو هونەرەی دەچێتە خانەی تەنزەوە و ئەوەی کە چۆن ڕەسوول نادری ویستوویەتی لەو هونەرە بە قازانجی خەڵک و کۆمەڵگەکەی کەلک وەربگرێ. بەڵام لە پێشدا بە کورتیش بێ با بزانین هونەری تەنزی زارەکی چییە؟

تەنزی زارەکی ئەو تەنزەیە کە هونەرمەند بە شێوەی زارەکی دەری دەبڕێ و بابەتەکانی ناباتە سەر کاغەز و نانووسرێنەوە. بەڵام لە ئەدەبیاتی ڕۆژانەی خەڵکدا جێی خۆیان دەکەنەوە و جاری وایە زار بە زار، ناوچە بە ناوچە خەڵک بۆ یەکتری دەگێڕنەوە و تەنانەت جاری وایە ئەوەندە کاریگەرییان دەبێ کە دەبنە بەشێک لە فەرهەنگی گوتنەوەی خەڵک. ئەوە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە تەنزی زارەکی توانایەکی زۆری هەیە کە دەتوانێ بۆ ماوەیەکی زەمەنی دوورودرێژ لە نێو توێژەکانی کۆمەڵگەدا جێی خۆی بکاتەوە.

تەنز لە پێناسەیەکی کورتدا یانی دەربڕینی هونەرمەندان و ڕەخنەگران لەو ڕووداوانەی کە ناخی کۆمەڵگە دەهەژێنن و یا لە قۆناغێک لە ژیانی ئەو کۆمەڵگەیە زیانی پێ دەگەیەنێ. جا ئەو زیان گەیاندنە لە لایەن تاکی کۆمەڵگە و یا لە لایەن دەسەڵاتەوە بێ بۆ هونەرمەند هیچ فەرق ناکا و ئەو لە ڕێگای تەنزەوە ناڕەزایەتیی خۆی دەردەبڕێ و کۆمەڵگە ئەگەر لێی تێ بگەن، وشیار دەکاتەوە. هونەرمەندی تەنزی زارەکی هەر وەکی هونەرمەندانی دیکەی تەنز (شاعیر، کاریکاتۆریست و ...) لە ئاست داب و نەریتە ناشیرینەکانی نێو کۆمەڵگە بێدەنگ نابێ و هونەرمەندانە لە ڕێگای هونەرەکەیەوە ئەو بابەتانە بە جۆرێک دەخاتە بەر ڕەخنە و گازندە، کە بیسەر لە قۆناغی یەکەمدا کە دەیبیستێ پێی شادمان دەبێ و بەکەیفی خۆی پێدەکەنێ و بەڵام لە دواییدا بۆی ڕوون دەبێتەوە کە هونەرمەند مەبەستی لەو دەربڕینە چییە!

هەر وەک لە سەرەتای بابەتەکە باسمان کرد ڕەسوول نادری یەکێک لەو هونەرمەندانە بوو کە لە ماوەی تەمەنی هونەریی خۆیدا بە زمانی تەنز لە قاڵبی نەقڵ و نەزیلەدا، بابەتە دزێوەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری و تەنانەت جارجاریش سادەڕوانینی خستووەتە بەر ڕەخنە و گازندەی خۆی کە هەق وابوو لەلایەن کەسانی بە توانا و خاوەن قەڵەمی ئەدەبییەوە لانی کەم لە دوای مەرگی ئەو هونەرمەندە، کارە هونەرییەکانی کەوتبانە بەرباس و لێکدانەوە بۆ دەوڵەمەند کردنی زمانی کوردی لە لایەک و ڕێزدانان بۆ هونەرمەندان کە لە ماوەی تەمەنی هونەری خۆیاندا خزمەت بە زمان و فەرهەنگی کوردی دەکەن و، ئەو ڕێزدانانە لەمێژ ساڵە لە نێو نەتەوەکانی دیکە جێ کەوتووە.

ڕەسوول نادری خوێندەواری نەبوو و نەیدەتوانی بەرهەمی هونەرمەندانی دیکە بخوێنێتەوە، بەڵکوو تەنیا گوێی دەگرت و هەوڵی دەدا ئەو هونەرە کە لە نێو زۆرینەی خەڵکی کوردستاندا باوە بڕەوی پێ بدا و دەوڵەمەندی بکا. ئەگەر چاو بە کارنامەی ئەو هونەرمەندەدا دەخشێنین، دەبینین پرە لە بەرهەمی هونەریی ڕەسەنی کوردی کە بە خاترجەمی ئەگەر ئەو بەرهەمە هونەرییانە لە نێو کوردستانی پارچە کراودا نەبوایە بێشک دەبوون بە شاکاری هونەری زارەکی. ڕەسوول نادری بێجگە لەوە هەوڵی دەدا لە ڕێگای نەقڵەکانیەوە دابونەریتی دزێوی کۆمەڵگە بخاتە بەر ڕەخنە و گازندەی خۆی و، تەنانەت بە سەر دەسەڵات وحوکمڕانیشەوە نەدەچوو و، کوردبوون و هەستی کوردایەتیی خۆی نەدەشاردەوە؛ هەر بۆیە لەگەڵ چەخماخەی خەباتی چەکداریی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ی هەتاوی خەباتگێڕانی دێموکرات، ڕەسوول نادریش دەکەوێتە زیندان وماوەی سێ ساڵ لە زیندانی ڕێژیمی پاشایەتیدا حەبس دەکرێ. لە دوای ئازادبوونی لە زیندان ناگەڕێتەوە گوند و لە شاری مەهاباد نێشتەجێ دەبێ و لەوە بەدواوە ڕەسوول نادری زیاتر و زیاتر لە هونەردا دەردەکەوێ.

نەقڵەکانی ڕەسوول نادری کە گوێیان لێ دەگری، لەگەڵ ئەوەدا لە قاڵبی گاڵتەوگەپ دان و بیسەر بە بیستنیان پێدەکەنێ بەڵام لە ڕاستیدا هەڵقوڵاوی پرسەکانی ناخی کۆمەڵگەن و هونەرمەند لە ڕێگای ئەو نەقڵانەوە ناهاوسەنگیی نێو کۆمەڵگە لە نێوان ئاغا و ڕەعیەت، دەوڵەمەند و هەژار، مەلا و خوێندەوار و نەخوێندەوار، گەندەڵیی کاربەدەستانی دەوڵەتی و نیاز و حەوجێی خەڵکی بێدەرەتان و، خۆشەویستیی کچ وکوڕ و دابونەریتی کۆمەڵگە و دەیان بابەتی دیکەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک لە نێوئاخنی تەنزی زارەکیدا دێنێتە بەرباس. بۆ نموونە کاتێک لە سەردەمی شادا لە زیناندا دەبێ، لە نەقڵێکدا ئاوا باس لە گەندەڵیی دەزگای ئەمنییەتی، واتا ژاندەرمەری دەکا و دەڵێ: «زیندانییەکانیان کۆ کردبۆوە و کابرای ئەفسەر پرسیاری دەکرد کێ خزمەتی نیزامی پاشایەتی کردووە و هەرکەس بۆ ڕزگاریی خۆی شتێکی باس دەکرد. نۆرە گەیشتە من و هیچم نەبوو بیڵێم، هەر بۆیە گوتم منیش خزمەتی نیزامی پاشایەتیم کردووە و جارێکیان بارگینی ژاندەرمەیەکم ئاو داوە.» یان لە بەیتی پیرۆتدا باس لە دڕندەیی ژاندەرمە دەکا، ئەوکات کە پیرۆت لە باشووری کوردستانەوە گەڕاوەتەوە و لە پشتی ئاوایی «گەرۆڕ» ناوچەی «نەڵێن»ی ڕەبەت خۆی مەڵاس داوە هەتا ئێوارە دابێ و بچێتە نێو ئاوایی، بەڵام دەبینێ مانگا و گوێلکی خەڵکی لە نێو ڕەپستەی ماڵە خاڵی دان و ئەویش پێی ناخۆش دەبێ و بە تفەنگی دەستی دوو فیشەکان بە گاڕانەکەوە دەنێ کە خاڵی هاوار دەکا و دەڵێ: پیرۆت تەقەی مەکە، حەجەمۆکە پێ بزانن قەستی سەرە...

بە کورتی دەتوانین بڵێین ڕەسوول نادری هەر بە تەنیا گۆرانیبێژ و قسەخۆش نەبوو، بەڵکوو ڕەخنەگرێکی گەورەی کۆمەڵایەتی لە سەردەمی خۆیدا بوو. بێجگە لەوە هەر لە ڕێگای ئەو هونەرەوە خزمەتی زۆری زمانی پاراوی کوردی کردووە، لە پاڵ ئەوەدا هەستی نەتەوایەتیی خۆی نەشاردۆتەوە کە ئەو بابەتە لە گۆرانی و نەقڵەکانیدا بەڕوونی خۆیان دەردەخەن. لەو کاتەدا کە کۆماری ئیسلامی لە ئێرانی دوای ڕێژیمی پاشایەتی، دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت و شەڕی بە سەر کوردستاندا سەپاند، ڕەسوول نادریش وەک زۆربەی خەڵکی کوردستان بێبەش نەبوو لەو نەهامەتییانەی بەسەر خەڵکی کورستاندا هات و ئەویش بە هونەرەکەی خۆی هەتا ئەو جێگایە مەجالی هەبوو بەشداریی دەکرد، لەو دیفاع و بەربەرەکانییە کە هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان بۆ مانی خۆیان دەیانکرد. ئەوەتا لەو گۆرانییەدا لەژێر ناوی «ئای بژی حیزبی دێموکرات» باس لە ئازایەتیی پێشمەرگە لە هەموو ناوچەکانی کوردستان دەکا و لەو ڕێگایەوە دەیهەوێ هەستی بەربەرەکانی و دیفاع لە بەرامبەر دوژمنێکی تینوو بە خوێن لە نێو گەنج و لاوەکانی کوردستاندا بەهێز بکا و ڕوو لە خەڵک دەکا و دەڵێ ئەگەر ئازادیتان دەوێ دەبێ ئیتیحاد و یەکیەتیتان هەبێ:

بژی هێزی پێشمەرگە
دوژمن نەسیبی مەرگە
تێکۆشن بە دڵ و بە گیان
پێشمەرگە زۆر بە جەرگە

ئازادییە و ئازادی
میللەت ئازادی دەوێ
ئیتیحاد و یەکیەتی
دەبا میللەت سەرکەوێ

بە دوای ئەوەدا کە دەسەڵاتی نیزامی کۆماری ئیسلامی بە سەر کوردستاندا زاڵ دەبێ ڕەسوول نادری دەبردرێتە زیندانی ئیتلاعاتی مەهاباد و لەگەڵ چەند کەسی دیکەی هاوشاریی خۆی بە تاوانی! هاوکاریکردنی حیزبی دێموکرات و پێشمەرگە بۆ ماوەیەک زیندانی دەکرێ، بەڵام کە لە زیندان دێتەدەر باسی زیندانیکردنی خۆی و شێوەی ڕەفتاری زیندانەوان دەکاتە نەقڵێکی تەنز و بەئاشکرا و بێترس دەگێڕێتەوە کە چۆن بە گوتنی بەهارە پاسدارەکانی تووشی سڵەوات لێدان کردووە:

ئای لە بەهاری ئەوساڵ
بەهارێکی پڕ نوورە
بەهار وڵاتی داگرت
پڕ بوو لە گوڵاڵە سوورە
بەفر کەوتە بناران
زانی بەهار مەئموورە
مزگێنی بێ لە برادەران
دەڵێن ئەوڕۆ بەهارە

یا چۆن پێشنوێژیی بۆ کردوون و لەو نەقڵەدا دیهەوێ بڵێ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی فڕی بە سەر ئەو دینەوە نییە کە موسوڵمانی ڕاستەقینە ئیمانی پێیەتی، دەنا چۆن پێشنوێژیی خۆیان بە کابرایەکی گۆرانیبێژی زیندانی دەکەن. یا لەمەڕ خۆفرۆش و جاشەکان هەتا هەلی بۆ هەڵکەوتبێ بە نەقڵ و نەزیلە و تەوسان هێرشی بۆ کردوون و وەبیری هێناونەوە کە پشت لە نەتەوە و نیشتمانی خۆتان مەکەن چونکە ئاکامەکەی شکان و سەرشۆڕییە. ئەوەتا لە نەقڵێکدا دەگێڕێتەوە و دەڵێ لە نێو بازاڕی مەهاباد تووشی چەند جاش بووم و دوای پێکەوە ڕاوەستان گوتیان چی نوێت بۆ ساز کردووین؟ لە وەڵامدا ڕەسوول نادری دەڵێ: هیچی نوێم نییە، بەڵام جاشەکان دەستبەرداری نابن و ئەویش دەڵێ مادام وایە گوێم بۆ بگرن:

چاوم بەجاشان کەوت
دەستم لە خۆ فڕێ دا
یەکی پیریان لەگەڵ بوو
خەریک بوو لوشکەم لێدا
کڵاوێک جۆم بۆ ڕاگرت
ئەگەر ئاوڕێکی لێدا
تەواو خۆی بۆ نەگیرا
تفەنگەکەی فڕێ دا
بۆ دەبن بە جاش قوربەسەر
زۆر گەورەبن دەبن بە کەر

ڕەسوول نادری لەو هەڵوێستانەی بەردەوام بوو و تەنانەت ئەو کاتانەی ڕووی لە هەرێمی کوردستان دەکرد، هەرچۆنێک بوایە سەری لە حیزبەکەی خۆی، حیزبی دێموکرات دەدا و تەنانەت جارێکیان وەک سورپرایزێک لە ڕێوڕەسمێکی حیزبی لە قەڵای دێموکرات و لە کێبەرکێی تیمەکانی هونەری هەڵپەڕکێی هێزەکانی پێشمەرگەدا بەشداری کرد و، هەر لەو ڕێوڕەسمەدا جارێکی دیکە ئەو کۆپلە هونەرییەی بژی حیزبی دێموکراتی گووتەوە؛ کە بوو بە مایەی خۆشحاڵیی سەدان کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات کە بەشداری ڕێوڕەسمەکە بوون.

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوەندە بڵێم ئەو نووسینە تەنیا وەفایەکە بۆ کەسێک کە لەگەڵ ئەوەدا خوێندەواری نەبوو، بەڵام خاوەنی بەهرەیەکی هونەریی ئەوەندە بەهێز بوو، کە لە سەردەمانێکدا کە تەلەڤیزیۆن وئینترنێت نەبوو لە زۆربەی ماڵەکانی کوردستان شریتی گۆرانی و بەیت و حەیران و نەقڵەکانی ڕەسوول نادری دەستاودەستی پێدەکرا. ئەو هونەرمەندە لەو سەردەمەدا، توانیبووی بە هونەرەکەی خۆی لاینگرانی لە کوردستان سەرگەرم بکا و لە هەمان حاڵدا بە زمانی تەنز کەموکورتییەکانی نێو کۆمەڵگەی خۆی بێنێتە بەرباس و هەر ئەوە وای کردبوو کە ڕەسوول نادری خۆشەویستی خەڵکی کوردستان بێ.

کۆچ و کۆچ

هەردی سەلیمی

ئێوارێیە و وڵات تاریک و بێدەنگ، دەرگا ئاوەڵایە و ئەوە بە هەڵکەوتێکی باش دەبینێ. پاش قوتەقوت کردنێک و سەر سووڕاندن بە دەوری خۆیدا کە دڵنیا بوو کەس ئاگای لێ نییە، دەچێتە ژوورێ. چاوێک لە سەرێ دەکا گڵۆپی سەر دەرگاکە دایسێ، وردەوردە ڕێگە دەبڕێ. هەمان ڕێگایە کەوا پێشووتریش نەک جارێک و دووان، بەڵکوو بە سەدان و بگرە هەزاران جار بست بە بستی ئەو عەرزەی بە لاقی خۆی پێواوە. بە ئەسپایی و بێ خشپە دەرگا پێوە دەدا و بە سەری پەنجە هێدی هێدی بە سەر ١٠_١٢ پێپلیکاندا وەسەر دەکەوێ. پێپلیکانێک ماوە، لەپڕ خەیاڵێک بە دڵ و مێشکیدا دێ و هەستێکی نامۆ هەموو لەشی دادەگرێ. بە ورتەیەکی کپ لەوانە وا مرۆڤ هێزی دەم هەڵپچڕینی نییە و تەنیا دەنگ و زایەڵەیەکی ناڕوون لەنێو زاردا دەنگ دەداتەوە و تەنیا بۆخۆی گوێی لێیە: «بڵێی ڕاست بێ یان هەر خەون و خەیاڵە هەمیشەییەکەیە وازم لێ ناهێنێ؟» هەر لەو کاتەدا دڵۆپێک لیک شۆڕ دەبێتەوە بە لیچیدا. وەخۆ دێتەوە. دەستبەجێ دەم و لێوی دەسڕێ و چاوێکی توند بەملاولای خۆیدا دەگێڕێ نەوەک کەسێک چاوی لێ بووبێ. ئەوە دەیهێنێتەوە سەر وشیاریی خۆی و دەزانێ کە ڕاستە و وەبیری دێتەوە کە لەگەڵ هاوڕێکەی ١٠ خولەک لەوەپێش لێک جیا بوونەتەوە و بڕیاریان داوە تولحی بەیانی لە لای «دارەتووەکە»، یەکتر بگرنەوە. بیروهرز و هەموو فکروزکری لەلای چۆنیەتیی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ بنەماڵەکەیەتی. دایک و باوکێک کە لە ڕەشیی دووریی ئەمێک، سەر و ڕدێنیان لە سپییەتی دابوو، برایەکی چکۆلە کە نەیتوانیبوو براگەورەیی بۆ بکا. سەدان گلەیی و پرسیار و قسە و باس و تەنانەت بێدەنگییەکانیشیان پرسیاری هۆکاری ئەم ماوە بێهەوالی و دوورییە دەبوو... دەیزانی. لە ئاکامی بیر لێکردنەوەی ئەو شتانە و تەشەنەسەندنەوەی برینی تازە کۆنبووی ئەوان و دیسانەوە بەجێ هێشتنیان دڵەخورپەیەک دایگرتبوو و هەموو ئازای بەدەنی مێروولەی دەکرد. دەرگای دالانەکە قوفڵ کرابوو و زانی کە کەس لە ماڵێ نییە، ئەوەش بووە هۆی خۆشحاڵی و هاوکات خەمباریشی. بە بەردەوامی دوو هەستی دژبەیەک لە دڵ و مێشکیدا پێک هەڵدەپڕژان. چاوی لە کەوشکەنەکە کرد، دوو سێ جووت کەوشەکۆن لەوێ داندرابوو، بە هیوای جاری جاران دەستی بردە نێو یەک لە کەوشەکانەوە و دیتی کلیلێکی تێدایە. بزەیەکی تاڵی هاتێ. ئەو کات کە منداڵ بوو و لە خوێندنگە یان کایەکردن لە دەرێ دەهاتەوە، دایکی هەمیشە کلیلێکی لە نێو کەوشێکدا بۆ بەجێ دەهێشت، بۆ ئەوەی چاوەڕوان نەمێنێتەوە؛ نەیدەزانی ئایا ئەمجارەیان کلیلەکە بۆ براکەی بووە یان دایکی هەر بە هیوای گەڕانەوەی ئەم بووە؟! وەژوور کەوت، یەکەم شت کە سەرنجی ڕاکێشا وێنە قاپکراوەکانی سەر دیوار بوو، یەک لە وێنەکان کە لەوێدا ئەم لە نێوان دایکی و بابی و برا چکۆلەکەی کە بەباوەشی دایکییەوە بوو و لە جیاتی چاوی لە دوربینەکە بێ دەستی بۆ سەری ئەم ڕاداشتبوو، بیرەوەریی ئەو ڕۆژە و ئەو ڕۆژانەی هەموو بۆ زیندوو کردەوە. وێنەکەی بە قاپەوە دەست دایە و لە کۆڵەپشتییەکەی خست و بە پەلە دوو دێڕی لە سەر لەتکە کاغەزێک نووسی و بە بزماری وێنەکەوە کە ئێستا بەتاڵ بە دیوارەکەوە مابوو، هەڵواسی و وەدەر کەوت. بە لانی کەمەوە ١٠_١٢ کاتژمێر کاتی مابوو، بەڵام لە سەر هیچ شتێک ڕانەوەستا و ملی ڕێی گرتە بەر و لە دوای سەعاتێک گەیشتە لای دارەکە. تەزوویەکی ساردی دەهات، لە قووڵکەیەکدا کە دیار بوو پێشووتریش هەر جێگا ئاور بوو، ئاورێکی کردەوە و هەتا بڕێک گەرم داهات، ئەوجار کۆڵەپشتییەکەی کردەوە و وێنەکەی دەرهێنا و تێر تێری تێی ڕاما، وەک بڵێی بۆ دواجارە چاوی لێدەکا. کیسە خەوەکەی ڕاخست و چووە نێوییەوە، وێنەکەشی لە تەنیشت ئاورەکە دانا و خەیاڵ بردی لەگەڵ خۆی... کە وە ئاگا هات ڕۆژ هەڵاتبوو و پێش لەوەی بیر لەوە بکاتەوە چ دەکا و بۆ لێرەیە و دەبێ چ بکا، دیمەنی دوو گەڵای زەردی دارەکە کە هاوکات دەستیان لە لقی دارەکە بەربۆوە و بەرەو خوارێ دەهاتن، سەرنجی ڕاکێشا. گەڵاکان لەگەڵ ئەوەی کە سووڕ دەدران هێور هێور دەهاتنە خوارێ، هەر چاوی لێ نەبڕین یەکیان شلوێ شلوێ یەکڕاست لە قووڵکە ئاورەکە کەوت و یەکیشیان خۆی هاویشتە نێو جۆگە ئاوێکی ڕوون کە بە بن دارەکەدا تێ دەپەڕی و ڕۆشت و ڕۆیشت و ڕۆیشت هەتا لە پێش چاوان ون بوو. چاوی لە قووڵکەکە کرد، دیتی گەڵاکەی دیکەشیان ڕێک وەسەر پۆلوو کەوتووە کە بەشی سووتاندنی گەڵایەک تین و گڕی تێدا مابوو. وەخۆ کەوت. زانی کە درەنگە و کاتی ئەوە نییە و هەر گونجاویش نییە لە سەر هاوڕێکەی مەحتەل بێ، خێرا شتومەکەکانی پێچاوە و کۆڵەپشتیی لە شان کرد و چەکەکەی دەست دایە و بەتوندی هەڵکشا بە قەدی شاخەکەی بەرامبەری. بە دەم ڕێ بڕینەوە ئاورێکی داوە و دیتی وێنەکەی لە قوڵکەکەدا بەجێ هێشتووە... چاوی لە ئاسۆ بڕی و هەنگاوەکانی توندتر کرد....

KURDI STAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 741 5 january 2019

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958

polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8

Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647507548621

Tashkilat.kdp92@gmail.com

سەرکەوتنی دوو لاوی داهێنەری کورد لە ئاستی ئێراندا

دوو برای قوتابیی خەڵکی یەکێک لە ئاوایییەکانی شاری دێولان لە ناوچەی سنە لە فستیڤاڵی زانستیی خارەزمی کە ساڵانە لە ئاستی ئێراندا بەڕێوە دەچێ، پلەی دوویەم و سێهەمیان وەدەستهێنا.

مێهدی و محەممەد قاسمی بە دروستکردنی دوو کەرەستەی کشتوکاڵ و تایبەت بە گوندنشینان توانییان وەکوو داهێنەرانی لاو لە فستیڤاڵی خارەزمی بناسێندرێن.

مێهدی قاسمی، قوتابی پۆلی دوویەمی هونەرستان بۆ خزمەتکردن بە باوکی لە مەڕداریدا ئامرازێکی بەناوی «یاریدەدەری شوان» دروست کردووە. ئەم کەرەستەیە بۆ پێشگرتن و گەڕاندنەوەی مەڕ لە کاتی زیانیگەیاندن بە مەزرا و مووچە و بێستانەکان بەکار دێ و دەخرێتە ملی مەڕ و لە دوورەوە کۆنترۆڵیان دەکا.

محەممەد قاسمی، کوڕێکی دیکەی ئەم بنەماڵەیەش بە دروستکردنی ماشینی چاندنی «تۆوی خەیار» کە شەش کارەیە، نازناوی داهێنەڕی لاوی فستیڤاڵی خارەزمیی ساڵی ٩٦ی وەرگرتبوو.

ئەو دوو برا داهێنەرە ڕایگەیاندوە کە ئەگەر پاڵپشتیان لێ بکرێ، دەتوانن هەلی کار بۆ زۆر کەس لە ناوچەی لەیلاخ دابین بکەن.

«بەڕووی زێڕین»ی مەریوان بە مامۆستا «خلە دەرزی» بەخشرا

ناوەندی هونەری و فەرهەنگی ڤەژین لە شاری مەریوان لە شەوی یەلدای ئەمساڵدا خەڵاتی بەڕووی زێڕینی ئەمساڵی خۆی بە بەیتبێژ و حەیرانچڕی ناوداری کورد، مامۆستا خدر قادری ناسراو بە "خلە دەرزی" بەخشی. هەر لەو ڕێوڕەسمەدا خەڵاتی ڕێزلێنان بە هاوژینەکانی دوو شەهیدی ڕێگای سەوزهیشتنەوەی نیشتمان، شەریف باجوەر و ئومێد کۆنەپۆشی پێشکەش کرا.

ناوەندی هونەری و فەرهەنگی ڤەرینی شاری مەریوان ماوەی حەوت ساڵە بۆ ڕێزگرتن لە خزمەتی چەندین ساڵەی هونەرمەندان و نووسەران و چالاکانی فەرهەنگی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان خەڵاتێکی لە ژێرناوی «بەڕووی زێڕین» دیاری کردوە.

سەرکەوتنی منداڵێکی کورد لە ئاستی جیهاندا

منداڵێکی دیکە کورد لە بواری زانست و بەهرەمەندییەوە لە ئاستی جیهاندا درەوشایەوە. ڕۆنیا حوسێنزادە، قوتابیی پۆلی چوارەمی سەرەتایی شاری بانە پلەی یەکەمی جیهانی لە بەشی «ژمێریاریی زەینی» کێبەرکێیە زانستییەکاندا وەدەستهێنا.

سەرکەوتنی ئەم کچە کوردە لە کاتێکدایە کە ماوەیەک لەمەوپێش کیژۆڵەیەکی لێهاتووی خەڵکی شاری پاوەش بە ناوی کیانا عەبدوڵڵاهیفەڕ، قوتابی پۆلی شەشی سەرەتایی و تەمەن ١١ ساڵ توانیبووی لە کێبڕکێیەکی لێکدانەوەی بیرکاری لە نێوان ١٠٠ قوتابیدا کە لە وڵاتی مالیزی بەڕێوەچوو، پلەی یەکەم وەدەست بهێنێ و، میدالی ئاڵتونی لە مل کرد.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە هەر ئەمساڵ کۆچەر بیرکار، لاوێکی دیکەی هەڵکەوتووی کورد خەڵاتی "فیلدزی، کە گەورەترین خەڵاتی جیهانییە لە بواری بیرکاریدا، وەدەست هێنا.

چافرۆشەکانی مەریوانیش هاتنە ڕیزی ژینگەپارێزانەوە

چافرۆشەکانی مەریوان بە شێوەی سیمبولیک و بە مەبەستی پاراستنی دارستانەکانی زاگرۆس، سەماوەرە خەڵووزییەکانی خۆیان کرد بە گوڵدان بۆ چاندنی بەڕوو، و بڕیاریان داوە سەماوەری گازی بەکار بێنن.

دوای قوڵبوونەوەی قەیرانی ژینگەی دارستانەکانی بناری زاگرۆس و دوای هەوڵ و تێکۆشانی بەرچاوی ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان، چافرۆشەکانی ئەم شارە ئامادەیی خۆیان بۆ کەڵکوەرگرتن لە گاز بۆ سەماوەرە خەڵووزییەکانیان دەربڕی.

ڕچەشکێنی ئەم هەڵمەتە «پێدرام هێجرانی». یەکێک لە چافرۆشەکانی زرێباری مەریوان بوو کە ڕۆژی سێشەممە، ٤ی بەفرانبار، بە دروشمی «نا بۆ لەنێوبردنی دارستانەکانی زاگرۆس»، سەماوەرە خەڵووزییەکەی خۆی کرد بە گوڵدانێک بۆ چاندنی بەڕوول بە دوای ئەویشدا کۆمەڵێکی دیکە لە چافرۆشەکان هاوشێوەی ئەو جووڵانەوە.

داخرانی بنکەی ئەنجومەنی ژینگەپارێزیی «وڵات» لە بۆکان

هێزە ئینتیزامییەکانی شاری بۆکان هەڵیانکوتایە دەفتەری ئەنجومەنی ژینگەپارێزیی «وڵات» و دایانخست.

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە، ١٢ی بەفرانبار لەکاتێکدا کۆبوونەوەی گشتیی ئەنجومەنی ژینگەپارێزیی وڵات بەڕێوە دەچوو، هێزەکانی بەناو «سەدی مەعبەر»ی شارەوانی و هێزە ئینتزامییەکانی بۆکان ڕژانە ئەنجومەن و دەفتەریان پێ داخستن.

هەوڵ بۆ داخستنی ئەم ئەنجومەنە ماوەی مانگێک بوو دەستی پێکردبوو، ئەوەش لە کاتێکدا کە لە دوای ئەم گوشارانە، کەمپەینێکی بەربڵاو لە ئاستی کوردستاندا بۆ پاڵپشتی لەو ڕێکخراوەیە وەڕێ خرابوو.

بەر لە ماڵاوایی

ژنان لە نێو نووسیندا چەندە ڕەهان؟

کوێستان عومەرزادە

ئەگەر بە هەڵسەنگاندنێکی وردبینانەوە بچینە نێو ئەو باسەوە، بەبێ ئەوەی ترسمان لە دەربڕین و دەرەنجامی باسکردنی ڕاستییەکان بێ، ڕەنگە بە ئەنجامێکی باش بگەین کە ئاخۆ ئێمە وەکوو ژن کاتێک لە هەر کام لە ژانرە ئەدەبییەکاندا یا خود باسە سیاسییەکاندا دەنووسین، چەندە هەست بە ڕەهابوون یاخود خۆ دۆزینەوە یان خۆبوون لە نێو دەقەکاندا دەکەین. ئەگەر بگەڕێینەوە نێو مێژوو چاوێک لە ئەدەبیاتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بکەین هەمان دیاردە بەدی دەکرێ بۆیە زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەو بابەتە سەرنج بدەینە شێوازی سەرکەوتنی ژنانی وڵاتانی پێشکەوتوو لەمەڕ خۆدەربڕین و خۆدامالینیان لە هەر چەشنە سنوور و ئاستەنگێک. سروشتییە مرۆڤ لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بژی، زیاتر شارەزایی لەمەڕ کولتوور و دابونەریتییەوە هەیە، بۆیە ئێمەش بەدوادا چوون و لێکۆڵینەوەکانمان زیاتر لەسەر کۆمەڵگەی خۆمان بووە.

بە باوەڕی من ژنانی ئێمە کەم و زۆر هەمیشە کێشەیان بۆ دێتە پێش لە دەرەنجامی دەربڕین لە نووسینەکانیاندا، ژنان نەیانتوانیوە بە هۆی ئەو دابونەریت و نۆرمە کۆمەڵایەتییانەی هەن، خۆیان بن و لەنووسیندا خۆیان ڕەها کەن. بۆنموونە ئەگەر چاوێک بگێڕین بە مێژووی نووسینی ژنانی وڵاتی بریتانیا پێش سەدەی ١٩ ژنانێکی زۆر بوێر و باوەڕبەخۆ کە دەیاننووسی بەو پێیە کە نووسینی ژنان وەک پێویست لە لایەن کۆمەڵگەوە وەرنەدەگیرا، نە تەنیا لە میدیادا بەڵکوو لە گۆڤار و چاپەمەنییەکاندا بەشێکی زۆر لە ژنانی نووسەری ئەو کات بە ناوی پیاوانەوە بابەتەکانیان چاپ دەکرد و بڵاو دەکرایەوە، یاخود پێشەکیی کتێب و نامیلکەکانیان لە لایەن پیاوانەوە دەنووسران لەبەر ئەوەی وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد، نووسین لە لایان ژنانەوە زۆر باو نەبوو و نووسین لەلایەن ژنانەوە بە کولتوور و فەرهەنگی ئەو کۆمەڵگەیە زۆر نامۆ بوو. بۆیە ژنان ناچار بوون ئەو کات کە نووسراوەکانیان بە ناوی پیاوانەوە بڵاو بکەنەوە، تاکوو هەم لە کۆمەڵگەدا باش وەرگیرێن و هەم ڕێگە بدرێ بۆیان چاپ بکرێ. بەڵام دوای سەر هەڵدانی بزووتنەوەی فێمینیستی و شەپۆلەکانی ئەم بزووتنەوەیە خوێندنەوە و تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ ژنان گۆڕدرا، نووسینی ژنان و ژنانی نووسەر ئەو کات چووە قۆناغێکی نوێوە. کەوابوو بە پێی سەردەم و ئەو گۆڕانکارییانە لە کۆمەڵگەدا درووست دەبێ، دەتوانێ تەئسیر و گۆڕانی لەسەر ژنانی نووسەر و ڕووناکبیر هەبێ.

ئەگەر باس لە نووسینی ژنان لە ئێستادا بکەین کە ئایا ژنان چەندە ڕەهان لەو پەیامەی کە دەیانهەوێ بیگەیەنن، ڕەنگە هەر یەکە و لە سووچێک و بە تێڕوانینی خۆی، لەسەر ئەم باسە بدوێ. بە باوەڕی من نووسینی ژنان ئێستاشی لەگەڵدا بێ هەمیشە پڕ لە دیقەت و ترسێکی یەکجار زۆرە.

نووسین لەهەر لایەنێک بێ دەبێ ڕەها بێ جا چ سیاسی یاخود ئەدەبی، بەڵام زۆر بە ڕاشکاوانە دەڵێم ئێمە وەکوو ژن تا ئێستاش بە گشتی نەمانتوانیوە خۆمان لەو چەقبەستوویە ڕزگار بکەین. لە وتارە سیاسییەکاندا کاتێ قەڵەمی ژنێک دەبینی وێنەیەک بەدی دەکەی کە بە دیقەتێکی پڕ لە ترسەوە دەدوێ واتا ترس لە چاوی ڕەخنە و ترس لە جێگە پێ لەنگبوونی ئەگەر لە حیزبێکی سیاسیدا بێ.

من پێم وایە نووسین کە ڕەها بوو کاڵ و کرچی و ناکاملی پێوە دیار نابێ و دەتوانێ تەعبیر لە ژانی تۆ بکا، ئەویش کاتێک دەبێ کە زەمینە بەرفراوان بێ کەرەستەت زۆر بێ لە نووسیندا و دیدگا و خوێندنەوە و تێڕوانینی دوور بپێکێ، کە لەو خاڵەدا بەداخەوە ئێمەی ژنان زۆر جار کەمی دێنین. ئەوەش نەک بەو مانایەی کە ناتوانین، بەڵکوو لە بەرامبەر ئەو کولتووری نووسینەی بەسەرماندا فەرز کراوە، هەرچەندە زۆر جار هەوڵ دەدەین کە تەسلیم نەبین. من پێم وایە نووسین بەو کەرەستە و خەیاڵ و بۆچوونانەوە قەد دەگرێ کە لای تۆیە وەکوو نووسەر ئەگەر تۆش ترست بوو لە بەکار هێنان و هۆنینەوەیان ترس و خۆفێکت لا درووست بوو نەتتوانی بۆچوونی خۆت لە دەقێکدا بە ڕەهایی دابڕێژی و بیگەیەنی کەواتە نەتتوانیوە خۆت بی، کاتێک ناتوانی خۆت بی کەواتە نووسینەکەی تۆ ئامانجی تۆی نەپێکاوە.

بەداخەوە کولتوور و فەرهەنگ و دابونەریت، ئایین و هەموو ئەوانە تەئسیریان هەبووە لە هەست و بەیانکردنی ژنان و نووسینی ژنان.

ڕەهابوون لە نووکی قەڵەمە، ڕەهابوون لە فیکر و خەیاڵە کە دەتوانێ مەبەست و ئامانجەکانی تۆ بپێکێ، ئەگەر تۆ وەک خۆت لە بەرفراوانکردنی خەیاڵەکانت ترست بوو لە بەکارهێنانی کەرەستەکانی نووسین بە پارێزەوە گوڵبژێرت کرد ئەوە تۆی کە زوڵمت لە خۆت کردووە، دەبێ مرۆڤ وا بنوێنێ کە من کەسێکی ڕەهام و لە نووسیندا ڕەهاتر لەوەی کە خۆم دەمهەوێ، نابێ نووسینەکان و خوێندنەوەکانی تۆ بە پێی شوێنی ستراتیژ و کولتووری بێ بەڵکوو دەبێ بەپێی فیکری تۆ بێ کە چیت.

ڕەهابوون باوەڕ بە خۆبوونێکی بەهێزی دەوێ، ڕەنگە زۆر کەس پێی وا نەبێ ژنان زەعفی لە باوەڕبەخۆبوون لە بەیانکردن و دەربڕینی هەستەکانیاندا هەیە ئێمەی ژن بەبێ ترس و بەبێ خۆف و بە ئازادی لە دایک بووین، هەر وەک (سیمۆن دۆبووار) لە کتێبی ڕەگەزی دووهەمدا باسی کردووە کە هیچ شتێک لەگەڵماندا لە دایک نەبووە، بەڵکوو ئەوە کۆمەڵگە و کولتوور و هەلومەرجی جوغرافییە ئێمە دەکا بە ژن و هەست و خەیاڵمان موتوربە دەکا.

ژنانی نووسەر بۆ خۆ دۆزینەوە زیاتر لەو مەیدانە دەبێ بوێرتر و ئازایانەتر بە قەڵەمەکانیان ژان و زامەکان بنووسنەوە لە بەکارهێنانی هیچ خەیاڵ و فیکر و کەرەستەیەک سڵ نەکەن، هەستی خۆیان چۆن ئارام دەگرێ و پەیامی خۆیان بە چ شێواز و میتۆدێک گوڵ دەگرێ دەبێ ئەوە بن.